# تەونێک لە شیعر و وشە

مەحمود نەجمەدین

کەرکوک - ٢٠١١



لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ
بورهان ئەحمەد
حەمە سەعید زەنگنە
سەباح ئیسماعیل

ناوی کتێب: تەونێک لە شیعر و وشە
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
نووسەر: مەحمود نەجمەدین
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک ژمارە (١١٠)
سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد شێخانی
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم- ٢٠١١

ناواخن


پێشەکی .................................................................................. ٥
بەشی یەکەم: ڕۆمانی تاکسی... حیکایەتی شۆفێرە تووڕەکان ............................٧
باڵەخانەی یاقوبیان... دەسەڵاتێکی گەندەڵ و کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست ..................١١
ڕۆمانی شیکاگۆ. . . شەڕی کەلتوورەکان ..................................................١٨
ڕۆمانی مرۆڤێك ناوی لە ناواندا نییە شەهید لە زاکیرەی جەزایرییەکاندا ..................٢١
سێکس و سیاسەت.. گەشتێکی ژەهراوی بەئەفریقادا ..........................................٣١
ڕۆمانی شەماعیە، وڵاتێك وەك دۆزەخ .......................................................٣٩
بەشی دووەم:ڕۆمانی پێنجەمین کتێب ..........................................................٤٦
تەونێك لە شیعر و وشە ............................................................................٥٠
ڕۆمانی ٩٩ فرانك... ململانێی بازاڕ و سەردەمی مەرگ ............................ ٥٤
ڕۆمانی قوم جۆلای... حیکایەتی ململانێی ڕەش وسپی ...................................٦١
ڕۆمانی مصائر الغبار مەرگ لە شەقامەکانی بەیرووتدا ............................ ٦٥
ڕۆمانی الرحیل... چیرۆکی ململانێ کەلتوورییەکان ........................................٧٣
ڕۆمانی... رمادها من نهدات الحریق...بەیرووت وەك دۆزەخ دەسووتێ ......................٧٧
ڕانانێك بۆ چیرۆکی هاوچەرخی عێراقی .........................................................٨٣
لەنێوان ژیان و مردندا... چیرۆکەکانی عەشق و جەنگ و مۆسیقا ............................١٠٢
هەڵهاتن لە مرۆڤ، گەڕانەوە بۆ نێو خود ..........................................................١٢١
بەشی سێیەم: مەحمود بریکان... ئەفرێنەری پرسیاری فەلسەفی لە شیعردا ................١٢٩
یەشار کەمال ... کوردێك ئەدەبی تورکی دەوڵەمەند کرد ..................................١٣٤
ئیتیل عەدنان... شیعرێك لە شەقامەکانی بەیرووتدا ..........................................١٣٩
غائیب توعمە فەرمان ... لە میسرەوە بۆ مۆسکۆ ............................................١٤٣
نیرۆدا لە نێوان سیاسەت و ئەدەبدا ..........................................................١٤٧

## پێشەکی

ئەم کتێبەی لەبەردیدەی ئێوەی خوێنەراندایە کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبییە، کە لە رابردوودا لە بڵاوکراوەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە، کۆی ئەم نووسییانەم لە سێ بەشدا کۆکردووەتەوە، بەشی یەکەم شەش بابەتە لە بارەی ئەو رۆمانانەم نووسیون، کە نووسەر و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل وەریگێڕاون، لەوانە: رۆمانی شەمامیە، تاکسی، شیکاگۆ، وەرزی کۆچ بەرەو باکور، باڵەخانەی یاقووبیان، مرۆڤێك ناوی لەناواندا نییە، ئەوەی هاندەرم بوو بۆ نووسین لەبارەی وەرگێڕانەکانی سەباح ئیسماعیل و پاشان کۆکردنەوەیان لەکتێبێکدا سەلیقە و زیرەکیی سەباحە لە وەرگێڕاندا، چێژی زمان و ئەو بەکوردی کردنە وایان لێ کردم، کە لە پرۆژەیەکی وەهادا جێگای ئەو نووسینانە بکەمەوە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە لە دە بابەت پێکدێت، لە بارەی چەند کتێبێکەوە نووسیومن و لەوانە خوێندنەوە بۆچوار رۆمانی هاروکی مۆراکامی و رۆمانی پێنج کتێبی جەبار جەمال غەریب و رۆمانی ٩٩ فرانکی فریدریك بیگبیدیر و رۆمانی قوم جولای نادین غوردیمیر و مصائر الغباری راوی حاج و دیوانی تەونی شێرکۆ بێکەس و دیوانی ئەو رۆژەی من دەمرم.

. . . . بەشی سێیەمی ئەم کتێبەش پێنج بابەتی جیاوازە لە بارەی ئەزموونی شیعریی شاعیری عێراقی مەحمود بریکان و رۆماننووس و



وێنەکێشی لوبنانی ئیتیل عەدنان و یەشارکەمال و غائب توعمە فەرمان و پاپلۆ نیرۆدا، کۆی ئەم نووسینانەم لە رۆژنامەکاندا بڵاوکردوونەتەوە، ئێستاش لەدوو توێی ئەم کتێبەدا کۆم کردوونەتەوە.

مەحمود نەجمەدین

## بەشی یەکەم

## ڕۆمانی تاکسی
## حیکایەتی شۆفێرە تووڕەکان

ڕۆمانی تاکسی دوا وەرگێڕانی سەباح ئیسماعیلە، ئەم ڕۆمانە لەنووسینی خالید ئەلخەمیسیە، کە نەوەی شەستەکانی میسرە و دایکی بە ڕەچەڵەك کوردە، جگە لە ڕۆمان کاری سینەماییشی کردووە، وێڕای ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی دیکەی هەیە بەناوی "کەشتییەکەی نوح"، سەباح جارێکی تر بەم وەرگێڕانە جوانەی چێژی خوێندنەوەمان پێدەبەخشێ، وەرگێڕانی سەباح لە ئاستێکی هێندە بەرزدایە، کە هەر بە زمانەکەی خوێنەر تێر دەبێت، سەباح ئیسماعیل ساڵانێکە لە فەوزای نووسین و وەرگێڕاندا بەبێ دەنگی و بە هێمنی کاری خۆی دەکات و هەرجارە ڕۆمانێك و ڕۆماننووسێکمان پێدەناسێنێ، لە وەرزی کۆچ بەرەو باکوری ئەلتەیب ساڵح و درێژترین ساڵی زوهدی داودیەوە تا شیکاگۆ و باڵەخانەی یاقووبیانی ئەسوانی و مرۆڤێك ناوی لەناواندا نییەی واسینی ئەلئەعرەج و شەماعییەی عەبدولستار ناسر.

تاکسی کە دوا وەرگێڕانی سەباحە حیکایەتی شۆفێری تاکسییەکانی میسرە، چیرۆکەکانی تاکسی لە ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٦ روویان داوە، نووسەر لە شێوەی کۆمەڵێك دیداردا شۆفێری تاکسییەکانی دواندوون، تەواوی بەشەکانی ئەم ڕۆمانە بەدیالۆگ دەچێتە نێو ژیانی میسرییەکانەوە،



چیرۆکی نەبوونی و هەژاری و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەخۆشییەکان دەگێڕێتەوە و بۆچوونی شۆفێرەکان لەبارەی سیاسەت و ئیسلام و ژیانی میسر و دەسەڵاتەوە وەردەگرێت، هاوکات لەگەڵ ئەو ڕووداوانەدا باس لە کەسایەتییە ناودارەکان و فیلمەکانەوە دەکات، لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بۆ وەسفکردنی روخساری شۆفێرێکی پیر بەراوردی دەکات بەپەیکەرەکانی مەحمود موختار، شۆفێرێکی پیر کە هەژاری ناچاری کردووە تا ئەو تەمە نەکار بکات، نووسەر روخسارە چرچەکەی بە پەیکەرەکانی موختار دەشوبهێنێ، مەحمود موختار پەیکەرتاشێکی میسریە و بەیەکێ لە هونەرمەندە نێودارەکانی میسر دادەنرێت و پێشەوای بزاوتی هونەری مۆدێرنە و لەسەر ئاستی ئەوروپاش وەك هونەرمەندێکی ناودار ئەژمار دەکرێت و لەپاریس چەندین پێشەنگای کردووەتەوە و خاوەنی پەیکەری نهضة مصرية و پەیکەری بۆ سەعد زەغلول و مستەفا کامل و. . . . موختار هونەرمەندی شۆڕشە، ئەلخەمیسی کاتێك ناوی موختار دەهێنێت هەم وەك پەیکەرتاشێکی نێودار و بلیمەتی میسری و هەم وەك وەسفێك بۆ روخساری شۆفێرە پیرەکە، ئەلخەمیسی هەر لەم بەرهەمەدا باس لە بزووتنەوەی کیفایە دەکات وەك بزووتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆن، کە لە ساڵی ٢٠٠٤دا لە میسر دروست بووە و زۆربەی ڕۆشنبیرەکانی میسر لەو بزووتنەوەیەدا بوون، کیفایە لە پێناوی گۆڕانکاری لەدەسەڵاتی میسردا چەندین ڕێپێوانی ناڕەزاییان ئەنجامدا، نووسەر لەگەڵ باسی ناڕەزایی و گلەیی شۆفێرەکان باس لەو بزووتنەوەیە دەکات، کە چۆن بەگژ دەسەڵاتدا دەچوون، ئەلخەمیسی لەکۆی ئەم ڕۆمانەدا وێنەی کەشێکی ناهەموار و پڕ ئاژاوە و ناتەندروست دەکێشێت، لەشوێنێکی تردا باس لە فیلمێکی سەلاح چاهین دەکات وەك دەرهێنەر و شاعیر و نیگارکێشێکی شۆڕشگێڕ، لێرەوە

سەرسامیی خۆی بەفیلمێکی نیشان دەدات، هەروەها باس لە فیلمی باب الشمس دەکات کە سیناریۆی یسری نەسروڵڵا و ئەلیاس خوریە، فیلمەکە باس لە کێشەی فەلەستین دەکات، باسکردنی ئەم فیلم و کەسایەتییانە پەیوەندی بە رووداوەکانی نێو تاکسیەوە هەیە و هاوکات خولیای نووسەرە بۆ کار و بەرهەمی هونەری مەحمود موختار و سەلاح چاهین و یسری نەسروڵڵا.

تاکسی هاوشێوەی گەمییەکەی نوحی یەشار کەماله، یەشار لەگەمییەکەی نوحدا وەك دیدارێکی رۆژنامەوانی بەناوچەیەکی کوردستانی تورکیادا دەگەڕێت و باس لە ژیانی مرۆڤی کورد دەکات لەشێوەی کۆمەڵێك دیداری رۆژنامەوانیدا، ئەلخەمیسی لە تاکسیدا هەر بەو جۆرە نووسیوێتی و لە شێوەی دیداری رۆژنامەوانیدا شۆفێری تاکسییەکان دەدوێنێت وەك خۆی ناوی رۆمانی لێ نەناوە و ناوی قسە و باسی رێگەی لێناوە و دەڵێت تاکسی لەسەر بینای مقامەی عەرەبی رۆنراوە، کە شێوازێکی نوێی پەخشانە (لاپەڕە ٧ رۆمانی تاکسی).

تاکسی کۆمەڵێك وێنەی شەقامی میسریە و گوزارشت لە ئێش و ئازار و کێشەکۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی میسر دەکات، لەزۆر ویستگەدا تاکسی لە عێراقی دوای گەمارۆی ئابووری دەچێت، شۆفێرەکانی میسر و کوردستان لە کۆمەڵێ کێشەدا یەك دەگرنەوە، ئەلخەمیسی لە رێگای دیالۆگەکانەوە باس لە کێشەی قیستی تاکسی و هەژاریی شۆفێر و شەڕی شۆفێرەکان لەگەڵ نەفەرەکاندا دەکات، دیالۆگی ئەلخەمیسی لەگەڵ شۆفێرەکاندا دەچێتە نێو باس و خواسی ئیسلامی سیاسی و باسی ئەمریکا و عێراق و شەڕی عێراق و ئەمریکا و کێشەی عەرەب ئیسرائیل و مامەڵەی دەسەڵاتی میسری لە جەمال عەبدولناسرەوە تا ئەنوەر سادات و



حوسنی موبارەك. نووسەر لە تاکسیدا کۆمەڵێك بۆچوونی جیاواز کۆدەکاتەوە، هەروەها باسی کۆچ بەرەو هەندەران دەکات لای میسرییەکان، چیرۆکی خوێندکار و وانەی ئیزافی دەگێڕێتەوە، وێنەی شۆفێرە تووڕەکان دەکێشێت، چیرۆکی گەندەڵی دەگێڕێتەوە. کۆی ئەم دیالۆگانەی لە تاکسیدان گوزارشتن لە کۆمەڵێك کێشەی جۆراوجۆر، کە رووبەڕووی کۆمەڵگەی میسری بووەتەوە، کێشەئابوورییەکان و کەمتەرخەمیی دەسەڵات لە دامەزراندنی دەرچووانی کۆلێژ هۆکارن بۆ ئەوەی کە دەرچووی زانکۆ شۆفێری تاکسی بێت، خولاسە تاکسی کۆمەڵێك سکالایە، ئەرزوحاڵی تاکی میسریە لە دەسەڵات، چیرۆکی سیاسەت و کێبڕکێی سیاسی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنی کیفایە و ئیخوان موسلیمین و گرفتە سیاسییەکانی ناوچەکە و شەڕی کەنەداو، شۆفێرەکان هەندێك جار ئەوەندە بەباشی شیکاری رووداوە سیاسییەکان دەکەن، هەندێك جار سیاسەتزانەکانیش وەها شیکاری سیاسەت ناکەن.

## باڵەخانەی یاقوبیان
## دەسەڵاتێکی گەندەڵ و کۆمەڵگەیەکی ناتەندروست
## باڵەخانەیەك بۆ كڕین و فرۆشتنی جەستە

ڕۆمانی باڵەخانەی یاقوبیانی عەلا ئەسوانی بەیەکێ لەڕۆمانە نایابەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ دادەنرێ لە دونیای ئەدەبیاتی میسری و لەسەر ئاستی جیهانیش بەبەرهەمێکی گرینگ دادەنرێ و لەگەڵ ڕۆمانی شیکاگۆدا ناوبانگی عەلا ئەسوانیان بەدونیادا بڵاوکردەوە. ئەم ڕۆمانە کراوە بەفیلم و پاشان کراوە بەزنجیرە درامای تەلەفزیۆنی، هەرچی عەلا ئەسوانیی نووسەری ئەم کتێبەیە تووشی ناڕەحەتی و ئازارو ئەشکەنجە بووەتەوەو بەهۆی بەرهەمە ڕەخنە ئامێزەکانییەوە سانسۆرێکی زۆری لەسەرە، ئەم ڕۆمانە حیکایەتی ژیانی خەڵکی میسرە. حیکایەتی قوربانییە، قوربانییەکانی ناو ئەم ڕۆمانە تەها شازلی، بوسەینە، سوعاد، عەبد ڕەبە،. . هەموو ئەمانە قوربانین هەریەکە و بەجۆرێك لە جۆرەکان قوربانین. کاتێك بەهۆی هەژاری و گەندەڵییەوە تەها شازلی بەهیوای خۆی ناگات و ناتوانێ لە کۆلێژی سەربازی بخوێنێ بەناچاری ڕوو لەبوارێکی دیکەی خوێندن دەکات، لەوێوە وەك گەنجێك تێکەڵ بەبزووتنەوەیەکی ئیسلامیی توندڕەو دەبێت و هەرچی دەسەڵاتیشە لەبری نەرمی نواندن و دوورخستنەوەی لەو بزووتنەوەیە بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و ئازاری دەدەن و داری تێدەبڕن، لێرەوە تەها شازلی ڕق ئەستوورتر دەبێت و زیاتر ڕۆدەچێتە ناو ئەو بزووتنەوە تیرۆریستییە، سەرئەنجام وەك قوربانییەك ژیانی خۆی



بەخت دەکات، بوسەینەش کچێکی قوربانییە و جەستەی خۆی دەفرۆشێ تا بژێوی خێزانەکەی دابین بکات و سەرئەنجام دەچێتە باخەڵی پیرە کوڕێکەوە، بوسەینە ئەگەر هەژاری نەبایە هەرگیز خۆی بەشیاوی ئەوە نەدەزانی کە شوو بە زەکی بەگ بکات کە لە تەمەنی باوکیدایە، ئەمەش جۆرێکە لە مردن ئەگەر هەژاری نەبوایە بوسەینە و تەها شازلی خێزانیان پێکەوە دەنا، خێزانێکی تەندروست. سوعاد و کۆرپەکەی سکی قوربانین، قوربانی دەستی جەللادێکن کە حاجی عەزامە، حاجی عەزام بۆ چێژی سێکسی خۆی و دامرکاندنەوەی هەوەسی خۆی سوعاد مارە دەکات، وەك ئەوەوایە، کە بەپارە بیکڕێت چونکە مامەڵەکردنی حاجی لەگەڵ سوعاددا مامەڵەکردنی پیاوێکە لەگەڵ سۆزانییەکدا، حاجی عەزام دەبێتە هۆی دابڕانی سوعاد و کوڕەکەی و سوعادی بۆ ڕابواردنە و نایەوێت منداڵی لەسوعاد هەبێت.

عەبد ڕەبە یەکێکی دیکەیە لەقوربانییەکان و بۆ بژێوی ژیان حاتەمی ڕۆژنامەنووس کە سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکە و منداڵبازە فریوی دەدات و لەگەڵیدا ڕادەبوێرێ و بەپارە فریوی دەدات و وەك (کۆیلە) مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

ڕەزوە قوربانییەکی دیکەیە کە بیلال بۆ مەرامی سیاسی بەکاری دەهێنێ و لەو پیاوانەی مارە دەکات، کە دەیاننێرێ بۆ جیهاد. ڕەزوە وەك باوکێکی میهرەبان لە بیلال دەڕوانێت، بەڵام لەڕاستیدا ڕەزوە قوربانییە و بیلال یاری بەژیانی دەکات و لە هەر پیاوێکی مارە دەکات و پاشان ئەو پیاوە بەناوی جیهادەوە بەکوشت دەدات.

لەبەرانبەر ئەم قوربانییانەدا کۆمەڵێك جەللاد هەن: زەکی بەگ، حاتەمی ڕۆشنبیر، حاجی عەزام، شێخ بیلال، دەسەڵاتی میسری و پۆلیس و تەڵاڵ.

. هەموو ئەمانە جەللاد و خاوەن پارەی خوێنمژن، کە لەڕێگای دەسەڵات و پارەوە کۆمەڵگەیان شێواندووە و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و ئارەزووی خۆشگوزەرانی خۆیان.

لەم ڕۆمانەدا کۆمەڵێك دیمەنی جیاواز هەیە و هەر دیمەنە و تابلۆیەکە لە ناشیرین کردنی مرۆڤەکان و ئازاردانی مرۆڤەکان. دەسەڵات وەك تابلۆیەکی ناشیرین ئازاری خەڵکی دەدات و تا بینەقاقا لە گەندەڵی دایە، حاجی عەزام بەهۆی پارەوە بەشێکە لەو دەسەڵاتە و مامەڵە بەژیانی خەڵکەوە دەکات. دیمەنێکی تری ئەم ڕۆمانە دیمەنی بڵاوبوونەوەی نێربازی و رابواردنی پیاوانە لەگەڵ رەگەزی خۆی و هاوکات دیمەنی سێکسی پیاوان و ژنان دیمەنێکی تر تابلۆی ترسناکی تیرۆرە.

لێرەدا کۆمەڵگەی میسری بەهۆی گەندەڵی و هەژارییەوە بەسەر کۆمەڵێك دیمەندا دابەشبووە. یاخود باشتر بڵێم میسر دابەش بووە بەسەر کۆمەڵێك بۆچوون و ڕووداودا. بوونی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریستی هاوکات بوونی باڕ و کەبەرێ بۆ مەرامی سێکسی و رابواردن. میسر هەم وەك مەملەکەتی ئاینی دەبینرێ، هەم وەك مەملەکەتێکی فەساد، سێکس لەم ڕۆمانەدا لەزەتبەخش نییە بەڵکو ئازار دەرە. رەباب، بوسەینە، عەبد رەبە، سوعاد. . چێژ لەو سێکسە نابینن بەقەدەر ئەوەی کە ئازاریان دەدات، چونکە ئەوان بۆ بژێویی ژیان سێکس دەکەن. کەسایەتییەکی وەك زەکی دسوقی لە رێگای پارەوە چێژ لە جوانترین ژن وەردەگرێت و هاوکات گەنجانی ئەو وڵاتە لەبەر نەبوونی و هەژاری خەون بەژنەوە دەبینن و ناتوانن دڵخوازەکانی خۆیان مارە بکەن.

شوێنی ڕووداوەکان باڵەخانەی یاقوبیانە و زەمەن سەردەمی جەنگی کەنەداوە. رەوشی ژیانی خەڵکی دابەش بووە کۆمەڵێك دژی داگیرکاری



ڕۆژئاوان بۆ وڵاتانی عەرەبی ئەوانە ئیسلامییە توندڕەوەکانن، کۆمەڵێك بێ باکن لە وڵاتەکەیان و بێزاریی ژیان و هەژاری و نەبوونی کامەرانی وای لێکردوون کە نەك باوەڕیان بەپیرۆزیی خاکی عەرەبی نییە، بەڵکو بێ باکن لە وڵاتەکەی خۆشیان. بوسەینە وەك کچێکی قوربانی رقی لە میسرە و لەگەڵ زەکی دسوقیدا گفتوگۆ دەکەن و زەکی بەگ باوەڕی بەسۆزی نیشتیمان و وڵاتپەرستییە و خاوەن پارەیە و کامەرانە، هەرچی بوسەینەیە هەژار و نەبوو و غەمگینە و گرفتەکان و ژیانی نەهامەتی میسر وای لێکردووە، کە گەمەی بەسۆزو خۆشەویستی میسر دێت.

نووسەر سەرەتا بەچیرۆکە سێکسییەکان دەچێتە ناو ڕۆمانەکەوە و وردە وردە حیکایەتە تراژیدیە تاڵەکانمان بۆ باس دەکات و لەپڕێکدا دەچێتە سەر باسی مێژووی باڵەخانەی یاقوبیان و باسی دروستکردن و شێوازی دروستکردن و مێژووەکەیمان بۆ دەکات و حیکایەتی ئەو مرۆڤانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەو تەلارەدان.

عەلا ئەسوانی لەم ڕۆمانەشیدا گرینگی بەو دووفاقییە داوە کە مێشك و دڵی مرۆڤی میسری داگیرکردووە، بۆ نموونە حاجی عەزام خۆی بەکەسێکی ئیماندار دەزانێ و کاتێك شەیتانی دەبێت و ئارەزووی سێکسی هەڵدەستێ لە ترسی ئەوەی تووشی حەرام نەبێت بەحەڵاڵی سوعادی بێوەژن مارە دەکات، بەڵام بەجۆرێك مامەڵەی لەگەڵ دەکات کە ئازاردەرە، کاتێك کە حاجی عەزام مەرج بۆ سوعاد دادەنێت و لەمنداڵ بێ بەشی دەکات و منداڵەکەی سکی لەباردەبات کە منداڵی خۆشێتی بێ ئیمانی حاجی عەزاممان بۆ ڕوون دەبێتەوە، چەند دڕندانە مامەڵە لەگەڵ سوعاد دا دەکات، شێوازی مامەڵەکردنی وەك ئەوە وایە کە لەگەڵ سۆزانیدا بژی نەك ژنی خۆی. عەزام دەستی بۆ حەرام نەبرد، بەڵام ژیانی ژنێکی بەجۆرێك

شێواند كه گوناهەكەی گەورەتر له زینا، بوسەینه بەهەمان شێوه ترسی خودا و دۆزەخی له دڵدایه و هەست دەكات كارێكی باش ناكات و ناچارەو نەبوونی و هەژاری ناچاریان كردووه لەگەڵ ئەوەی هەست بەو گوناهە دەكات بەردەوامەو پەشیمان نییه لەو كارەی، عەبد رەبه بەهەمان شێوه هەست بەوه دەكات، كه گوناهبارەو ناچاره بەردەوام بێت كاتێك منداڵەكەی دەمرێت و ژنەكەی سەرزەنشتی دەكات، ئیدی هەست دەكات كه گوناهبارەو هەرچی حاتەمی رۆژنامەنووسه فێری منداڵبازی و هۆمۆسێكسواڵی بووەو ناتوانێ دەستبەرداری عەبد ببێت و بەپاره عەبد رەبه دەكرێت و سەرئەنجام عەبد رەبه بەیەك جاری خۆی لەو گوناهه رزگار دەكات و خۆی پاك دەكاتەوه، وێنەی سەرەكی ئەم رۆمانه كه عەلا ئەسوانی گرینگی زۆری پێداوه ناتەندروستی و شێوانی كۆمەڵگەیه كه هۆكاری هەموو كێشەكانه هەرچی شێوانی كۆمەڵگەیه بەهۆی گەندەڵی و هەژاری  و حوكمی كۆمەڵێك مرۆڤی خوێنمژه. حاجی عەزام لەڕێگای كەمال فولییەوه به بەرتیل دەچێته ناو دەسەڵاتی میسرەوه، كەمال فولی پێی دەڵێ هەڵبژاردن چییه پاره بدەو تەواو دڵنیابه پاشان حاجی عەزام دەسەلات بۆ بەرژەوەندیی خۆی  و بۆ بازرگانی و بۆ حەزی سێكسی بەكاردەهێنێ، حاتەمی رۆژنامەنووس كه حەزی له نێربازییه و بۆ حەزی خۆی و رابواردن لەگەڵ (عەبد رەبه)دا بەپێی دەسەڵاتی خۆی واسته بۆ عەبد رەبه دەكات، كه دەوام نەكات و بەئارەزووی خۆی مۆڵەتی سەربازی بۆ وەردەگرێ و له سزای سەربازی دەیپارێزێ، زەكی دسوقیش بەهۆی پاره و له ڕێگەی ناسینی خەڵكی دەسەڵاتدارەوه هەرچییەك بیەوێت دەیكات و لەگەڵ جوانترین كچدا رادەبوێرێ، زەكی دسوقی پیره كورێكه حەز دەكات هەر رۆژه و لەگەڵ كچێكدا رابوێرێ و هەر شەوه و له باخەڵی



كچێكدا بخەوێ كەچی بەیەك جاری لەدەوڵەت دادەبڕێ و ژیان لەگەڵ بوسەینەدا بەسەردەبات و هەرچی دەوڵەتی خوشكێتی لای پۆلیس سكاڵای لەدژ تۆمار دەكات تا لە میراتی بێ بەشی بكات و سەروەت و سامانی باوكی بۆ منداڵەكانی خۆی بمێنێتەوه. زەكی دسوقی ئەمەی پێ قبوڵ نییەو ئومێدی بەژیان هەیەو لە پیریدا بیری لەژیانی ژن و مێردایەتی كردووەتەوه و سەرەنجام لەگەڵ بوسەینەدا ژیانی ژن و مێردایەتی دروست دەكەن و ئەمەش كێشەكەی لەگەڵ دەوڵەتدا گەوره دەكات. لە سەرەتاوه بۆ كۆتا ئەم رۆمانه گوزارشته له كێشەی كۆمەڵایەتی خەڵكی میسرو ژیانی هەژارانەو شێواویی یاساو دەسەلات و مامەڵەی مرۆڤەكان و گوزارشته لە داگیركاری فیكرو ئەندێشەی مرۆڤەكان، گوزارشته له داگیركاریی جەستەی مرۆڤەكان.

خولاسە حیكایەتی كوشتنی روحی مرۆڤەكانە كوشتنی حەزو ئارەزووەكانە، هێڵێكی سەرەكی لەم رۆمانە بەریەككەوتنی دوو چینە، چینی هەژارو چینی دەوڵەمەند، هەموو ئەو كێشەو گرفتانە كە تووشی كۆمەڵگەی میسری بوون، یاخود هەموو ئەو كارەساتانەی كه لەم رۆمانەدا نووسەر باسی كردوون بەهۆی ئەو دابەشبوونەی كۆمەڵگەی میسرییە، كە بەشێكی بێ ئەندازه هەژارو دەستكورتن و بەشێكی دیكەی بێ ئەندازه دەوڵەمەندو خاوەن پارەن، چینی ناوەند نامێنێت، لێرەوه خاوەن پارەكان و دەسەڵاتداران بەئارەزووی خۆیان هەژارەكان دەچەوسێننەوه، ئەم مامەڵەیە دیمەنی مامەڵەی (كۆیله) و (سەرمایەدار) وەردەگرێت، دەرئەنجام كۆیلەكان هەندێكیان دەبن بەقوربانی و ژیان لەدەست دەدەن و تەنانەت خاوەنی جەستەی خۆیان نین، هەندێكیان پەنا دەبەنە بەر ئاژاوەگێری،

تیرۆر، یاخیگەری، کۆمەڵگەش شیرازەی تێکدەچێ و دەبێت بەکۆمەڵگەیەکی ناتەندروست.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێم لەمەڕ برای وەرگێڕو چۆنێتی وەرگێڕانەکەیەتی، دەستی برای وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل دەگوشم و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنی بۆ دەخوازم، ئەم جارەش ستایشی وەرگێڕانەکەی دەکەم، سەباح ئیسماعیل لەوەرگێڕانی رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکووردا، کە هی رۆماننووس ئەلتەیب ساڵحە بەشێوازێکی زۆر جوان و نایاب کاری کردووە، توانیوێتی چێژ بەخوێنەر ببەخشێت و لە وەرگێڕانی رۆمانی شیکاگۆی عەلا ئەسوانیدا بەهەمان شێوە و لە وەرگێڕانی ئەم رۆمانەشدا (باڵەخانەی یاقوبیان) بەهەمان ئەندازە زۆر بەجوانی وەریگێڕاوە و بەزمانێکی جوان و داهێنەرانەو بەشێوە زاری گەرمیان رۆمانەکەی وەرگێڕاوە، ئەتوانم بڵێم کورداندویەتی، بەجۆرێك وەریگێڕاوە کە بەزمانەکەی خۆی (عەرەبی) هەر ئەوەندە چێژ بەخشە، ئەوەی کەماوەتەوە بۆ وتن هیوای سەرکەوتن بۆ برای وەرگێڕو هیوای وەرگێڕانی دیکە، بۆ خزمەتی زیاتر بەکتێبخانەی کوردی.



## رۆمانی شیکاگۆ. . . شەڕی کەلتوورەکان

رۆمانی شیکاگۆ باسی خەڵکی رۆژهەڵاتی دەکات لە شیکاگۆ ژیان بەسەردەبەن، نووسەری ئەم رۆمانە عەلا ئەسوانی بەیەکێ لە نووسەرەباشەکانی جیهانی عەرەبی دادەنرێت و بەهۆی ئەو رەخنانەی کە لە رۆمانەکانیدا لە دەسەڵاتی میسری دەیگرێت فەرامۆشکراوە، لەکەناڵەکانی راگەیاندندا هیچ کارێکی بۆ ناکرێت و گرینگی بە بەرهەمەکانی نادرێت لەبەرئەوەی بەدوای خراپەکاری و گەندەڵیی دەسەڵاتی میسریدا دەگەڕێت، هەروەك لەرۆمانی شیکاگۆدا باسی ئەحمەد دەنانە دەکات، کە پیاوی دەسەڵاتی میسرییە و لە شیکاگۆش ناهێڵێ میسرییەکان بەئازادی بژین و دژی مانگرتنی قپتییەکانە و دەیەوێت کۆچبەری میسری وەسفی دەوڵەتی میسری بکەن نەك رەخنەی لێ بگرن، ئەم رۆمانە حیکایەتی عەرەبەکانی شیکاگۆیە کە چۆن لەگەڵ کەلتووری شیکاگۆدا تووشی گرفت دەبن، تاریق و شەیما دوو خوێنکاری میسرین لە شیکاگۆ دەخوێنن و دەیانەوێت وەك میسری مامەڵە بکەن هەرچی شەیمایە لە ماڵەکەی خۆیدا جلوبەرگی میسری دەپۆشێ و خواردنی میسری دروست دەکات و گوێ لە گۆرانی میسری دەگرێت و بەپێی ئاینی ئسلام مامەڵە دەکات و دواجار ئەو ئازادییەی کە لە ترسی کەس و کاری دووری خستووەتەوە تووشی حاڵەتێکی خراپی دەکات و کار دەگاتە ئەوەی کە سێکس لەگەڵ تاریقدا بکات و سەرەنجام بەحەرامی سکی لە تاریق پڕدەبێت. رەئفەت یەکێکی دیکەیە لە میسرییە کۆچبەرەکان و ساڵانێکی زۆرە میسری بەجێ هێشتووە

و له کەلتووری میسری ڕاپکردووە و کەچی لەگەڵ کەلتووری ئەمریکیشدا تووشی کێشەدەبێت و کاتێك کچەکەی (سارە) لەگەڵ کوڕێکی شیکاگۆییدا دەڕوات و ماڵ بەجێ دەهێڵێ، ڕەئفەت نیگەران دەبێت و هەرچەند دەکات ئەو بابەتەی بۆقووت نادرێت و بەلایەوە قورسە کچەکەی بەبێ پرسی ئەو لەگەڵ (جیف)دا بڕوات، ڕەئفەت کەسایەتییەکی ڕۆژهەڵاتییە و لە شیگاگۆدا دەژی نە دەتوانێ وەك میسری مامەڵە بکات و نە دەتوانێ وەك ڕۆژئاواییەك مامەڵە بکات و سەرئەنجام ژیانی دەبێتە خەم و عەزاب و لەنێوان ئەودوو کەلتوورەدا دابەش دەبێت، ئەم ڕۆمانە باسی زەمەنی دوای یانزەی سێپتەمبەری دوو هەزار ویەك دەکات، کە ئەمریکییەکان چۆن مامەڵە لەگەڵ میسری و عەرەبەکاندا دەکەن، نووسەر کاری لەسەر ژیانی کۆچبەری میسری کردووە لە خۆرئاوا کە چۆن بەچاوی سووك سەیر دەکرێن و وەك مرۆڤگەلێکی دواکەوتوو و تیرۆریست سەیر دەکرێن. بەشێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە لەسەر ژیانی قپتیەکانە لە ڕۆژئاوادا داوای مافی خۆیان دەکەن و پیاوانی دەسەڵاتداری میسری لەوێش ناهێڵن بەئاوات و مەبەست و مافی خۆیان بگەن و ئەحمەد دەنانە بۆیان بووەتە کێشە وەك سیخوڕێك لە دوای ئەوانە دەگەڕێت کە دژی دەسەڵاتی میسرین، ئەم ڕۆمانە حیکایەتی ململانێی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییە، ئەسوانی نیگاری کەسی میسری دەکێشێت کە مرۆڤگەلێکن دابەشبوون، بیرکردنەوەیان دووفاقییە، موسڵمانن و بۆ گۆشتی حەڵاڵ و خواردنی حەڵاڵ دەگەڕێن و نوێژ دەکەن و هاوکات سێکس دەکەن و بەنوێژ خۆیان پاکدەکەنەوە، کاتێك دۆنا بەناجی دەڵێت بەهەشتت پێ نیشان دەدەم بەچاکی لەوەحاڵی بووە کە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەهۆی کەلتوورەوە لە خۆشترین چێژی ژیان بێبەش بوونە، بۆیە بۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی سێکس بەهەشتە، لە ئیسلامیشدا



گەورەترین پاداشت بۆ مرۆڤی ئیماندار حۆرییە، لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە خەڵکی ڕۆژهەڵات بۆ سێکس هەمووشتێك دەکەن تا خۆبەکوشتدانیش، بەشێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە لەسەر حیکایەتی ڕەشپێست و سپیپێست و هندییە سوورەکانە، کە مێژوویەکی خوێناوییان هەیە لەگەڵ یەکتریدا. نووسەر باسی هەژاری و بێکاری دەکات لە جێگایەك کە ڕەشپێستەکانی لێ دەژین. شیکاگۆ حیکایەتی بەریەك کەوتنی کەلتوورەکانە، دواجارئەوەی ماوەتەوە بۆ وتن دەستخۆشییە لە برای وەرگێڕ، کە بەشێوەیەکی زۆر جوان و نایاب و ئەدەبی ئەم ڕۆمانەی وەرگێڕاوە، گرینگیی زۆری بە بابەتی ڕێزمان داوەو لە ڕووی زمانەوانیدا وەرگێڕێکی کامڵ و تێرو تەسەلە، هەروەك وەرگێڕانی ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوری ئەلتەیب ساڵح، کە هەر سەباح ئیسماعیل وەریگێڕاوە بۆ کوردی.

## رۆمانی مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە شەهید لە زاکیرەی جەزایرییەکاندا، مەهدی وەک نموونە

بەرلەوەی بچمە سەر باسی رۆمانەکە، دەمەوێت قسەیەک لەبارەی وەرگێڕ و نووسەری رۆمانەکەوە بکەم، سەباح ئیسماعیل نووسەر و وەرگێڕ یەکێکە لەو وەرگێڕانەی بەهێمنی کاری خۆی دەکات، بەزمانێکی جوان و تێر تەسەل و رۆمانە عەرەبیەکانمان بۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، لە پاش وەرگێڕانی رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکور، درێژترین ساڵ، شیکاگۆ، باڵەخانەی یاقوبیان، رۆمانی مرۆڤێک ناوی لەناواندا نییەی واسینی ئەلئەعرەج دەکاتە کوردی، جێی داخە لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا بەرهەمە جوان ونایابەکان وەک بەرهەمە خراپەکان لەپاش بڵاوبوونەوەیان بەبێدەنگییەکی ترسناکدا گوزەر دەکەن و زۆر بەکەمی قسە لەسەر دەقەکان دەکرێت، ئیدی بەباش و بەخراپ هەرچییەک بڵاو دەکرێتەوە قسەی لەسەر ناکرێت، سەباح یەکێکە لەو وەرگێڕانەی بەردەوام لە خزمەتی خوێنەری کورددا رۆمانە عەرەبییەکان وەردەگێڕێتە سەر زمانی کوردی، کەچی هیچی لەبارەوە ناگوترێ، یاخود زۆر کەمی لەسەر دەنووسرێ و دەگوترێت، بێدەنگی لە ئاستی بڵاوکراوەی خراپ و باش هۆکاری درووست بوونی فەوزایەکە، کە نووسینە باش و خراپەکان بەجۆرێک لە کتێبخانەی کوردیدا تێکەڵ دەبن، کە خوێنەر وەها بێزار دەبێت پشت لە کتێبخانەی کوردی دەکات.



هەرچی واسینی ئەلئەعرەجە بەیەکێ لە رۆماننووس و لێکۆڵەرە ناودارەکانی جەزایر دادەنرێ و لەسەر ئاستی جیهان ناوبانگی پەیداکردووە، رۆمانەکانی بۆ سەر زمانی عیبری و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیتاڵی وەرگێڕدراون، واسینی لەساڵی ١٩٥٤دا لە جەزایر لەدایک بووە و لە بنەچەدا ئەندەلوسییە و لە سەدەی ١٧دا باپیرانی روویان لە جەزایر کردووە، باوکی واسینی کریکاری هێڵی ئاسن بووە لە فەرەنسا، ساڵی ١٩٥٩ بەر لەوەی پێوەندی بە هێزی رزگارکەری نیشتیمانییەوە بکات لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید دەکرێت وئیدی واسینی وەک منداڵێکی بێ باوک بەجۆرێک دەژی سەرئەنجام دەبێت بە کەسایەتییە ناودارەی ئەمڕۆ، کە خاوەنی شانزە رۆمانە لەوانە (البوابة الزرقا ء، نوار اللوز، احلام مريم الوديعة، انثى السراب، سيدة المقام، ذاكرة الما ء، طوق الياسمين، وقع الاحذية الخشنة، سۆناتا الاشباح وضمير الغائب و. . . . هتد) هەروەها خاوەنی هەشت کتێبە لەبواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەوانە (اتجاهات الرواية العربية، ديوان الحداثة، نزعة الواقعة الانتقادية فى الرواية و. . . . ) هاوکات چەندین خەڵاتی وەرگرتووە لەوانە خەڵاتی رۆمانی جەزایری، خەڵاتی قەتەر، خەڵاتی شێخ زاید، خەڵاتی کتێبی ئاڵتوونی و. . . . جگە لەمانە واسینی ئەلئەعرەج خاوەنی بڕوانامەی لیسانس و ماجستێر ودکتۆرایە لە زانکۆ عەرەبی فەرەنسییەکان و سەرپەرشتیی لێکۆڵینەوەکانی زانکۆ عەرەبی و فەرەنسی دەکات.

رۆمانی مرۆڤێک ناوی لە ناواندا نییە (ضمير الغائب) ساڵی ١٩٩٠بڵاو بووەتەوە و ساڵی ٢٠٠١بۆ سەر زمانی فەرەنسی وەرگێڕدراوە، ئێستاش ئەوەتا بە کوردییەکی جوان و رەوان لەبەردەستی ئێمەی خوێنەری کورددایە، سەباح ئیسماعیل کردوویەتی بەکوردی و لە بڵاوکراوەکانی

دەزگای ئاراسە، واسینی ئەلئەعرەج و تارێکی دەربارەی وەرگێڕانی ڕۆمانەکەی بۆ کوردی نووسیوە و لە مانشێتی وتارەکەوە خۆشحاڵی خۆی بەوەرگێرانی ڕۆمانەکە بۆ زمانی کوردی دەردەبڕێ و لەو وتارەدا باس لە وەرگێڕان و خۆشەویستی و زمان دەکات، واسینی سەبارەت بەوەرگێڕانی ڕۆمانەکەی بۆ کوردی دەڵێت (هەینێ پێشنیاری وەرگێڕانم پێدەگات هەردەم تووشی سەراسیمەیی دێم و هەرگیز لە مەودای بڵاوبوونەوەی زمانەکە، یاخود بەرتەسکی ناپرسم. پرسیاری سەرەکی من ئەوەیە، داخۆ چۆن دەقەکەم لە وڵات وخەیاڵگە ورۆشنبیرییەکی تردا دەپەڕێتەوە، پارادۆکسەکانی چین؟) هەروەها وەرگێڕیش پێشەکییەکی بۆ نووسیوە وتێیدا راگوزەرێکی خێرا دەکات بەنێو ڕۆمانەکەدا و هێڵە گشتییەکانی ڕۆمانەکە باس دەکات.

ئەم ڕۆمانە حیکایەتی ڕووداوەکانی شۆڕشی جەزایرییە و نووسەر دەربارەی شۆڕشێك دەدوێت، لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا ژیانی جەزایرییەکانی کرد بەگۆمێك خوێن، حیکایەتی داگیرکاری فەرەنسا و شۆڕشی جەزایرییەکان و چیرۆکی پارتی کۆمۆنیستی جەزایری دەگێڕێتەوە، نووسەر باس لە ململانێ و تەکەتولاتی ناو شۆڕش دەکات و چیرۆکی خۆخۆری و یەکتر کوشتنی شۆڕشگێڕەکان دەگێڕێتەوە، بیرەوەری شۆڕشێك دەگێڕێتەوە، کە سەرئەنجامەکەی گەندەڵی و جەللادیی شۆڕشگێڕەکانە و نووسەر دیوە دزێو و نابووتەکەی شۆڕشی جەزایری باس دەکات، کە چۆن شۆڕشگێڕانی دوێنێ جەللادەکانی ئەمڕۆن و جەزایر تالآن دەکەن و شوێنی جەللاد دەگرنەوە، واسینی وەك مێژوونووسێکی مایەپووچ شۆڕشی جەزایر ناکات بەحیکایەتێك خوێنەری پێ فریو بدات، بەڵکو وەك ڕۆماننووسێکی خاوەن ئەزموون و بەسەلیقە و



راستبێژ ڕووداوەکان بە تەکنیکێك دەگێڕێتەوە، کە چێژ بەخوێنەر دەبەخشێت و هاوکات راستییەکان نیشان دەدات و جیاواز لەو ڕۆماننووسانەی شۆڕشی جەزایر دەکەن بەداستانێکی پڕ لە سەروەری، واسینی لەپاڵ سەروەری و شۆڕش و حورمەتی شەهیداندا ڕووە ڕەشەکەی شۆڕش و شۆڕشگێڕان نیشان دەدات و نیگاری شۆڕش وەك خۆی دەکێشێ و نائارامیی ڕۆحی شەهید نیشان دەدات، نائومێدی گەلی جەزایری باس دەکات، لەبەرانبەر دەسەڵات و فەرامۆشکردنی شەهیدان، گێڕەرەوە حوسێنە، کوری مەهدی محەمەدە، یەکێکە لە شەهیدانی جەزایر و حوسێن بە پێناسەی خۆی دەست پێدەکات و ژیان و بەسەرهات و ڕووداوەکانی خۆی و باوکی و جەزایر دەگێڕێتەوە، باس لە شەهیدبوونی باوکی دەکات و گازندەی ئەوەدەکات، کە هاوڕێکانی باوکی تەنانەت گۆڕی باوکیان فەرامۆش کردووە و لەدۆخێکدا دەژین، دەڵێی بیریان چووەتەوە کەسێکیان دەناسی ناوی مەهدیە و ئێستا شەهید بووە و ئەوان بۆ جارێکیش لە گۆڕی ئەو هاوڕێیەیان ناپرسن، حوسێن پاڵەوانی ڕۆمانەکە کوڕی مەهدی کەسێکی داڕووخاوە و لە نائومێدیدا دەژی، ڕەشبینی بەجۆرێك باڵی بەسەر ئەم ڕۆمانەدا کێشاوە،کە گێڕەرەوە بەباوەڕی تەواوەوە دەڵێت تەنانەت خوداش چاو لە ئاستی ئەم قەسابخانەیە دەنووقێنێ، نائومێدیی پاڵەوانەکان لە ڕووداوە خوێناوییەکاندایە، کە جەزایر بەرەو دۆخێکی ترسناك و ڕووخێنەر دەبەن و شۆڕشگێڕەکانیش بەرگی جەللادیان پۆشیوە، نووسەر بەجۆرێك نیگاری شار دەکێشێ، کە لە تابلۆیەکی ڕەش دەچێت، گێڕەرەوە ڕۆژنامەنووسێکە و ڕۆحێکە لە نێو نائومێدی و غەمگینیدا دەسووڕێتەوە و ریپۆرتەرێکە ریپۆرتاژەکانی لە بارەی شەهیدەکانەوەییە و ئیدی حەق دەدات بەخۆی، کە ریپۆرتاژێك

لەسەر باوکی (مەهدی) ئەنجام بدات، کە شەهیدێکە و لە زاکیرەی حوسێندا خەریکە بەتەواوی ون دەبێت و گێڕەرەوە باسی فەرامۆشکردنی مەهدی دەکات لەلایەن هاوڕێکانییەوە، کە مۆنۆمێنتێکیان لە ڕێگایەکی چەپدا بۆ دروست کردووە، نووسەر لە زاری گێڕەرەوەوە حیکایەتی شەهیدێك دەگێڕێتەوە،کە بەجۆرێك فەرامۆشکراوە نە ناوی دەهێنن و نەباسی دەکەن و هاوخەباتەکانی سەرقاڵی خۆ دەوڵەمەندکردنن و حوسێنیش بۆ هەرکوێیەك دەڕوات ڕۆحی مەهدی لەگەڵدایە، بەشێکی ئەم ڕۆمانە گفتوگفۆیە لەسەر شەهید، کێ شەهیدی ڕاستەقینەیە و کێ مردوو یان کوژراوی ئاساییە؟ ئەم گرفتە لە پاش شۆڕش ڕووبەرووی زۆر وڵات بووەتەوە و زۆرجار ڕوویداوە پارتێکی شۆڕشگێڕ ژمارەی پارتیزانەکانی دوو سێ هەزار کەسێك بووە کەچی لە سەردەمی دەسەڵاتدا بەلای کەمەوە پانزە بیست هەزار شەهیدی هەبووە، مەهدی شەهیدێکی شۆڕشی جەزایرە و فەرامۆشکراوە و حوسینی کوڕی ئەو خەمەی لە کۆڵ ناوە و بەشەقام و جادەکانی شاردا دەگەڕێت و لە کارەساتە تاڵەکان حیکایەتێکی غەمگین دەگێڕێتەوە، ڕستەیەك کە زوو زوو لەم ڕۆمانەدا دووبارە دەبێتەوە لەبارەی بەفیڕۆچوونی خوێنی شەهیدانەوەیە، حەیف بۆ ئەو خوێنەی بەفیڕۆڕۆیی، ئەمە ڕستەی سەر زارێکە بێزارە لەو کەشە گەندەڵ و پڕ ناعەدالەتییەی وڵاتی شێواندووە، واسینی ڕۆماننووسێك نییە، بەشان و باڵی شۆڕشدا هەڵبدات و دیوە دزێوەکەی شۆڕش نیگار دەکێشێت، کە هەموو کەس نایبینێت، نووسەر باس لە شارێك دەکات کە دووجار شەهیدە، دەسەڵاتدارانی شارەوانیی ئەو شارەش ژیان لە مەیخانە و قەحپەخانەکاندا بەسەر دەبەن و هەرچی شاریشە وردە وردە یادەوەرییەکانی کاڵ دەبنەوە و ناوی مەهدیش لە شەقامەکەدا ون دەبێت وتەنانەت لە یادەوەریی



شاریشدا ناوی نامێنێت. ئەوە حوسێنە ڕۆحی مەهدی و یادگاری مەهدی لەگەڵ خۆیدا دەگێڕێت. نووسەر باسی گەندەڵی دەکات و هاوکات باسی ئەو ژنانە دەکات کە جەستەی خۆیان هەرزان فرۆش دەکەن، دەربارەی شارێکی ناهۆشیار دەدوێت کە هەموو نەخۆشن، ئیدی دۆخێکی ناتەندروست لەم ڕۆمانەدا هەیە کە مرۆڤەکان بەرەو کەشێکی نەخۆش و ناتەندروست دەبات و کوڕە گەنجەکان بەرەو ژیانێکی ناتەندروست و پڕکێشە دەبات، نووسەر بەگەڕانەوەی مەهدی بۆ شار لە دوورخراوگەکەی کەشێکی فانتازی و پڕ لە غەم و تراژیدیمان دەداتێ، وەك لە ڕۆمانەکەدا هاتووە دەڵێت خەم کرم ئاسا خۆی لە دڵدا گرمۆڵە دەکات، تراژیدیای ئەم ڕۆمانە بەهەند وەرنەگرتنی خوێنی شەهیدانە و فەرامۆشکردنیانە، بەجۆرێك کە، شەهیدان گەر لەو بێڕێزی و فەرامۆشکردنە بەئاگابن پەشیمان دەبنەوە لە خۆ فیداکردنیان، ناپاکی بەرانبەر بە کەسانێك کە خۆیان بۆ وڵات فیداکرد، نووسەر باسی ژیانی نامورادی و پڕ تەنگژە و تاڵی عێشەی ژنی مەهدی دەکات، لەپاش شەهیدبوونی مەهدی عێشە و حوسێن دوو کەسایەتین ژیانێکی پڕ لە غەم دەگوزرێنن، جگە لە دووریی مەهدی غەمی ئەو فەرامۆشکردنە دەخۆن لەلایەن دەسەڵاتەوە، ئەمە لەکاتێکدا مەهدی ڕۆحی لە نێو شەقامەکانی جەزایردا دەسووڕێتەوە و کەچی دەسەڵات داوای بەڵگە دەکات بۆ شەهیدبوونی، نووسەر لە ڕێگای ڕاپۆرتەکانی ڕۆژنامەوە باسی کوشتنی تیرۆریستەکان دەکات، لە ڕێگای ئەو ڕاپۆرتانەوە زەمەن دیاری دەکات، کە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووە، هاوکات دەستنیشانی کاتی کوژرانی مەهدی دەکات، کە ساڵی ١٩٥٩لە شەڕی نێوخۆدا وەك کەسایەتییەکی بەرپرس لە شۆڕشدا دەکوژرێت، نووسەر لە کوشتنی مەهدییەوە باسی ڕاگەیاندنەکان دەکات، ڕاگەیاندنی فەرەنسی کوشتنی

مەهدی بەشەڕی نێوخۆوە گرێ دەدات و ڕاگەیاندنی عەرەبیش شەهیدبوونی مەهدی بەشەڕی دژ بە داگیرکەرەوە گرێ دەدات، لێرەدا نووسەر باسی دوو جۆر ڕاگەیاندنی دژبەیەك دەكات، ئیدی شەهیدبوونی مەهدی دەچێتە دۆخێكی نادیار و ئاڵۆزەوە، نووسەر چیرۆكی ئەو دز و جەردەو تاڵانچییانە باس دەكات، كە دەستیان بەسەر جەزایر و خوێنی شەهیداندا گرتووە، دەسەڵاتداران ئەو دز وجەردانەن كە خوێنی خەڵكی دەمژن و ماڵ و سامان و داهاتی خەڵكی وڵاتەكە دەبەن و هەرچی شەهیدانیشە فەرامۆشكراون، واسینی باس لەو دەسەڵاتدارانە دەكات، كە وڵاتەكە تاڵان دەكەن، لێرەوە وێنەی دەسەڵاتێكی گەندەڵ و وڵاتێكی برسی و ڕووت و قووت و پڕكێشە و ئازار دەكێشێت، ئەوەشی لەشەڕی داگیركەر و جیهاددا شەهیدبوو هیچ حیسابێكی بۆ ناكرێت، نووسەر دەڵێ لە جەزایردا پۆلیسێك بناسی باشترە لەوەی وەزیرێك بناسی، ئەمەش دەلالەت لەوە دەكات دەسەڵات لە جەزایردا فەوزایەكی وەهای درووست كردووە، كە گەندەڵی و ناعەدالەتی هۆكاری درووست بوونی پاشاگەردان، ناڕێكییەكان لەو پاشا گەردانییەوە دروست دەبن، كە ئیتر كەس گوێ بۆ كەس ناگرێت و هەر كەسە خۆی بەدەسەڵاتدار دەزانێ، نووسەر باسی حزب و ڕۆژنامە دەكات و تانە لە دیموكراسییە درۆیینەكەی جەزایر دەگرێت و باس لە پارت دەكات، كە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە و هەمووشتێك بەتەزكییەی پارت دەڕوا بەڕێوە، شتێك نییە ناوی بەرژەوەندیی گشتی ونەتەوەیی بێت وبەرژەوەندییەكانی پارت لەسەرووی بەرژەوەندییەكانی نیشتیمانەوەیە، ئیدی شار دەمرێت لە سەردەمی دوای ڕزگاركردنی وڵاتدا شار ون دەبێت، شار یادەوەری لە دەست دەدات و ئیدی شار كەلاكێكی بۆگەنە، شارێك دووجارشەهید بێت دڵ و ڕۆحی



لەدەست بدات و یادەوەری لەدەست بدات شارێكی مردووە، هاوكات باس لە عەشقێك دەكات عەشقی مریەم عەشقێكی ئەبەدی، عەشقێكی ون و غەمی شار و شەهید تێكەڵ بووەوە، ونبوونی مریەم تێكەڵ بەغەمەكانی دیكە دەبێت و نووسەر غەمگینی مرۆڤەكانی جەزایر باس دەكات، هاوكات بەشێكی گفتوگۆكان لەبارەی كۆمۆنیزم و سۆشیالیزمەوەیە لەلای خەڵكی جەزایردا، باشتربڵێن ململانێیەك هەیە لەنێوان بیری چەپڕەوی و بیری ئاینی، بەشێكی ئەم ڕۆمانە گفتوگۆی پاڵەوانەكانە لەبارەی بیری چەپەوە، نووسەر باسی كۆمۆنیزمەكانی جەزایر دەكات لەژێر كاریگەریی كۆمۆنیزمی ڕوسی دا، كەشی ڕەشبینی لەم ڕۆمانەدا وەهایە، كە جەزاییرییەكان عاشقی گۆڕن و لەگەڵ گۆڕدا هاودەمیان هەیە، و مەرگ و گفتوگۆی مردن و شەهیدان و فەرامۆشی وەها لە حوسێن دەكات، كە بەرەو دۆخێكی ترسناك دەڕوات و بیركردنەوە لەو كەشە سەخت و دژوارە بەرەو شێتی و وڕێنەی دەبات حوسێنی عیشەی ژنی مەهدی شەهیدێكی شۆڕشی جەزایر.

بەشێكی ئەم ڕۆمانە لەسەر نەخۆشخانەی جوانكارییە نووسەر باسی نەخۆشخانەیەك دەكات كە بەرووكەش لە كۆشكێكی كلاسیكی دەچێت و لە شێوەی مزگەوت درووست كراوە، وەك كۆشك و تەلاری هونەری ئیسلامی باس لە نەخشە و نیگاری ئەو خەستەخانەیە دەكات، وەك كۆشكێكی عەرەبی باسی دەكات، شێوەی كۆشكێكی ئومەوی دەدات بەو نەخۆشخانەیە، هاوكات لە ناوەڕۆكدا ئەو نەخۆشخانەیە بۆ جوانكارییە و بۆ برینی لووت و چارەسەری چاو و لە قاڵبدانی ڕوخساری مرۆڤە بۆ شێوەیەكی جوانتر، ئەمەش بەجۆرێك لەجۆرەكان دژی ئاینی ئیسلامە و ئیسلام جوانیی ڕاستەقینە لە ئیماندا دەبینی، باسی نەخۆشخانەیەك دەكات كە نەشتەرگەری جوانكاری تێدا ئەنجام دەدرێ و بە دنیای

تەکنەلۆژیاوە گرێی دەدات و باسی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان دەکات، واسینی دنیای تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنی پزیشکی و نەشتەرگەریی جوانکاری و مێشك باس دەکات، لێرەدا دوو وێنە دەبینین وێنەی وڵاتێك، کە گرینگی بەجوانکاری و پێشکەوتن دەدات و هاوکات لە گێژاوی گەندەڵی و کاولکاری دەسەڵاتداراندا نووقوم بووە، وەك نووسەر ئاماژەی بۆ دەکات، نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو و ژیار کە توانای گۆڕینی مرۆڤی هەیە هاوکات باس لەوڵاتێك دەکات، کە بیروباوەڕی ئاینی بەرەو کێشەیەکی ئاڵۆزی بردووە و ئاراستە فیکرەکان هۆکاری شەڕێکی ترسناکن لەجەزایردا، نووسەر باسی هەرەسی شاردەکات، شار لە دۆخێکی مەترسیداردایە، بیری خۆکوژی وەك کرم هاتۆتەنێو شارەوە، باس لە خەمۆکی و بیرکردنەوە لە خۆکوژی، نووسەر لەگەڵ ڕووداوە گرینگەکانی ڕۆمانەکەدا ڕووداوی لاوەکی باس دەکات، لە گەرماوی عاشقانە و مەلەوانەگەی تورکیا بۆبرسێتی خەڵکی جەزایر دەڕوات و باس لەی خۆرگیران و بێمانایی ژیان و خۆکوژی و ئاهەنگی سەربەخۆیی جەزایر دەکات، لە شارێکدا کە تاریکی باڵی بەسەردا کێشاوە، واسینی ئەلئەعرج لەم ڕۆمانەدا گرینگی بەشەهید دەدات و حورمەت بۆ شەهیدان دەگێڕێتەوە، لە وڵاتێکدا، کە ڕێزی شەهید ناگیرێ و دەسەڵات سەرقاڵە بە گەندەڵی و دزی، ئەمە چیرۆکێکی سەر سوورهێنەرە لە جەزایرێکدا کە خاوەنی یەك ملیۆن شەهیدن لەبەرانبەر ڕزگارکردنی وڵاتەکەیاندا، کەچی واسینی دێت بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان حەقیقەتێکی تاڵی ئەو وڵاتە باس دەکات، کە دەسەڵاتداران هیچ ڕێزێك بۆ شەهیدان دانانێن، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی پیرۆزکردنی مەهدی و هەموو شەهیدانی جەزایرە، وەك نووسەر ئاماژەی پێدەکات و شەهید بە پەیامبەر و پێغەمبەر ناودەبات، شەهیدان و بنەماڵی شەهیدان لە گێژاودا دەژین،



ویژدانی سەرکردەکان گەیشتووەتە ژێر پلەی سفرەوە، ئەوەتا نووسەر لە ڕۆمانەکەدا لەبارەی دەسەڵاتێکەوە دەدوێت، کە چۆن مامەڵە بەژنە شەهیدەوە دەکات. قودسییەتی شەهید دەشکێنن.

## سێکس و سیاسەت..
## گەشتێکی ژەهراوی بەئەفریقادا
## ڕۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوور

لە دنیای عەرەبی و لە ئەفریقادا تەیب سالەح بەیەکێ لە دیارترین ڕۆماننووسەکان دادەنرێ و زۆری لەسەر نووسراوە و زۆری لەبارەوە گوتراوە، بەبلیمەتی ڕۆمانی عەرەبی دادەنرێ، تەیب سالەح پیاوە ڕەشەکەی ئەدەبی عەرەبی، ناوی تەواوی  محەمەد سالەح ئەحمەد، لە ساڵی ١٩٢٩لە هەرێمی مروی، لە گوندی کرمکول، باکووری سودان لەدایک بووە، ژیانی منداڵی لەو هەرێمە بەسەر بردووە و خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواو کردووە، لە تەمەنی گەنجیدا رووی کردووەتە خەرتوم و خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی وادی سیدنا تەواو کردووە، هەر لەخەرتوم کۆلێژی زانستی تەواو کردووە، زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی زانیوە، پاشان بەرەو لەندەن ڕۆیشتوە، ماوەیەك وەك فێرکەر خزمەتی پەروەردەیی کردووە و بەشێکی دیکەی ژیانی بەکاری تەلەفزینەوە بەسەربردوە و ماوەیەك بەڕێوبەری بەشی درامای تەلەفزیۆنی بەریتانی بووە و پاش دەست لەکارکێشانەوەی لەم کارە دەگەڕێتەوە سودان و لە تەلەفزیۆنی سودان درێژە بەکارکردنی دەدات و ئەوکارەش بەجێ دەهێڵێ و بەرەو وڵاتی قەتەر دەڕوات و لەوێ دەبێت بە وەکیلی سەرپەرشتیار، بەشێك لە ئەزموونی کارکردن بووە لە وەزارەتی راگەیاندن و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی یونسکۆ بووە لە پاریس، بەرهەمەکانی دەربارەی سیاسەت و کۆمەڵگەی عەرەبی و



داگیرکاری ئینگلیز بۆ وڵاتەکەی و ڕۆمانەکانی بۆ زیاتر لەسی زمانی جیهانی وەرگێڕدراون، ساڵی ١٩٥٣ یەکەم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە، کە کۆمەڵە چیرۆکی ( نخلة علی الجدول) لە ساڵی ١٩٦٢دا ڕۆمانی (عرس الزين)ی بڵاوکردەوە، ئەم ڕۆمانە دەرهێنەرێکی کوێتی هەوڵی دا بیکات بەدراما، ساڵی ١٩٧١ڕۆمانی (موسم الهجرة الى شمال) و (بندر شاه) و (دومة ود.حامد) ساڵی ٢٠٠٩ لە لەندەن کۆچی دوایی دەکات، بەرهەمەکانی تەیب سالەح باس لە گرفتەکانی گوند و ژیانی گوندنشینەکانی سودان دەکات و چیرۆکی داب و نەریت و کەلتووری ئەفریقی باس دەکات و چیرۆکی داگیرکاری و کاریگەرییەکانی لەسەر تاکی ئەفریقی دەگێڕێتەوە، ڕۆمانی بەندەر شاە ڕووداوەکانی لەنێوان کوڕ و باوکدایە و باس لە خۆبەخشی باوك دەکات، بۆ نەوەی خۆی، لە چیرۆکی (نخلة علی الجدول) دا باسی بازرگانیکردنی بۆرژوازیەك دەکات، کە سەوداگەری جوتیارێك دەکات و چیرۆکی ململانێی جوتیار و بازرگان دەگێڕێتەوە، تەیب سالەح چیرۆکنووسی ململانێی چینەکانە، ململانێی هەژار و دەوڵەمەندە، لە(دومة ودحامد)دا باسی کەلتوور و تەقالیدی و نەریتەکانی سودان دەکات، چیرۆکی مەزارگەی دومە و دحامد دەگێڕێتەوە، کە مەزارگەیەکی ئاینییە لە گوندێکی سودان، ڕووداوەکان باس لەژیانی خەڵکی گوندەکانی سودان دەکات، لەبارەی بابەتی کەلتووری و ئاینی و ژیانی میللی سودانییەکان، لە ڕۆمانی عرس الزيندا باس لە کوڕێکی گەنج دەکات بەناوی زین، ئەم ڕۆمانە حیکایەتی عەشق و هاوسەرگیریە و زین دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی گوندنشیندا بکات، زین گەنجێکی تووڕەیە و عەشق لەنێو سۆفیگەری وخودا ناسی و ژندا نوقمی کردووە، ئەم ڕۆمانە دەچێتە ناخی تاکی ئەفریقیەوەو کەشفی سایکۆلۆژیەتی دەروونی ئەو دەکات، شا

بەرهەمی تەیب ساڵەح رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکورە ئەم ۆمانە لەسەر ئاستی ئەفریقا و وڵاتانی عەرەبی و جیهاندا ناوبانگی تەیب ساڵەحی گەیاندە لوتکە، بەیەکێ لەشاکارە جوانەکانی ئەدەبی ئەفریقی دادەنرێ، هێڵی گشتی ئەم رۆمانە ململانێ رۆژهەڵات و رۆژئاوایە، باس لەگرفتی دەروونی دەکات لای مستەفا سەعید، چیرۆکی ئەم لاوە گرفتێکی دەروونییە، کە وا دەکات بیر لە تۆڵە سەندنەوە بکات، مستەفا سەعید پاڵەوانی رۆمانەکە کەسایەتییەکی خوێنەوارەو لە رێگای میسرەوە بەرەو تاراوگە سەفەر دەکات و لەلەندەن دەگیرسێتەوە، مستەفا سەعید گەنجێکی دەروون نەخۆشە و لە مامەڵەکانیدا رەنگ و رووی عتیلی شکسپیر وەردەگرێت، مستەفا دەروونی پڕە لەکینە بەرانبەر ئەو داگیرکاریەی، کە ئینگلیز وڵاتەکەی داگیرکرد، رۆحی تۆڵە سەندنەوە لای مستەفا سێکسکردنە لەگەڵ کچانی ئینگلیزدا و پاشان کوشتنیان، لەتۆڵەی ئەوەی ئینگلیز سودانی داگیرکرد مستەفا جەستەی کچانی ئینگلیز داگیر دەکات، دواجار بەهۆی کوشتنی مەعشوقە ئینگلیزەکەی خۆیەوە دەگیرێت و پاش دادگایی حەوت ساڵ زیندانی دەکرێت و سەرئەنجام لە پاش تەواوکردنی ماوەی زیندان بڕیاری گەڕانەوە دەدات بۆ سودان و لە سودان دەژی و کچێك دەخوازێت بەناوی حوسنەوە و ساڵانێك لەگەڵیدا دەژی و دوای دوو کوڕ مستەفا دەمرێت، لەدوای مردنی مستەفاوە رۆمانەکە دەچێتە ناو رووداوێکی دیکەوە ئەویش ژیانی حوسنەی بێوەژنە لە پاش مەرگی مستەفا کە تووشی کێشە دەبێت، نووسەر لە ژیانی حوسنەوە باسی کێشەی بێوەژن دەکات لە کەلتووری سوداندا کە ئەگەر شوو نەکات و لەژیانی تەنهاییدا بمێنێتەوە، حوسنە لە بەردەم ملۆزمێکدایە، کە پیاوێکی پیرە و گو شارلە حوسنە دەکات شووی پێ بکات، ئەم رۆمانە بۆ



نێو گرێ دەروونییەکانی مستەفا دەمانبات وەك تاکێکی سودانی، کە داگیرکاریی ئینگلیزەکان ئازاری دەدات و بۆ تۆڵە سەندنەوە بیر لە سێکس دەکاتەوە لەگەڵ کچانی بەریتانی، مستەفا سەعید پەیوەندی لەگەڵ چوار کچی ئینگلیزدا هەیە و مامەڵەی پڕ لە رۆحی تۆڵە سەندنەوە لە ناخی ئەودا وادەکات کە سیان لەو کچانە خۆیان بکوژن، ئەمەش لای مستەفا زەنگی سەرکەوتن و تۆڵە سەندنەوەیە، کچی چوارەمیان دەخوازێت و پاشان دەیکوژێت، لێرەدا گرێ دەروونییەکەی مستەفا ئاشکرا دەبێت، دادگا حەوت ساڵ زیندانی دەکات، مستەفا خۆی وەك شۆڕشگێڕ دەبینێ، ئەو دادگاییە بەلای مستەفاوە وەك داگیرکاری وایە و ئەوکردەوە تیرۆریانەی کە کردوونی بەلای خۆیەوە وەك شۆڕش وایە، هەرچی دادگای بەریتانییە وەك تاوانبارێك و وەك رۆحێکی نەخۆش مامەڵە لەگەڵ مستەفادا دەکات، بەگشتی ئەم رۆمانە چیرۆکی مملانێی رۆژهەڵات و رۆژئاوایە، ململانێی رەشپێست و سوورپێستەکانە، ململانێی داگیرکەرو داگیرکراوە، مستەفا وەها بیردەکاتەوە لەبەرەی جەنگدایە، چیرۆکێکی دیکەی ئەم رۆمانە بابەتی قوربانی دانە لای ژن، لەم رۆمانەدا ژنان قوربانین، هەموو ئەو ژنانەی، کە بەدەستی مستەفا سەعید دەکوژرێن قوربانین، هەرچی حوسنەیە لە دوای مردنی مستەفاوە دەبێت بەقوربانی کەلتووری سودان، نەریتی عەشایەری و سودان دەیکات بەقوربانی سەرئەنجامی ئەویش وەك مەعشوقە ئینگلیزیەکانی مستەفا دەبێت، گوتاری ئەم رۆمانە ململانێی شارستانییەت و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و شەڕی کەلتووری و قوربانیدانی ژنانە، رووی سایکۆلۆژی رۆمانەکە کاریگەریی فیکری فرۆیدی لەسەرە و رۆحی تۆڵە پەنا بۆ چەکێك دەبات کە ئەویش سێکسە، سەرجەمی کارەکانی رۆماننووس تەیب ساڵەح چیرۆکی ململانێی ژیان و شارستانییەت

و ململانێی ڕەشپێستەکان و چینی هەژار و خاوەن سامان و ململانێی خەڵکی سادە و نەریتخواز و ئاینزاکانە لە سودانێکی پڕکێشە و شەڕ و ئاژاوەدا، تەیبساڵەح ڕووداوە راستەقینە و واقعییەکانی نێو سودان بەشێوازێکی ئەدەبی و بەفانتازیا و خەیاڵات دەگێڕێتەوە، چیرۆکی ژیانی سودانییەکان بەکاریگەریی ئەدەبی رۆژئاوا دەگێڕێتەوە، ئەزموون و توانای ئەدەبی نازناوی بلیمەتی رۆمانی عەرەبی پێدەبەخشێت.

وەرزی کۆچ بەرەو باکوور بەهەمان شێوەی نانی رووتی شاکارە مەزنەکەی محەمەد شوکری هەراو هۆسەی نایەوە، سودانییەکان رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکوور بەباشترین رۆمانی سودانی دادەنێن و وەك شوناسی خۆیان سەیری دەکەن. تەیب ساڵەح باسی هەژاری و تریاك کێشان و ژێردەستەیی ژن و پیاوسالاری دەکات، چیرۆکی داگیرکاری ئینگلیز دەگێڕێتەوە، باس لە گرفتەکانی دوای داگیرکاری دەکات، وێنەی کاولبوونی وڵات وتێکچوونی سیستمی پەروەردە و کۆمەڵگە دەکێشێت، لە نانی رووتدا محەمەد شوکری باس لە عەقڵی ئیسلامی دەکات و چیرۆکی لەشفرۆشێك دەگێڕێتەوەکە ئامادە نییە لەگەڵ پیاوانی رۆژئاواییدا سێکس بکات، لە رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکووردا پاڵەوان مستەفا سەعید لە بەرانبەر هەموو ئەو رق و کینەیەی کە هەیەتی لە داگیرکەرە رۆژئاواییەکان، سێکس بەکار دەهێنێت وپێی وایە سێکس کردن و کوشتنی کچانی رۆژئاوایی جۆرێکە لە تۆڵە سەندنەوە لە دوژمن و بەشۆڕشی دەزانێت، ئەم بیرکردنەوەیە پەیوەندی بە داگیرکاری ئینگلیزەوە هەیە و مستەفا سەعید و نموونەیەك لە عەقڵییەتی ئەفریقا و سوودانی بریندار بەتیری داگیرکەری رۆژئاوا، مستەفا سەعید سێکس و سیاسەت تێکەڵ دەکات، کەسایەتی مستەفا مرۆڤێکی زیرەکە لە خوێندن و بەشێکی خوێندن لە سودان تەواو دەکات وبەشەکەی تری لە



رۆژئاوا، کاتێك دەگاتە رۆژئاوا بیر لەوە دەکاتەوە لە رێگای سێکسەوە تۆڵە لە دوژمنە رۆژئاواییەکەی بکاتەوە، مستەفا مرۆڤێکە دوور لە سۆز و چێژ و ئەو عەشق ناکات و سێکس دەکات و سێکسکردنەکەشی پەیوەندی بە سیاسەت و بیری نەتەوایەتییەوە هەیە، سێکس لای مستەفا سەعید سیاسەتە، شۆڕشە، تۆڵەسەندنەوەیە، هەمووشتێکە جگە لە عەشق و چێژ، پەیوەندی مستەفا لەگەڵ ئەو ژنانەدا پەیوەندییەکی ناتەندروستە و ئەوەی دەبێتە قوربانی لەو پەیوەندییانەدا هەموو ئەو ژنانەن کە بەعەشقەوە لەگەڵ مستەفادا جووت دەبن، هاوکات مستەفا سەعیدیش قوربانییە، مستەفا لەژێر کاریگەریی بیرکردنەوەیەکی ناتەندروستدا زوڵم لە ژیان و حەز و ئارەزووی خۆی دەکات، گرێی برینەکانی داگیرکاری وای لێ دەکات کە بەهەر شێوەیەك بێت تۆڵە بکاتەوە، تۆڵەکردنەوە لە ژنگەلێك کە هیچ پەیوەندییان بەسیاسەتەوە نییە، مستەفا کاتێك درۆزن وبێ بەڵێنی دەکات لەگەڵ ئەو ژنانەدا هەست بەچێژدەکات لەکاتێکدا ئەو کارە ناتەندروستە و سەرئەنجام مستەفا ژیانی دەشێوێت و هۆکارەکەش ئەو بیرکردنەوانەیە، مستەفا سەعید دوو وێنەی هەیە هەندێك وەك شۆڕشگێڕێکی سودانی ناوی دەبەن و هەندێك وەك سیخوڕی ئینگلیز لەقەڵەمی دەدەن، مستەفا سەعید نەیتوانی وەك مرۆڤ بژی، نەیتوانی سوود لە ژیانی رۆژئاوا و رۆشنبیری وەرگرێت، مستەفا سەعید سەرباری هەموو ئەو تاوانانەی کردونی خۆی بە بێگوناه دەزانێت و پێی وایە تاوان بار نییە بەڵکو هێشتا بەشخوراوە و شانازی بەو تاوانانەوە دەکات کە کردوونی و بەشۆڕشی ئەژمار دەکات، لە نێو کۆمەڵگەی ئەفریقیدا نموونەی وەك مستەفا سەعید زۆرن، ئەم رۆمانە باس لە کۆمەڵگەی سودانی دەکات، چیرۆکی ژیانی سودانییەکان دەگێڕێتەوە، وێنەی کەلتووری سودانی نیشان دەدات، هاوکات

رووداوەکانی داگیرکاری ئینگلیز و کاریگەریی داگیرکاری باس دەکات، خاڵێکی تری رۆمانەکە تەکنیکی نووسینە، نووسەر لە رێگای چەند گێڕەوەیەکەوە باسی چەند زەمەنێك دەکات و هەر کارەکتەرە و رووداوی زەمەنێك دەگێڕێتەوە، هەریەك نوێنەری سەردەمێکن و حامی ئەحمەد نەوەی رۆژگاری برسێتی و تاعون و هەژارییە، کچی مەجزووب نەوەی فیودالیە و حوسنەی ژنی مستەفا سەعید نەوەی رۆشنبیران و ژنانی تێگەیشتووە، کە داوای مافی خۆیان دەکەن، ودلڕەیس عەقڵێکی دواکەوت ورۆحێکی پیرە وێنەی جەهل دەکێشێت، پیاوێکی سێکس بازە و سێکسێکی وەحشەت ئاسا، تەیب ساڵەح لە ململانێی نێوان حوسنە و ودلڕەیسدا ململانێی جەهل و رۆشنبیرمان نیشان دەدات، مەرگی ودلڕەیس مردنی جەهل و عەقڵی کۆنەپەرستیە و مردنی حوسنە مردنی جوانی وئازادی و عەشق و یەکسانییە، دلڕەیس دەیەوێت حوسنە بخوازێت و مامەڵەی ژنێکی رۆشنبیری لەگەڵ ناکات، بەڵکو وەك کەرەستەیەکی سێکس کردن سەیری دەکات، مستەفا سەعید بەشێکی دیکەی رۆمانەکەیەو لە زەمەنێکدا ژیاوە و دەوری کۆچبەرێکی سودانی دەبینێت لە رۆژئاوا، نووسەر لە شوێنێکی تردا باس لە خەتەنەکردنی کچان دەکات، خەتەنەکردن یەکێکە لە کێشەکانی کۆمەڵگەی ئەفریقی و واریس دیری یەکێکە لەو ژنانەی کە باس لە خەتەنەکردنی کچان دەکات لە ئەفریقا، نووسەر باس لەکەلتورێك دەکات کە خەتەنەنەکردنی کچان کوفرە، خەتەنە بەئەخلاقەوە گرێ دەدەن، واریس دیری لە گوڵی بیاباندا باس لەخۆی دەکات کە قوربانیی ئەو کەلتوورەیە، باس لە خەتەنەکردن دەکات بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە، واریس دیری کچێکی سۆماڵییە و لە کەلتووری دواکەوتووی سۆماڵ هەڵدێت و هەر وەك تەیب ساڵەح باس لە کەلتووری



سودان دەکات، واریس دیری و حوسنە دووژنن یەکیان لە واقیعدایە و ئەوی دیکەیان خەیاڵی نێو رۆمانە، واریس دیری هەر بەڕاستی ئەو عەزاب و ئازارەی چەشتووە بەهۆی کەلتووری ئەفریقاوە و بەڵام حوسنە کەسێکی ئەندێشەکراوە لە رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکور، لە راستیدا وێنەیەکی واقیعی سودانییە، حوسنە بێوەژنێکی هەژار و بێکەس و بێپشت و پەنایە و کۆمەڵگەی دواکەوتووی سودانی دەیچەوسێنێتەوە، خاڵێکی دیکەی رۆمانەکە دووفاقییەتی مستەفا سەعیدە، مستەفا لەگەڵ ئەوەی مەی دەخواتەوە و سێکس دەکات، نوێژیش دەکات، لێرەدا مستەفا دەیەوێت وا خۆی نیشان بدات کە دەستبەرداری کەلتووری خۆی نابێت و وەك کۆچبەرێکی ئیسلامی ئەفریقی لە رۆژئاوادا مامەڵە دەکات، وەرزی کۆچ بەرەو باکور گەشتێکە بەنێو مێژووی داگیرکاری سودان و کەلتووری سودان، تەیب ساڵح دەیەوێت وێنەی راستەقینەی سودانمان نیشان بدات، سودانی دوای داگیرکردنی ئینگلیز. دواجار ئەوەی بۆ گوتن ماوەتەوە ستایشە بۆ برای وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل، کە بەزمانێکی جوان وبەکوردییەکی رەوان ئەم رۆمانەی بۆ کردووین بەکوردی.

## ڕۆمانی شەماعیە، وڵاتێك وەك دۆزەخ

ڕۆمانی شـەماعیەی نووسـەری عیراقـی عەبدولـستار ناسـر، کەبەیـەکێ لـە ڕۆماننووس و چیرۆکنوسە ناودارو خاوەن ئەزموونەکانی عیراق نـاودەبرێ، وەرگێڕانـی ئـەم ڕۆمانـە چالاکییەکی دیکـەی وەرگێـڕ سـەباح ئیـسماعیلە، ڕۆمـانی شـەماعیە بـاس لـەعیراقی دوای ڕووخـانی بەعـسییەکان دەکـات، چیرۆکی زیندان و شەماعیەی بەعسییەکان باس دەکـات و بـۆ نێـو چـیرۆکە غەمگین و ترسناکەکانمان دەبـات، ئەوانـەی چیرۆکەکانی ئـەم ڕۆمانـە و بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنـەوە، ئـەمین هاشـم بـەیتار و سـەفیە و ئەسـعەد سەعید فەرحان و عەمار موزهر شێخ و محەمەد جەمیل سوێرکی، ئەم پێنج پاڵەوانـە چـیرۆکی ژیـانی خۆیـان دەگێڕنـەوەو ڕووداوەکـانی زینـدان و جۆرەکانی ئەشکەنجە باس دەکەن و بابەتەکانی ئەم ڕۆمانە تێکەڵەیەکن لە ڕووداوی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی، گرفتـەکانی ئـەمین هاشـم بـەیتار گرفتـی سیاسـەت و ئایدۆلۆژیایـە و گرفتـی سـەفیە گرفتـی عەشـق و کـەلتووری عیراقییـە، ڕووداوەکـان دەربـارەی زینـدان و خوێنمـژیی بـەعس، چـیرۆکی پاڵەوانەکانیش خوێنمژیی دەسـەڵاتی بەعـسە، نووسـەر لەگـەڵ گێڕانـەوەی چیرۆکی قوربانییەکان باس لە بابـەتێکی گرینـگ دەکـات ئـەویش چـیرۆکی سـەفیە و پزیـشکەکانی شـێتخانە و گوتارەکـانی میرییـە ئـەم بابەتـە بـۆ نێوگفتو گۆیەکی فەلـسەفی دەمانبـات و ئـەم گوتـارە دەچـێتە نێـو باسـی کتێبە گرینگەکەی فۆکۆوە (مێژووی شێتی لەسەردەمی کلاسیکدا) ناردنی سەفیە بـۆ شـێتخانە سـزایەکە بۆئـەو کـچە کـە عەشـقی کوڕێکـە، نووسـەر



دەیەوێت شیکاری ئەو خاڵەمان بۆ بکات کە لەکۆمەڵگەی عێراقیدا کۆمەڵێك نەریت وکەلتوور هەن هێڵی سوورن و کەس ناتوانی بیان بـەزێنێ و هاوکـات هێڵی سوور لە سیاسەتیشدا هەیە و کەس ناتوانێ بیان بەزێنێ، لە مێـژووی شێتیدا فۆکۆ باس لەوە دەکات کە مرۆۋ لە کەلتوور و لە هێڵـە سـوورەکان لابـدات بەشـێت ئـەژمار دەکرێت و مەحکومـە بەشـێت و ڕاپێـچی شـێتخانە دەکرێت، لێرەدا دەربارەی دوو کەسایەتی دەدوێن ئەویش سەفیە و ئـەمین هاشم بەیتارە، ئەم دوو کەسایەتییە قوربانی کەلتوور و سیاسـەتن، سـەفیە کچێکی جوانە و عاشقی کوڕێکـە، کاتێـك نهێنـی ئـەو عەشـقەی لای بـاوك و براکەی ئاشکرا دەبێت ئیتر وەك کەسێکی لادەر لەعورف و نەریتەکان سەیر دەکرێت و هەر لەبەر ئەوە سزا دەدرێت و ڕەوانەی شێتخانە دەکرێت، ئـەم سـزایە لەسـەر لادانـە کۆمەڵایەتییەکانـە، وەك فۆکـۆ لەکتێبەکەیـدا باسـی دەکات ئەوانەی لە عادەت و نەریتی کۆمەڵگە لادەدەن بەشێت ناودەبرێن و ڕاپێچی شێتخانە دەکرێن، سەفیەش لە کەلتوور و عادەتی گشتی لای داوە، سەفیە کچە و نابێت عاشق بێت بـۆی لەسـەر ئـەو کـارەی سـزا دەدرێـت و ڕەوانەی شێتخانە دەکرێت، ئەمـە لـە کاتێکدا بـاوك و براکـەی کـاری لـەوە خراپتر دەکـەن و کـاری سێکسی دەکـەن و مامەڵـەی لەشفرۆشـی دەکـەن بەڵام پیاو بوون ئەو مافە دەدات بەوان ئەوکارە بکەن، قوربانییـەکی دیکـە ئـەمین هاشـم بـەیتارە، ئـەم پیـاوە کەسـایەتییەکی سیاسـییە و لەسـەر کردەکـانی پـارتی شـوعییە و خـاوەنی چـەند کتێـب و گوتـاری سیاسـی شۆڕشگێڕانەیە، دەسەڵاتدارانی بەعس لەبەر ئەوەی بیرو ئایدۆلۆژیای ئەمین لەگەڵ بیروئایدۆلۆژیای ئەواندا ناگونجێ هەر بۆیە مەحکومی دەکەن بەشێت و لەژێر ئەشکەنجە و ئازاردا دایدەڕزێنن و لـە کارەبـای دەدەن و دەیهێننـە سەر شاشەی تەلەفزیۆن تا وەك کەر بزەڕێنێ و پاشگەزبێتەوە لـەوەی کـە

شوعی بووە، ئەمە سزای سیاسەتە و سزای لادانی سیاسییە لە سیاسەتی بەعسییەکان و هەر کەس لەگەڵ بەعسییەکاندا نەبێت ئیدی بەشێت و ناپاك و ناشیرین ئەژمار دەکرێت. کەسایەتییەکی دیکەی رۆمانەکە میرییە، بەهۆی فەلسەفە و گوتاری فەلسەفییەوە وەك شێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ناوەکەی ناشیرین دەکەن، لەبری میری پێی دەڵێن عێری ئەمەش بۆ سەرزەنشتکردنییەتی، ئەوەی لەم رۆمانەدا بەدی دەکرێت کەشی عێراقی سەردەمی بەعسییەکانە، کە بەجۆرێکی ناشیرین و خوێنمژانە مامەڵە لەگەڵ خەڵکدا دەکەن و ئازاری خەڵك دەدەن و لەسەر قسەیەکی زۆر سادە گومان لە خەڵك دەکەن و ئازاری خەڵك دەدەن، کەشی شەماعیە کە لە پاش رووخانی بەعس چیرۆکەکانی بڵاودەبێتەوە، نموونەی خوێنمژیی بەعسە، ئەوەی لە شەماعیەدا روودەدات تراژیدیایەکی ترسناك و قێزەونە، کە عیراق وەك دۆزەخ نیشان دەدات، چیرۆکی شەماعیە و زیندان لای بەعسێکان چیرۆکی ئەشکەنجە و ئازاردان و لە کارەبا دان و لاقەکردنی پیاوان و سێکس کردن لەگەڵ ژناندا، هەموو ئەم رووداوانە وێنەی زیندانێکی ترسناك دەدەن بەو شەماعیەی کە لەو دیوی دیوارەکانییەوە منداڵان کایە دەکەن و گەورەکانیش لە شەماعیەدا گەمەیان پێ دەکرێت و ناچار دەکرێن وەك کەر بزەڕێنن، یاخود لاقە دەکرێن و یان وەك سەفیە پزیشکەکان سێکسیان لەگەڵدا دەکەن، سێکس کردنی پزیشك لەگەڵ سەفیەدا دیسان بۆ ئەو بابەتەمان دەبات، کە فۆکۆ باس لە دەسەڵاتی پزیشکی و دەروونی دەکات لە بەردەم ئازادیی نەخۆشدا لەژیان و قسەکردن بەویستی خۆی، شەماعیە لێرەداماڵێکە بۆ ئازاردانی خەڵکانی یاخی لە دەسەڵات و عادەت و نەریتی کۆمەڵگە، شەماعیە بۆ چارەسەر نییە بەڵکو بۆ ئازاردانی خەڵکە، بەجۆرێك کە مرۆڤەکانی نێو شەماعیە



مردن وەك رەحمەتێك دەبینن کە هەرگیز پێی ناگەن، ئەوانەی مەحکومن بەگوناه بەچی تۆمەتبار کراون، ئەبول عەسافیر گوناهبارە؟ کەسێك کە لەگەڵ خەیاڵاتدا دەژی واهەست دەکات لەسەر سەری چۆلەکە هەیە، گوناهبارێکی دیکە کەسێکە کە جنێوی بەکاڵەك داوە! کاڵەك لای بەعسییەکان یەعنی سەیدولرەئیس، واتە بەعسییەکان گومان لە هەموو قسەیەك دەکەن و هەموو قسەیەك بەجفرە تێدەگەن بۆ کودەتا، ئەمین هاشم بەیتار کەسێکی شوعییە و ئەمین داری شوعیە و چەندین کتێبی هەیە و لەبەر ئەوەی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای بەعسدا نییە دەبێت بەشێت دابنرێ و سەرئەنجام شێتی دەکەن، ڕووداوەکانی ئەم رۆمانە لە سەردەمی دەسەڵاتی بەعسدا روویان داوە و لە کاتی رووخانی بەعسدا دەرگای شەماعیە دەشکێنرێ و مرۆڤەکانی نێو ئەو بەندیخانە ترسناکە ئازاد دەبن، بەڵام ئازادی هیچ تامێکی نییە، ئەوەی چێژی لە ئازادی وەرگرت تەنها ئەو پیاوە ئفلیجە بوو، کە ئاواتی رووخانی بەعس و ئازادی بوو، لەگەڵ هاتنەدی ئاواتەکەی، لەگەڵ شکانی دەرگای زیندان مرد و عیراقی دوای بەعسی نەبینی، هەرچی سەفیە و ئەمین هاشم بەیتارو ئەسعەد سەعید فەرحان کاتێك لە زیندان دێنە دەرەوە دەخزێنە دۆزەخێکی دیکەوە، ئەویش دۆزەخی عیراقی دوای بەعسە، سەفیە نازانێ بۆ کوێ بڕوات و چی بکات، ئەو نایەوێ جارێکی تر چاوی بەباوك و براکەی بکەوێت، کە هەموو ژیانی ئەویان تاڵکرد و مەحکومی شێتخانەیان کرد، بۆیە دەچێتە ماڵی عەفرای هاوڕێی، بەڵام شەماعیە هەموو ژیانی ئەوی کردووە بە مۆتەکە و ئیتر ئەو تەنها لە شەماعیە دەتوانێ بژی، هەر بۆیە دوای رۆیشتنی عەفرا سەفیە دەگەڕێتەوە بۆ زیندان و سەرئەنجام لە زینداندا سەردەنێتەوە و بەجۆرێك دەمرێت کەس لە مردنی ئەو ئاگادار نییە و کەس غەمی لێ

ناخوات، مەگەر چیرۆکنووس لەدوای چیرۆکی ژیانی ئەو بگەڕێ، پاڵەوانێکی دیکەی ئەم رۆمانە ئەسعەد سەعید فەرحانە، ئەم پاڵەوانە ژیانی بە پێچەوانەی ناوەکەیەتی، واتەی ناوەکەی ئەسعەد سەعید فەرحان هەر سێ ناوەکە ناوی خۆی و باوك و باپیری بەمانای خۆشی و خۆشبەختی و بەختەوەری دێت، کەچی هەموو ژیانی تاڵی و ئازارو ئەشکەنجەیە و بەهۆی ئەوەی کە خزمی ئەمین هاشم بەیتارە و هاتوچۆیان دەکات بەعسییەکان دەیگرن و ئازاری دەدەن و لاقەی دەکەن و بەجۆرێکی ناشیرین سێکسی لەگەڵدا دەکەن تاسووکی بکەن، عەمار موزهر شێخ پاڵەوانێکی دیکەی رۆمانەکەیە و سەرەتا بە پارە و سەفەری وڵاتان و سێکس و مەی فریوی دەدەن، تا دەیخزێننە کاری سیخوڕییەوە و ئیدی سیخوڕی ژیانی لەبەرچاو ناشیرین دەکات، بەجۆرێك، کە لە دۆخێکی ناتەندروستدا دەژی، ئەو حاڵەتە ناتوندرووستە وای لێ دەکات کە دوای رووخانی بەعسیش لەو حاڵەتە غەمگین و ناتەندرووستە رزگاری نابێت و دوای هەڵهاتن روو لە کوردستان دەکات ولە ماڵێك لە شاربازێر دەژی و پاشان عەفرای ژنی بەغدا بەجێ دەهێڵێ و سەرئەنجام لە سوید دەگیرسێنەوەو غەمگینیی رووداوەکان هێشتا ئازاری دەدەن. پاڵەوانێکی دیکەی رۆمانەکە محەمەد جەمیل سوێرکییە، سوێرکی پیاوێکی بەرەگەز فەلەستینییە و لە لوبنان لە عەینل حلوە دەژی و بەهیوای خوێندن لە رێگای پیاوێکەوە کە مەجید سەعدونە دێتە بەغداد و ئیتر بەهۆی ئەو مەجید سەعدونەوە تووشی کێشەیەکی گەورەدەبێت و هەموو ژیانی دەکات بەدۆزەخ و مەجید سەعدون حەز لە سامیەی ژنی سوێرکی دەکات و ئەو حەزلێکردنە دەگات بەو رادەیەی کە مەجید سەعدون سوێرکی بە سیخوڕی بەعسی سووری تۆمەتبار دەکات، ئەم کارەش بۆ ئەوە دەکات کە محەمەد جەمیل سوێرکی



بچێتە زیندان تا لەگەڵ ژنەکەیدا رابوێری و ئەم بریارەی بەعسییەکان ئەوەمان بۆ روون دەکەنەوە، کە بەعسییەکان دەسەڵاتێکی تۆتالیتارییان هەیە زۆر بە ئاسانی کەسێك تۆمەتبار دەکەن و بەڵگە و شاهیدیش بۆ تۆمەتەکەی ئامادەکەن، ئەمە لە کاتێکدا کەسی تاوانبار بێ تاوانە، هەرلەرۆمانەکەدا هاتووە، دەڵێت کەسی گومان لێکراو تاوانبارە، نەك بەپێچەوانەی یاساوە کەسی گیراو گومان لێکراوە تا ئەو کاتەی گومانەکە دەبێت بەراست و تاوانەکە ساغدەبێتەوە بەسەریدا، بەڵام بەعسییەکان لەگەڵ گیراواندا وەك تاوانبار مامەڵەیان دەکرد و بەجۆرێك ئەشکەنجەیان دەدان، کە ئەگەر تاوانباریش نەبوایەو بێ گوناهیش بوایە لە تاو ئەشکەنجەدان دانی بەتاوانێکدا دەنا کە نەیکردووە، ئەمەش بۆ ئەوەی رزگاری بێت و بیکوژن و لەو ئەشکەنجەیە رزگاری بێت کە لە مردن سەختترە، مەجید سەعدون محەمەد جەمیل سوێرکی تاوانبار دەکات بەسیخوڕی لەسەر حیزبی بەعسی عیراقی بۆ حیزبی بەعسی سووری و تا ئەو کاتەی لە سامییەی ژنی تێردەبێت لە زیندانە و پاشان بەلێبوردنی سەرۆك ئازاد دەکرێت و محەمەد سوێرکی و سامیەی ژنی رەوانەی سووریا دەکەن و ئیدی ژیانی دەبێت بەغەمگینییەکی سەخت و لە لوبنان دەژی لەگەڵ سامیەی ژنیدا لە دۆخێکی سەختدایە، سێکس و قسەی سێکسی لای بەعسییەکان زۆر باوە و لەم رۆمانەدا چەند رستەیەك هەیە لەوانە بەعسییەکان بە محەمەد سوێرکی دەڵێن قونی تۆ باشترین پۆستەیە، یان بەسامیە دەڵێن ئیسرائیل فەلەستینی داگیرکرد و ئێمەش تۆ داگیر دەکەین، هەروەها کردەوەی بەعسییەکان جۆرێك لە نەخۆشی بەعسییەکان دەکات، بۆ نموونە سزای سەخت لای ئەوان خەساندنی پیاوانە و لاقەکردنی پیاوان و کونکردنی ژنانە و هەروەها دار و بوتڵ برینە کۆمی پیاوان، ئەم کردەوانە

ئەوە روون دەكەنەوە، كە بەعسييەكان خولياى سێكسن، ڕووداوەكانى ئەم ڕۆمانە مێژووى بەعسە لە سەدەى رابردووودا و تارۆژگارى رووخانى بەعس درێژە دەكێشێ، لەدواى رووخانى بەعس نيشانەكانى تراژيديا و ناتەندروستيى كۆمەڵگەى دواى بەعس لە عيراقدا دەردەكەوێت.



## بەشى دووەم

## ڕۆمانى پێنجەمين كتێب
## گێڕانەوەى حيكايەتەكان لە زوومى كامێراكەى كاكۆدا

ڕۆمانى (پێنجەمين كتێب) لە نووسينى ڕۆماننووس جەبار جەمال غەريبەو لە بڵاوكراوەكانى دەزگاى موكريانييە، بەقەبارەيەكى مامناوەندى لە دووتوێى (٣١٩) لاپەڕەدا چاپكراوە. ناوەڕۆكى ئەم ڕۆمانە بەسەر چەند بەشێكدا دابەش بووەو هەر بەشە ناوى خۆى هەيەو پاڵەوانى يەكەمى ئەم ڕۆمانە (كاكۆى ژەنيارى موراد بەگە)، نووسەر لەم بەرهەمەيدا بەهەمان شێوەى بەرهەمەكانى پێشووى بەزمانى فيكرو خەياڵات حيكايەتەكانمان بۆ دەگێڕێتەوە، زمانى ئەم ڕۆمانە لێوان لێوە لە شيعريەيت و مەجاز، بەئەندازەيەك خوێنەر لە كاتى خوێندنەوەيدا بەجۆرێك لە جۆرەكان دەخزێتە ناو ئەو خەياڵەوەو لە دونياى مەنتيق دووردەكەوێتەوە، من پێم وايە بۆ ڕۆمان و بۆ چيرۆك زمانى نامەنتيق و نامەئلوف گرينگە. بەڵام زۆر جار ئەو نامەئلوفە كە سنوورى حيكايەت دەپەڕێنێ تووشى ئاڵۆزيمان دەكات و ئەمەش وا دەكات ئەو دەقانەى كە مەجاز زياد لە ئەندازە بەسەر حيكايەتەكاندا زاڵە دەقێكى تايبەتيان لێدەردەچێ و بۆ كۆمەڵێك خەڵكى تايبەت، كۆمەڵێك خوێنەرە، وەك نووسەر لە پشتى بەرگى ڕۆمانەكە نووسيوێتى (من بۆ كەسێكى تايبەت نانووسم، بەڵام بۆ خوێنەرێكى تايبەت

دەنووسم کە سەرکێشە و حەز بەزمان و فەنتازیاو خەیاڵی جیاواز دەکات. . هتد. جەبار جەمال غەریب لە رۆمانی شێخی داموس و رۆمانی لە سەرباران دەنووسم بەهەمان شێوە گێڕانەوەکان دەچێتە نێو دنیایی فیکر و فەلسەفەوە، مەجاز و شعرییەت زاڵە بەسەر رۆمانەکەدا، سەرئەنجام کەشێکی ئاڵۆز دروست دەبێت .

نووسەر لەم رۆمانە بەخەیاڵاتی فراوان و زمانی مەجاز حیکایەتێکمان بۆ دەگێڕێتەوەو لە سەرەتا بۆ کۆتایی بەنهێنییەکەوە سەرقاڵمان دەکات و سەرەتا بەدەفتەری نهێنیی دایکی سەرنجمان بۆ ناو رۆمانەکە رادەکێشێ، باسی پاڵەوانێك دەکات گەشتیاری نهێنییەکەو زەمەنیش لە ئاڵۆزیدایەو لە هەندێك بەشی رۆمانەکەدا شوێن کوردستانەو لە بەشێکی دیکەدا فینلەندایە.

پاڵەوان (کاکۆی ژەنیاری موراد بەگ) لە ڕێگای کامێرایەکەوە، لە ڕێگای وێنەکانەوە بۆ نێو حیکایەتەکان دەمانبات، بۆ نێو رووداوە تراژیدیاییەکان و تراژیدیای ئەرمەن دەمانبات و پاڵەوانەکان لە کورد و ئەرمەنی پێکهاتوون و لە هەندێك شوێندا بۆ نێو چیرۆکی عەشق و روحانییەت دەمانبات و باسی هاتووچۆی کەسەکان دەکات لە نێو زەمەنەکاندا. ئاڵۆزیی ئەم حیکایەتە یارییەکانی زەمەن و ئاڵۆزکاوبوونی زەمەن و حیکایەتەکان و شوێنەکانە، ئاڵۆزی زمانی مەجازە، زمانێك کە وەك سیحر، خەیاڵات ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. لەزۆر شوێنی ئەم رۆمانەدا نووسەر نیگاری ململانێی خۆرهەڵات و خۆرئاوامان نیشان دەدات، نیگاری رۆژهەڵاتی گەرم و خوێن و هەر لە سەرەتای رۆمانەکەوە بە فربوونی هەیە، بەفر وەك سروشت وەك مەجاز هەندێك جار شێوەی کۆدێکی وەرگرتووەو لە هەندێك شوێندا بۆ نێو حیکایەتێکی خوێناوی دەمانبات، بۆ نێو گۆمی



خوێن دەمانبات و حیکایەتی خوێن و جەنگ و کوشتنی مرۆڤەکان باس دەکات.

بەشێك لەم رۆمانە گێڕانەوەیە لە ڕێگای کامێراوە، لە ڕێگای وێنەکانەوە، وێنەکانی جیمس پۆڵ براون و کامێراکەی کاکۆ، بەشێك لەم رۆمانە لەمەڕ عەشق و مۆسیقایە، باسی عەشقی مرۆڤێك بۆ سەفەر، عەشقی ئۆڕانۆس بۆ رۆژهەڵات، ئۆڕانۆس لە حیکایەتەکەدا شێوەی مەسیحی وەرگرتووە، وەك کاکۆ دەڵێ ئۆڕانۆس وەك مەسیح قوربانی هەموو دونیایە، حیکایەتی ئۆڕانۆس، حیکایەتی عەشقە، ئۆرانۆس لەپڕێکدا وندەبێت و لەپاش خۆی ئامێرێکی مۆسیقا و نامەیەك بۆ دڵدارەکەی بەجێ دەهێڵێ، ئەو نامەیە بۆ دڵدارەکەی بەجێدەهێڵێ و حیکایەتی ئەو نامەیە ئەوەیە، کە دەستاودەست دەکات و باخەوانێك ئەو نامەیەی ئۆڕانۆس هەڵدەگرێت و چاوەڕوانی دلبەرەکەی ئۆڕاۆنس دەکات  و دلبەرەکەی ئۆڕانۆس نایات و ئیدی باخەوانەکە نامەکە دەدات بەکوڕەکەی، ئەو نامەیە تا کاتی گێڕانەوەی رۆمانەکە هەر بەداخراوی لەلای باخەوانەکانەو دەستاو دەست دەکات و دلبەری ئۆڕانۆسی عاشق  و ونبوو هەر دیار نییە، باڵندەی تۆس بەشێکی ئەم حیکایەتە ئەگێڕێتەوە، لە زۆربەی بەشەکاندا باڵندەی تۆس ئامادەگی هەیە، وەك ئەوەی بەشێك لە نهێنیی چیرۆکەکە بێت. کاکۆ وەك باڵندەیەك هەمیشە لەدوای ئەو نهێنییەدا دەگەڕێ کە ئۆڕانۆس لەگەڵ خۆیدا

بردوویەتی. خولاسە ئەم رۆمانە حیکایەتی گەڕان و سەفەری ئۆڕانۆسە، سەفەرێکی ئەبەدی، گەڕانی کاکۆیە لەدوای نهێنییەك، وێنەی روح و روحانییەت لەم رۆمانەدا بەدی دەکرێت، سەفەری ئۆڕانۆس و گەشتەکانی ناو ئەم رۆمانە شێوەیەك، یاخود وێنەیەکی مەسیحمان نیشان دەدات، وەك

گەشتە روحانییەکانی نیکۆس کازانزاکی، گەشتەکانی کاکۆ لە کوردستان، لە رۆژهەڵاتەوەیە بۆ ئەوروپا، بۆ بەستەڵەکەکانی ئەوروپا، بۆ لای نهێنییەك کە کاکۆ لای وایە ئەو نهێنییە لەوپەڕی دونیایە، گەشتێك بەدونیادا روحێك کە پێیەکی لە فینلەندایە و پێیەکی لەکوردستان و دەچێتە سنە، دەچێتە هەموو شوێنێك.

کاکۆی ژەنیاری موراد بەگ پاڵەوانی سەرەکی ئەم رۆمانەیەو کلیلی گێڕانەوەو نهێنیی حیکایەتەکان لەلای ئەوەو نهێنیی دەرکەوتن و چاوەڕوانی ئۆرانۆس هەر لەلای ئەوە.



## تەونێك لە شیعر و وشە

دیوانی تەونی شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە کۆمەڵێك تێکست پێکهاتووەو زۆربەیان بەرهەمی ساڵی (٢٠٠٨)ن، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای سەردەمە. تەونەکەی شاعیر ئەم جارە کۆمەڵێك شیعرو پەخشانی رەنگاورەنگی چنیوەو شاعیر لەم بەرهەمەیدا شیعری بۆ کۆمەڵێك کەسایەتی ناودار نووسیوەو کۆمەڵێکی دیکەی شیعرەکان بۆ شارەکان و ناوچەکانی کوردستانە، تەون هەستی شاعیرە بۆ کەریم کابان و حەمە رەش و کاکە حەمەی هەرمێ گوڵاوی و جەلیل فەیلی و ساڵح یوسفی و سەعید ناکام و مەحمود دەروێش و. . کۆمەڵێ ناوی دیکە.

بەشێکی دیکەی ئەم بەرهەمە ئەو شیعرانەیە کە وەك جۆگەلەی وشە بەنێو دۆڵ و ئەشکەوت و شاری کوردیدا رۆدەچێت. لێرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە شەمەندەفەری شیعری شێرکۆ جیاواز لە هاوسەردەمەکانی هێشتا وەك شەمەندەفەرێکی تیژڕەو بەنێو زەمەندا دەڕوات، بەزەمەنێك دەگات، کە زەمەنی ماناو ئاڵۆزی و دژواریی شیعرە، زەمەنی دروستکردنی تابلۆیە بەوشە، لەم کۆمەڵە شیعرو پەخشانانەدا، شاعیر نیگاری سروشت و عەشق و جوانی و کارەساتمان بۆ دەکێشێ، لە هەندێك شوێندا شیعر دەبێت بەچیرۆك و شتێکمان بۆ دەگێڕێتەوە. شاعیر لە تەوندا بەکۆمەڵێك نەفەسی کورت بۆ دونیای گوزارشتەکان دەمانبات و بەردەوام قورسایی شیعری دەخاتە دواهەمین دێڕەوە، باشتر بڵێم لە زۆربەی ئەم پارچە

شیعرانەدا شاعیر بەرستەیەکی سەرەتانی کۆتایی بەشیعرەکە دەهێنێ، کە زۆرجار دواهەمین گوزارشتە لە هەستەکانی خۆی و دەرخستنی ئەزموونی خۆی لە شیعردا، کاتێك کە (ئەشکەوتە پیرۆزەکە)ی شاعیر دەخوێنینەوە شیعری هاودەممان بیردەکەوێتەوە کە شێرکۆ بێکەس لە سەردەمی نەفی کردنیدا لە باشوری عێراق نووسیوێتی و گوزارشتەکانی ناخی خۆی کردووە بەشیعر، دانیشتنی شاعیر لە کەنار ئاوی فورات تا هەر نەبێت شتێك لە ژانی دووری وڵات و خاکی کەم بکاتەوە. لە شیعری (ئەشکەوتە پیرۆزەکە)دا شاعیر بۆ رابردووی خۆی و هاوڕێکانی دەگەڕێتەوەو بەشیعر کۆمەڵێك فۆتۆی خۆی و هاودەمەکانی نیشانی خوێنەر دەدات، بەزمانێکی شیعری فیلمێکی راستەقینە دروست دەکات، فیلمێك بەوشە تۆمار کراوە نەك کامێرا. گێڕانەوەی بیرەوەری کارێکی ئاسانە، بەڵام ئەوەی کە گرانە ئەوەیە، چۆن بەزمانێکی شیعری بیگێڕینەوە، شاعیر ئەم گێڕانەوەیەی بەوەسفێکی شیعریی قەشەنگ کردووە، لەم شیعرەدا ئەشکەوت چاوی هەیە دەگری، بەرد دەمی هەیە ئەنەڕێنێ، شمشاڵ ئازادی ئەژەنێ. .

ئەوە هەستی شاعیرە روح دەدات بەشتە بێ روحەکان.

بەشێکی زۆری ئەم ئەزموونە مامەڵەکردنی روحدارو شتە بێ روحەکانە لەگەڵ یەکدا. وەك مردنی دکتۆرو گریانی دەرمان، هاوکات کۆمەڵێك لەم پارچە شیعرانە گوزاشتی سیاسی و بابەتی رەخنە ئامێزن بەشیعر رۆدەچنە نێو روحی ماندوو و بێزارەوە، هەرچی شیعرە ژنەکانە بۆ جوانی ژن و عەشق و رووت بوونەوە نوسراون و گەنجبوونەوەی شاعیر نیشان دەدەن، لەچەند شیعرێکدا شێرکۆ بێکەس جوانیی ژنانی وڵات و خاك و مەعشوقەکەی بەباڵای یەك دەگرێ، لەم کۆمەڵە شیعرەدا بەجۆرێك روحی



شاعیر تێکەڵ بەسروشت دەبێت، کە وشە دەبێت بەگەڵاو گوڵ و رستە دەبێت بەئاو. وەك شاعیر دەڵێ:

من نیوەی لەشم درەختەو
نیوەکەی ترم کەنارە.
بۆیە کە شیعر ئەنووسم
نیوەی وشەم باخی سێوەو
نیوەکەی ترم رووبارە.

شاعیر لێرەدا نیگاری بەریەککەوتنی خۆی دەکێشێ لەگەڵ سروشتدا، خەیاڵ دەباتە بەردەم تەونی جاڵجاڵۆکە تا فێری ئەو جۆرە چنینە وردو چڕە ببێت، کە بەشیعر فەرشێك بچنێت، ئەو فەرشە ژیانە بە تەواوی شتەکانییەوە، چنینی عەزاب و خەم و جوانی و رووتی ژن و ئازاری ژن و کارەساتە گەورەکان و داڕوخانی شاران ئەشکەنجەی زۆردارانە، لە تەوندا شیعرەکان سیمای فەرشێکیان هەیە، فەرشێك کە لێوان لێوە لە هەستی شاعیرو جوانیی ژن و سروشت و رووداوەکان. بەڵام بەزمانی شیعر چنراوە، پەنجەکانی شیعر لەسەر فەرشێکی رەش نیگاری هەڵەبجە دەکێشێ، وەك وێنەگرێك وێنەی ماچێ دەگرێ کە لە چرکەیەکدا باخ بۆ ئاوی دەنێرێ و ماچ ئاوی لێ دەچۆڕێ و دڵۆپەکانی ئاویش سەرەنجام بەوشە دەبن، لەم ئەزموونەی شێرکۆ بێکەسدا گرینگی بەوێنەی شیعری و حیکایەتی سروشت و مامەڵەی گەڵاو درەخت و ئەشکەوت و رووبارو بەفر. . لەگەڵ یەکتریدا باس دەکات، گفتوگۆ لەنێوان درەخت و ئاودا دروست دەکات، هاوکات حیکایەتی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە لەخۆیەوە تا هاوڕێکانی، تا شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی، ئەم کارە جۆرێکە لە گێڕانەوەی

مێژوویی، له ئەشكەوتی (سەردێمان) و (صالح یوسفی و جەلیل فەیلی و. .

) تا (ئەدۆنیس و مەحمود دەروێش).

خـەیاڵاتی خـۆی دەكـات بەشـیعر كاتێـك دەیـەوێت بـچێتە نـاو ژیـانی فەرشێكەوە. وەك له چیرۆكه شیعری (فەرشی سەر دیوارەكـە) دا دەبیـنین شاعیر بۆ نێو فەرشەكه هەنگاو دەنـێ و خـەیاڵ بـەژیانی نێـو فەرشـێكەوە دەكات، كه نیگارێكی بێ روحـەو شـاعیر روح دەخاتـە بـەری و چـیرۆكێكی لێدەئافرێنێ، كه جوانتره لـه چـیرۆكەكانی واقیـع، بـەجۆرێك لـه جۆرەكـان ئەزموونی (فەرشی سەر دیوارەكه) چیرۆكه باشتر بڵـێم شـیعرێكه رەگـەزی چیرۆكی تێدایه. دواجار (تەون) چـنینی كۆمـەڵێك وێنـەی رەنگاو رەنـگ و رووداوه بەوشه.



## رۆمانی ٩٩ فرانك
## ململانێی بـازاڕ و سەردەمی مەرگ

فریدریك بیگبیرید رۆماننووسـی نـەوەی نـوێی فەرەنسا لەسـاڵی ١٩٦٥ لـه نـویی سورسـین لـه بنەماڵەیـەكی رۆشـنبیر لـەدایكبووه، لـه بـواری پڕوپاگەندەی بازاڕ و ئابووریـدا كـاری كـردووه سـاڵی ١٩٩٠ یەكـەم رۆمـانی بڵاوكردووەتەوه، پەیمانگەی زانسته سیاسییەكانی له پاریس تەواوكردووه، ساڵی ٢٠٠٢ بەرنامەیەكی گفتوگۆی له كەناڵی بلوسـی فەرەنـسی پێشكەش دەكرد، رۆمانەكانی بیگبیدیر بریتین له ذاكرة رجل الشباب بالانزعـاج سـاڵی ١٩٩٠ چاپ و بڵاوی كردووەتەوه، ١٩٩٤ رۆمانی عطلة فـی غیبوبـة–١٩٩٧ الحب یدوم ثلاث سنوات–ساڵی ٢٠٠٠ رۆمانی ٩٩فرانك–سـاڵی ٢٠٠٣ ویندوز علی عالم–ساڵی ٢٠٠٥ روانسیة الانانییة–٢٠٠٧ مغفرة تعلیمـات–٢٠٠٩ روایـة الفرنسیة–چیرۆكەكانی بریتین له انبا ء عن النشوة ساڵی ١٩٩٩– ساڵی٢٠٠١ وتارەكانی بەناوی جرد نهایة قبل التصفیة.

فریـدریك بیگبیـدیر بەیـەكێ لـه رۆماننووسـەكانی نـەوەی نـوێی فەرەنـسا دادەنرێـت، بڕوانامـەی لـه بـواری ریكـلام و پڕوپاگەنـدەی بـازاڕ و فرۆشـتن وەرگرتووه، بیگبیدیر له ئاژانسی یونگ رۆبیكەم كاری ریكلامی دەكـرد لـه دوای بڵاوبوونەوەی رۆمانی نەوەد و نۆ فرانكەوه له كارەكەی دەردەكرێت، هاوكات بیگبیدیر وەك رەخنەگر له چەند گۆڤارێك و بەرنامـەی تەلـەفزیۆنی كاردەكات، رۆمانی نەوەد و نۆ فرانك باس له خۆشەویستی و سـەرمایەداری

و بابەتی پڕوپاگەندەی بازاڕ دەكات و ئەم ڕۆمانە شەش بەشە و هەر بە شەو ناونیشانێكی هەیە و لە ناوەوە بەشەكان بەسەر چەند بەشێكی تردا دابەش دەبن ئەم ڕۆمانە چیرۆكی بازرگانی و ڕۆژگاری تازە دەگێڕێتەوە و باسی سەردەمێك دەكات، كە مرۆڤ وەك شمەكێك وایە، ڕووداوەكان لەبارەی دونیای سەرمایەداری و عەولەمەو بازاڕەوەن، وێنەكانی نێو ئەم ڕۆمانە گوزارشتن لە دونیای تازە و سەردەمی تەكنەلۆژیا، پاڵەوانی ڕۆمانەكە كەسێكی سەرشێتە و هەمیشە لەبارەی ئامانجی بوونەوە دەدوێت، هاوكات لەبارەی خۆشەویستییەوە دەدوێت بەڵام پێی ناگات، چونكە خۆشەویستی پێویستی بەقوربانی دانە و ئەویش ئامادە نییە قوربانی بۆ عەشق بدات و ئەو مرۆڤی سەردەمێكی نوێیە، كە خودی ژیان بەهیچ شتێك ناگۆڕێتەوە، ئەمە وێنەی ئەوروپایەكە بەقۆناغی سەرمایەداری و تەكنەلۆژیادا تێدەپەڕێت، نووسەر دەیەوێت لەم بابەتەوە باس لە سەدەی بیست و یەك و ژیانی هاوچەرخی ئەوروپییەكان بكات، چیرۆكی سەردەمێك كە ئیتر پیرۆزییەكان كاڵ دەبنەوە، پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە وەك زۆرێك لە هاوسەردەمەكەی ئامادە نییە قوربانی بۆ عەشق بدات و تەنها لەزەت و خۆشییەكانی عەشقی بەلاوە گرینگە، ئیدی كەس ئامادە نییە وەك چیرۆكە ئەفسانەییەكان ژیانی خۆی بكات بەقوربانی بۆ عەشقێك، ئەم سەردەمە ڕۆژگاری فەرهاد و مەجنوون مەم نییە، عەشق لە پەیوەندییەكی خێرادایە و دەستپێكی عەشق سێكسە، مرۆڤ لە وەها سەردەمێكدا دەیەوێت وەك كەرەستەیەكی ماتەری عەشقی دەست بكەوێت. فریدریك بیگبیدیر باس لە سەردەمێك دەكات، كە مرۆڤەكانی بەدوای كامەرانیدا دەگەڕێن، ئاسوودەیی لەكوێ بێت بۆ ئەوێ دەچن، چەمكی عەشق و نیشتیمان و پیرۆزییەكان كاڵ بوونەتەوە، سەردەمێك كە



موقەدەس گرینگ نییە ئاسوودەگی گرینگە، خۆشبەختی گرینگە. پاڵەوانی ڕۆمانەكە ئۆكتاف كەسێكە لە بواری ریكلامدا ئیش دەكات، ئۆكتاف لە سەرەتای ڕۆمانەكەدا وەك گێڕەرەوەی ڕۆمانەكە دێت قسە و باسی خۆی دەكات، گێڕەرەوە چیرۆكی خۆشبەختی بۆ خۆی و بۆ خەڵك دەگێڕێتەوە، ئاسوودەیی گوتارێكی ئەم ڕۆمانەیە، ئاسوودەیی لای مرۆڤی هاوچەرخ لە هەمووشتێك گرینگترە، ئەم ڕۆمانە ململانێی سەرمایەداری و كار و بوونی مرۆڤ و دەستەبەری كارە، گێڕەرەوە لە بەشی وەبەرهێنانی شیر كاردەكات و باسی بازرگانی گەورە دەكات و حیكایەتی سەرمایەداری شیر دەگێڕێتەوە، چیرۆكی ژیان و خۆشگوزەرانی مرۆڤ دەگێڕێتەوە لەسەدەی بیست و یەكدا، باسی مرۆڤی لە كاركەر (مستهلك) دەكات رۆحلەبەرێك لەدواهەمین رەگەز، نووسەر دەچێتە نێو باسی بیروباوەری ماركسییەوە و گوزارشتەكان لەبارەی ژیانی سەرمایەدارییەوەن، هاوكات باس لە چێژی ئەدەب و نووسین و گۆڕانی جیهان دەكات، نووسەر لەژێر تیشكی گوتەیەكی گرامشیەوە دەڵێت: دەبێت دونیا بگۆڕێت، بیگبیدیر هاوكات دەچێتە نێو ژیانی كەسایەتییە شۆڕشگێڕەكان و فەیلەسوفەكانەوە و لەبارەی ژیانی گۆرباچۆف و گیڤارا و نیتشە و ماركس و ترۆتسكی و ئارتۆر رامبۆ و قەسیدەیەكی بۆدلێر و فیلمی هیندی و ئەمریكی و ڤیستیڤاڵی كان دەدوێت، نووسەر دەیەوێت بچێتە نێو گوتارێكی فیكری ئابووریو ڕۆشنبیرییەوە، دەچێتە نێو ململانێی سەرمایەداری و لیبرالییەتەوە، نەخشی بازاڕی ئەوروپا دەكێشێ، بازاڕێك كە ڕۆژبەرۆژ گەورەتر و ترسناكتر دەبێت، چیرۆكی ئابووریی بازاڕ دەگێڕێتەوە، تەواوی ڕووداوەكانی ئەم ڕۆمانە لەبارەی بازاڕ و كڕین و فرۆشتن و وەبەرهێنانەوەن، وەبەرهێنان ئەو مەكینەیەیە كە ئەمڕۆ ژیانی ئەوروپا و

ئەمریکا و هەندێك وڵاتانی ئاسیای بەرەو ئاراستەیەکی دیکە بردووە، باس لە ئەمریکا دەکات، کە چۆن بەهۆی پەیوەندی و ریکلامەوە دەستی بەسەر دونیادا گرتووە و چیرۆکی وەکالەتەکانی ریکلام دەگێڕێتەوە لە ناوەراستی سەدەی بیستەمدا، چیرۆکی پیشەسازی لەپاریس، چیرۆکی خۆشەویستیی جەستەیی دەگێڕێتەوە، پەیوەندیی جەستەیی تازەترین جۆری پەیوەندییە، کە مرۆڤەکان لە رێگای جەستە و لەزەتی جەستەییەوە کۆدەبنەوە، پەیوەندییەك کە کار و پیشە و لەزەت دروستی دەکات لەنێوان مرۆڤەکاندا پەیوەندی مرۆڤەکان لەسەردەمی پارەو بازرگانی و داهاتدا، پاڵەوانی رۆمانەکە عاشقێکە لەو جۆرانەی کە نایەوێت قوربانی بۆ عەشق بدات، خۆشەویستی ئەو جەستەییە، عەشقێکی راستەقینە ناکات بەڵکو بەدوای چێژ و لەزەتی جەستەییدا دەگەڕێت، بەدوای سێکسدا وێڵە لە عەزابی عەشق هەڵدێت، هۆکاری مردنی ملیۆنەها مرۆڤ بۆ پیسبوونی کەش وهەوا دەگێڕێتەوە، دووکەڵی کارگەکانی پیشەسازی پیسبوونی ژینگە و فەرامۆشکردنی سروشت وەك هۆکارێك بۆ مردنی مرۆڤەکان و مەترسی گۆڕانکاری سروشتی و فیزیایی لەسەر زەمین، ئیتر بوونی کارگەکان گرینگتر لە بوونی مرۆڤەکان، لەم رۆمانەدا نووسەر چیرۆکی خۆکوشتنی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوە، چیرۆکی خۆکوژیی دوانزە هەزار مرۆڤ لە جیهاندا دەگێڕێتەوە، بە داتا ژمارەی خۆکوژەکان باس دەکات، بەشێکی ئەم رۆمانە گوتاری خۆکوژی مرۆڤەکانە، حیکایەتی دابەشبوونی مرۆڤایەتی بۆ دووچین باس دەکات، چینی زۆر هەژار و چینی زۆر دەوڵەمەند، چینی ناوەند نەماوە، لێرەوە دۆخەکە مەترسیدار دەبێت و نەمانی چینی ناوەند و زۆربوونی چینی هەژار و کەمی چینی دەوڵەمەند مەترسی ئاژاوە گەورەکەی لێ دەکرێت، شۆڕشی کرێکاران و راپەڕینی



برسییەکان، ئیدی تاکە چارەسەر قڕکردنی برسی و هەژارەکانە، لە ناودانی هەژارەکان لە پێناوی کەمکردنەوەی رێژەی دانیشتووانی سەر زەوی، تا کۆمەڵێك بە خۆشی و تێر و تەسەلی بژین، لە پێناوی ئەوەی کە نان بەشی مرۆڤەکان بکات دەبێت هەژارەکان لە برسا بمرن و سامانداراەکان بە ئاسوودەیی بژین، ئەم بابەتە لەسەردەمی ئەمڕۆدا بووە بە کێشەیەکی گەورە، مرۆڤایەتی بووە بە دووچین و بەشێکی کەمی دەوڵەمەند و خاوەن سامانە و بەشێکی زۆری هەژارە و خاوەن سامانەکان لە دەرد و بەڵا دەپارێزرێن و تەندروستی باش و دەرمانی باش و خواردن و حەوانەوەی باش و هەرچی هەژار و نەدارەکانە برسی و نەخۆش و ناتەندروستن.

سەرئەنجام تا دەوڵەمەندێك دەمرێت هەزار هەژار دەمرێت، کەچی هێشتا هەژار زۆرترە لە دەوڵەمەند، لە لاپەڕە نەوەدو شەشدا نووسەر باسی عەشقێکی سەیر دەکات، عەشقی پیاوێك بۆ ژنێك کە قژی باڕۆکەیە و چاوی عەدەسەیە، مەمکەکانی دەستکردن، ئەمە گوزارشتە لە ژیانی تازەی رۆژئاوا، تەکنەلۆژیا روخسارەکان دەگۆڕێت، پیرو ناشیرینەکان جوان دەبنەوە، سەردەمی سەرمایەداری سەردەمی پارەیە، هاوکات لە ئەفریقا مرۆڤ لەبرسا دەمرێت، ئایا خۆشبەختی لە پارەدایە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لە رۆمانەکەدا هاتووە، پارە لە سەردەمی ئەمڕۆدا پەیوەستە بەهەمووشتێکەوە، پارە مرۆڤ خۆشبەخت دەکات و پاڵەوانی ئەم رۆمانەش نایەوێت قوربانی بۆ عەشق بدات و لەو مرۆڤانەیە، کە کوڕی سەردەمەکەی خۆیەتی و پارە و ئاسوودەیی بەلاوە گرینگە، نەك مۆدێکی کۆنی عەشق، لە بەشێکی دیکەی رۆمانەکەدا باسی ئەو ئەدیبانە دەکات کە خۆیان کوشتووە، لەوانە هەمنگوای و کافاباتو و لافاریا و دریو. . . . و باسی بوونی نەخۆشیی سبید افیل "شذوذ جنسی" دەکات لە رۆژئاوا

چیرۆکەکانی مومارەسەی سێکسی ئەو ژنانە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ نەخۆشەکاندا جووت دەبن و هیچ چارەسەرێکی دژە نەخۆشییەك بەکارناهێنن، نێربازی و سێکسی ژن لەگەڵ ژندا ڕووداوێکە لە ئەوروپا تەشەنەی سەندووە، سەرئەنجامی ئەو مومارەسە ناتەندروستانە نەخۆشیی لادانە سێکسیەکان و ئایدز دروست دەبێت، ئەمە چیرۆکی ژیانی تازەی ڕۆژئاوایە و سێکس و نەخۆشییەکانی مەترسین بۆ مرۆڤەکان، نووسەر باس لە مردنی ملیۆنێك مرۆڤ دەکات بەئایدز لە سەرانسەری جیهاندا، هۆکاری نەخۆشی و شەڕ و هەژاری دەگێڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی سەرمایەداری، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی مردنی موقەدەس و لەدایکبوونی سەردەمی تەکنەلۆژیایە و بازرگانی و ئابووریی ترسناك، زوومی کامێراکەی بیگبیدیر لەسەر ژیانی ڕۆژئاوا و جیهانە لە سەردەمێکی تازەدا نووسەر باسی مەترسییەکانی سەردەمی سەرمایەداری دەکات و باس لە مردنی عەشق و موقەدس دەکات و چیرۆکی ژیانی جەستەیی و مردنی ڕۆح دەگێڕێتەوە و پەردە لەسەر ژیانێکی مەترسیدار لادەدات، کە دەسەڵات بەسەردەمێکی ئاسوودەی دادەنێت، باس لە شەڕی ئەتۆم و ململانێی دەسەڵات و سامان و ئەم شەڕ و ململانێیانە سەرئەنجامەکەی مەرگی هەژارانە، سەردەمێك عەشق دەبێت بەچێژێکی جەستەیی و هیچی تر، سەرئەنجام کەشێکی غەمگین دروست دەبێت و هەموو شتێك دەبێت بەپارە و عەشقی ڕاستەقینەش مەگەر لە نێو ڕۆمان و چیرۆکەکاندا بێت، بەڵام مرۆڤەکان نائومێد نابن و شەڕ لە پێناوی عەشقی ڕاستەقینەدا دەکەن، تا خێزان بەجۆرێکی تازە و تەندروست دەخوڵقێنن، دروستبوونی خێزانێکی تازە، ئەم ڕووداوانە کابوسی ڕۆژئاوان و ژیانی ڕۆژئاوا لەنێو تەکەنەلۆژیادا بەرەو دۆخێکی مەترسیدار دەڕوات و هاوکات تەکنەلۆژیا دونیایەکی خۆشگوزەران دروست دەکات، کەرەستەی



تەکنەلۆژیا بۆ ئاسوودەیی مرۆڤە، بەڵام بۆ مرۆڤە دەوڵەمەندەکان نەك هەژارەکان. ململانێکان لە پێناوی دەسەڵات و بازرگانی و پارەیە و ئەم ململانێیەش هۆکاری مردنی ملیۆنەها مرۆڤی هەژار و بێتاوانە، نووسەر لە ڕێگای ریکلامە بازرگانییەکانەوە باسی ڕووداو مەترسیدارەکانی پشتی پەردە دەکات.

## رۆمانی قوم جۆلای...
## حیکایەتی ململانێی رەش وسپی
## شەقامەکانی ئەفریقا رووباری خوێنێکی رەشن

رۆمانی قوم جۆلای کە بەکتێبی نۆبڵ ناودەبرێ و لە نووسینی نادین گۆردیمرە، ساڵی ١٩٩١ خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا، نادین گوردیمر ژنە رۆماننووسی ئەفریقی لەساڵی ١٩٢٣دا لە باشووری ئەفریقا، نزیك شاری جۆهانسبێرگ لەخێزانێکی ئەوروپی لەدایکبووە، ئاستی رۆشنبیریی خێزانەکەی هاندەری دەبێت بۆ خوێندنەوە، هەر زوو دەست بەخوێندنەوەی رۆمانە فەرەنسی و رووسییەکان دەکات، کە بۆسەر زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرابوون، هاوکات ئەدەبی ئینگلیزی دەخوێندەوە، بۆ خوێندنەوە رۆژنانە دەچووە ئەوکتێبخانەیەی کە لە شارەکەیاندا بوو، گوردیمر لە خێزانێکی سپی پێستی کۆچبەری ئەوروپییە، خاوەنی حەوت کۆمەڵە چیرۆکە و هەشت رۆمانە، لە رۆمانەکانی قوم جولای، عالم الغربا ء، ضيف الشرق، رفاق ليفينغستون، عناق جندی،. . . گوردیمر لە ساڵی١٩٧٥دا خەڵاتی (سی ئێن ئەی) وەردەگرێت و هەمان ساڵ خەڵاتی النسر الذهبی فەرەنسی وەردەگرێت، ساڵی ١٩٨٥ خەڵاتی مالابارتی ئیتاڵی و خەڵاتی نیلی ساکسی ئەڵمانی وەردەگرێت، ساڵی ١٩٨٦خەڵاتی بینیت ی ئەمریکی وەرگرت، رۆمانی قوم جۆلای چیرۆکی خێزانێکە ژیانیان شێوە ئەوروپییە، بام و مورین و منداڵەکانیان رویس،



جینا، فیکتور، هەڵدێن و جۆهانسبێرگ بەجێ دەهێڵن، چیرۆکی ئەم رۆمانە شەڕی رەشپێست و سپی پێستە، باسی ململانێی مرۆڤەکان دەکات و سەرئەنجام بام و مۆرین گوندەکەی خۆیان بەجێ دەهێڵن، زەمەن رۆژگاری شۆڕشی رەشپێستەکانە و چیرۆکی داگیرکاری ئینگلیزەکانە، هاوکات چیرۆکی تراژیدیای ژنان دەگێڕێتەوە لە باشووری ئەفریقا، کە وەك کویلە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و کاریان پێدەکرێت، نووسەر بۆ نێو رێپێوانی نارەزاییەکان دەمانبات لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا، چیرۆکی شۆڕش و شەڕی شەقامەکان باس دەکات و هێزی سەربازی رەشپێستەکان لەمۆزەمبیق و کوشت و بڕی مرۆڤەکان و ئازاردانی رەشپێستەکان. . . هەموو ئەو چیرۆکانەی کە لە داگیرکاری ئەفریقا لە لایەن سپی پێستەکانەوە رووی دەدا، ئەم رۆمانەی گۆردیمر حیکایەتی ئەو رووداوە سیاسییانەیە، کە لەسەدەی رابردوودا لە ئەفریقیا رووی دەدا و بەهۆی داگیرکەری ئینگلیزییەوە، ئەو کاتەی کە ئینگلیزەکان زوڵم لە ئەفریقییەکان دەکەن و کەلتوور و زمانی خۆیان بەسەریاندا دەسپێنن و هەرچی رەشپێستەکان لەبەرانبەر ئەو زوڵمەدا خۆیان ناگرن و ئیدی رەشەکان کە بەچاوی سووك سەیر دەکرێن بریاری شۆڕش دەدەن و بەرەنگاری ئینگلیزەکان دەبنەوە، گوردیمر لەنێو ئەو رووداوە سیاسی و داگیرکارییانەدا ژیاوە، ئەو شوێنەش کە لێی هاتووەتە دونیاوە، ژێردەستەی داگیرکەری رۆژئاوایی بووە، لەنێو ململانێکاندا گەورەبووە، هەر ئەو ململانێیەیە دەبێت بەچیرۆکی ئەم رۆمانە و چەندین رۆمانی دیکە، کە نووسەرەکانی ئەفریقا گوزارشتیان لە ژیانی ئەو هەرێمە کردووە وەك تەیب ساڵح لە رۆمانی وەرزی کۆچ بەرەو باکور باسی ئەو کێشەو ململانێیانە دەکات، کە لە ئەفریقیا لەنێوان رەشپێست و سپیپێستەکان

ڕوودەدات، هەر نووسەر گوردیمر لە ڕۆمانی (ضیف شرف)باسی داگیرکاری ئینگلیز و ململانێی مرۆڤە ڕەش و سپییەکان دەکات، گوردیمر ئەو نووسەرەیە، کە بەرهەمەکانی ئەدەبی سیاسەتە و باس لە داگیرکەر و مرۆڤ و خاکی داگیرکراوی ڕەشپێستەکان دەکات لە ئەفریقا، قوم جۆلایش ئەو ڕۆمانەیە کە چیرۆکی ململانێی ڕەشپێستەکان و سپیپێستەکان دەگێڕێتەوە، وێنەی ئەو زوڵم و ئەشکەنجەیە دەگێڕێتەوە، کە خەڵکی ئەفریقا پێوەی دەناڵێنن، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی سەردەمی هەڵگیرسانی شۆڕشی ڕەشپێستەکانە لە باشووری ئەفریقا و هەڵسانی گەل لە دژی ئەو زوڵم و زۆر و کوشت و بڕەی داگیرکەر بەرانبەر بە خەڵکی ئەو وڵاتە دەیکەن، هاوکات باسی کێشەی ژن و مێردێك دەکات ئەویش تام و مۆرینە کە پەیوەندییەکەیان کێشەی تێدایە و نێوانیان ناخۆش دەکات، بابەتێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە غەمگینییە، غەمگینیی ژن و پیاوی ڕەشپێستی باشووری ئەفریقایە کە ناچاریان کردووە لەو کەشە پڕ لە کابوس و غەمگینییەدا بژی، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی مێژووی سیاسی ئەفریقایە، یەکێکی دیکە لە پاڵەوانەکان جۆلایە کەسایەتییەکی ئاڵۆزە، هەروا بەئاسانی لێی حاڵی نابین، بۆ نموونە دزینی کەرەستەی جۆراو جۆر لەلایەن جولایەوە، حاڵەتێکی لوغزاوییە، لەنێوان مورین و جۆلای ململانێیەك هەیە بۆ دەسەڵات و باسی دەوڵەمەندە سپیپێستەکانی باشوری ئەفریقا دەکات، چیرۆکی قوربانییانی ڕەش و سپی دەگێڕێتەوە لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠ بەهۆی ئەو گرژی و ئاڵۆزییەی ڕێپێوانەکان و شەڕی سەر شەقامەکان، کوشتنی ئەو مرۆڤانەی کە ڕەشپێستن، ئیدی مۆسیقای ترسناکی جەنگ لە گوێی خەڵکدا دەنگ دەداتەوە و سروودی سەرکەوتن و غەمی دۆڕاندان لەلایەکی دیکەوە، سەرکەوتن و دۆڕاندن، شەڕی دوو جۆر مرۆڤ، کە هەر لە



پێستدا جیاوازن هۆکاری بەقوربانی بوونی کۆمەڵێك لە خەڵکە، ململانێکان هۆکاری شەڕێکن کە ئەفریقا دەبێت بەخاکێك سوور لە خوێندا و ڕەشپێستەکان دەبن بەقوربانی، ئەفریقا وڵاتێکە مێژوویەکی هەیە لە داگیرکاری و ئازاردانی مرۆڤەکانی، ئەم ڕۆمانەش وەك ڕۆمانەکانی تەیب ساڵەح دەچێتە نێو کێشەی ململانێ کەلتووریەکانەوە و چیرۆکی داگیرکاری دەگێڕێتەوە، لەم ڕۆمانەدا گوتارێك هەیە کە دەڵێت بۆ کوشتنی هیچ مرۆڤێك چەك هەڵناگرم، ئەم گوتارە لە ڕۆحی ماندوو و غەمگینی مرۆڤە هەستیارەکانی ئەو وڵاتەوە دێت، کە کوشت و بڕ بێزاری کردوون، دواجار ئەوەی دەکوژرێت مرۆڤە ئیدی ڕەش بێت یاخود سپی، گوتاری سەرەکیی ئەم ڕۆمانەش کە لە ڕۆحی نووسەرەوە دەردەچێت بەرگری لە ڕۆحی مرۆڤ دەکات و داخوازی ژیانە بۆ مرۆڤ، وەلێ کێشە و ململانێ کەلتووری و سیاسییەکان مرۆڤبوونی بەلاوە گرینگ نییە، دەسەڵات و داگیرکاری بەلاوە گرینگە، ئەم ڕۆمانەش چیرۆکی ئەو ڕووداوە سیاسییانەیە، کە سەرئەنجام کوشتنی مرۆڤە، لە هەر چینێك بێت، لە هەر ڕەنگێك بێت، کوشتنی مرۆڤ.

## رۆمانی مصائر الغبار
## مەرگ لە شەقامەکانی بەیرووتدا

راوی حاج رۆماننووسی کەنەدی –لوبنانی، لە رەچەڵەکدا لوبنانییە و جگە لە رۆماننووسین کاری فۆتۆگرافی دەکات، حاج لە رەچەڵەکدا لوبنانییە و ماوەیەك لەنێوان لوبنان و قوبرسدا ژیاوە و دواجار کەنەدا هەڵدەبژێرێت، لە جعیتاوی لە لوبنان ساڵی ١٩٦٤ لەدایکبووە، هەربەخێزانی عاشقی کتێب و خوێندنەوەن و دایکی فەڕەنسی زانە و باوکی خوێنەرێکی جدیە، جگە لە رۆمان چیرۆك و وتاری ئەدەبی دەنووسێت، نۆساڵی تەمەنی لە شەڕی ناوخۆی لوبنانیدا بەسەربردووە لە نێوان لوبنان و قوبرسدا پاشان چووەتە ئەمریکا و لەوێشەوە بۆ کەنەدا، ساڵی ١٩٩٨ لە زانکۆی کۆنکوردیا لە کەنەدا کۆلێژی فۆتۆگرافی تەواو دەکات، لە فەرەنسا و ژاپۆن و لوبنان و ئەمریکا و. . پێشەنگای فۆتۆگرافی کردووەتەوە، ساڵی ٢٠٠٦ رۆمانی لعبة دینیرو خەڵاتی باشترین کتێب لە کەنەدا وەردەگرێت، خەڵاتی امباك دبلن الدولیةی وەرگرتووە، حاج یەکێکە لەو رۆماننووسانەی کە رۆمانەکانی گوزارشتن لە ژیانی لوبنانی و بەتایبەت رۆمانی مصائر الغبار، کە ڕووداوەکانی باس لە شەڕی ناوخۆی لوبنان دەکات، لەم رۆمانەیدا راوی حاج حیکایەتی شەڕی ناوخۆی لوبنان باس دەکات و وێنەی بەیروتێك دەکێشێت کە وەك دۆزەخ وایە و چیرۆکی ئەو بۆمبایانە دەگێڕێتەوە بەیروت کاول دەکەن و مرۆڤەکان دەکوژێن. ئەم رۆمانە کەشێکی تراژیدی



دەخولقێنێت، وێنەیەکی خوێناویی بەیروت نیشان دەدات و چیرۆکی هەڵهاتنی مرۆڤی لوبنانی بەرەو تاراوگە دەگێڕێتەوە، حاج گوزارشت لە بەیروتێك دەکات کەجوانی و ئارامی لێ زەوت کراوە و پێکدادانی میلیشیاکان کاولی کردووە، چارەنووسی غوبار چارەنووسی بەیروتێکی خوێناویە. دەستپێکی رۆمانەکە بەدابارینی هەزاران بۆمبەکە بەیروت کاول دەکات و هاوکات دەنگە غەمگینەکەی فەیروز لەنێو دەنگی بۆمباکانەوە دەبیسترێت، بەرهەمی راوی حاج بە ئەدەبی جەنگ دادەنرێت، ئەم رۆماننووسە بۆ خۆی قوربانیی جەنگە، جەنگی ناوخۆی لوبنانی بێزاری دەکات و سەرئەنجام ژیانی تاراوگە هەڵدەبژێرێت و لە بەرهەمەکانیشیدا باس لە ئەدەبی تاراوگە دەکات و چیرۆکی کۆچی لوبنانییەکان باس دەکات، رۆمانەکانی بەزمانی ئینگلیزی نووسیون و پاشان بۆ عەرەبی وەرگێڕدراوە، لە رۆمانەکانیدا پەیوەندییەك هەیە لەنێوان رۆژهەڵات و رۆژئاوادا و ئەو پەیوەندییە مرۆڤەکان دروستی دەکەن و رۆمانی حاج بەسەر چەند بەشێکدا دابەش دەبێت، هەر بە شەو ناوی تایبەتیی خۆی هەیە و ناوەکان بە ناوی ناوچە و شارەوەن وەك لوبنان پاریس رۆما ئەمەش دەلالەت لەوەدەکات نووسەر بەهۆی دابڕانی مرۆڤەکانەوە پەیوەندییەك لەنێوان شوێنە جیاواز و لەیەك دوورەکان دروست دەکات، کارەساتی توند و تیژی و تراژیدیای شەڕ و غەمگینیی رۆژانە دەگێڕێتەوە، چیرۆکی خۆکوشتن و خوێنڕشتن دەگێڕێتەوە، چیرۆکی مردنی رۆژانەی بەیروت باس دەکات، لە رۆمانی الصرصار دا باس لە چیرۆکی هەڵهاتن بەرەو تاراوگە دەکات، پاڵەوانی ئەم رۆمانە ناوی ئاشکرا نییە ونبووە، بە هۆی شەڕەوە وڵاتەکەی بەجێ دەهێڵێت، بەکاریگەریی عەبەسیەتی پاڵەوانەکانی کامۆ پاڵەوانەکانی راوی حاج عەبەسیانە دەژین، پاڵەوانەکان

ژیانیان سیخناخە لە بۆشایی، لە رۆمانی یاری دینیرودا باسی کۆمەڵێك کەسایەتی دەکات کە لە منداڵیدا و لە سەردەمی جەنگی ناوخۆدا لە لوبنان ژیاون وکاتێك ئەم ڕووداوە دەگێڕنەوە گەورەبوونەو باسی سەردەمی منداڵیی خۆیان دەکەن لەنێو جەنگی مەترسیداری لوبنانی، ئەم رۆمانە گەڕانەوەی پاڵەوانەکان بۆ رابردوویەکی ترسناك کە مامەڵە لەگەڵ توند و تیژی و مردندا دەکەن، راوی حاج رۆماننووسی جەنگ لە ژێر کاریگەریی ئەو ژیانەسەخت و ترسناك و تراژیدییەی تێیدا ژیاوە رۆمانەکانی نووسیوە و ئێستا وەك پەنابەرێك لە تاراوگە لە کەنەدا دەژی و بەرهەمەکانی چیرۆکی هەڵهاتنی مرۆڤی لوبنانییە لە شەڕێکی قێزەون کە لوبنانییەکانی بێزار کردووە، رۆمانی حاج شەمەندەفەری حیکایەتێکە لەنێوان لوبنان و رۆئاوادا، چیرۆکی خوێناوی جەنگ و نیگاری شەقامە خوێناوییەکانی بەیروتە، چیرۆکی شەڕی ناوخۆی حەفتاکانی سەدەی بیست دەگێڕێتەوە چیرۆکی کوشت و بڕ و واقیعی تاڵی سیاسەت، گێڕەرەوەی شەڕی سیاسی و کەلتووری و فیکری و ئاینی و مەزهەبیە، چیرۆکی مێژووی سیاسی و سەربازی لەبەیروتدا، راوی حاج بەجۆرێك لە جۆرەکان ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، بەسەرهاتی شەڕ وهەڵهاتن بۆ تاراوگە، راوی الحاج بەیەکێ لە رۆماننووسە ناودارەکان دادەنرێت، بەرهەمەکانی بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون، راوی حاج وەك زۆرێك لە رۆماننووسەکانی عەرەبی گرینگی بەبابەتی کێشەی فەلەستین دەدات و رەخنە لە ئیسرائیل دەگرێت. لە رۆمانی چارەنووسەکانی غوباردا دەڵێت ئێمە دەڕۆین و ئەم خاکە بۆ شەیتانەکان بەجێ دەهێڵین، هەر لەم رۆمانەدا باسی هێرشی ئیسرائیل دەکات بۆ سەر لوبنان و سوریا، چیرۆکی شەڕی بزووتنەوە سیاسییەکان دەگێڕێتەوە، میلیشیاکان و پارتە عیلمانی و ئیسلامییەکان و شەڕەکانیان



باس دەکات، شەڕی خاك دەگێڕێتەوە، شەڕێك کە قودس و بەیروت و. . لە رۆحی مرۆڤەکان بەپیرۆزتر دادەنرێت. شەڕێك کە بەیروت دەکاتە گۆمی خوێن.

رۆمانەی مصائر الغباری راوی حاج حیکایەتی جەنگی ناوخۆی لوبنان و داگیرکاری ئیسرائیلییە، رۆمانێکی مێژوویە و مێژووی سیاسی و سەربازیی جەنگی لوبنان دەگێڕێتەوە، باسی پێکدادان و شەڕدەکات و چیرۆکی شەڕی موسڵمان و مەسیحی و جوولەکە دەگێڕێتەوە، لەنێو بەیرووتدا، سەرەتای رۆمانەکە بەشەڕ دەست پێدەکات، بەتەقینی قازیفەکان دەست پێدەکات، واتە رۆمانی جەنگە و بەزمانێکی سادە رووداوی جەنگی لوبنانی سالآنی ١٩٧٠ کان تا سالآنی ١٩٩٠ کان باس دەکات، چیرۆکی کوشت و بڕو شەڕی سەر شەقام و ناوماڵەکانی بەیرووت دەگێڕێتەوە، پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکە بەسام و جۆرجە، کە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکن، گێڕەرەوەی رۆمانەکە بەسامە و باسی ژیانی بەیرووت دەکات، لەمەڕ پەیوەندی خۆی و جۆرج دەدوێت، بەسام لە گێڕانەوەکانیدا کردەی ناپاکی و کوشتن ئاشکرا دەکات، لە نێوان خۆی و هاوڕێکەیدا، چیرۆکی واقعی سیاسی لوبنان بەزمانی شیعری دەگێڕێتەوە، سەرەتای رۆمانەکە بەوە دەست پێدەکات، کە گێڕەرەوە بەسام لە ماڵەکەی خۆیدا، لەگەڵ خێزانەکەیدا گوێ لەگۆڕانییە غەمگینەکانی فەیروز دەگرێت و لەو کاتەدا قازیفەکان، روو لە ماڵەکەی ئەوان دەکەن، باوك و دایکی بەسام دەبن بەقوربانی جەنگ و موشەکەکانی جەنگ دەیان کوژێت، یەکەم وێنە لەم رۆمانەدا وێنەی جەنگە لە شاری بەیرووتدا، بەسام چیرۆکی شەڕی میلیشیا چەکدارە مەسیحییەکانی لوبنان وداگیرکاریی ئیسرائیل دەگێڕێتەوە، لەم رۆمانەدا زەمەن لە سالآنی حەفتاکانە دەست پێدەکات و شوێن بەیرووتی

پایەختی لوبنانە و هاوکات چەند شوێنێکی دیکە هەن کە پاڵەوانەکانی رۆمانەکە بەهۆی جەنگەوە رووی تێدەکەن، بەهۆی شەڕەوە پاڵەوانەکان روو لە رۆما و پاریس دەکەن، نووسەر لە زۆر شوێندا بەشێوەزاری لۆکاڵی قسەدەکات وزۆر وشەی بەکارهێناوە کە شێوەزاری لوبنانییە، بەسام و جۆرج دوو هاورێن لە منداڵییەوە یەك دەناسن، (رەنا ) وەك کچێك لەنێوان ئەو دوو کوڕەدایە و گێڕەرەوە باسی پەیوەندیی خۆی و جۆرج دەکات، کە ئەنجامەکەی بە کوشتن و ناپاکی دەگات، سەرئەنجام بەسام بە کەشتی دەچێتە میسر و لەوێوە بۆ فەرەنسا هەڵدێت، شارە خۆشەویستەکەی بەجێ دەهێڵێت و لە تۆز و گەردەلوولی جەنگ خۆی رزگاردەکات، لەگەڵ گێڕانەوەی رووداوەکانی جەنگدا باسی سیخوڕەکانی ئیسرائیل دەکات لەنێو جەنگی لوبنانیدا، شەڕ بەردەوامە و گۆرانییەکانی فەیروزیش بەردەوام لە رادیۆکانەوە دەبیسترێ، جۆرج بۆ دەورەیەك دەچێت بۆ ئیسرائیل، جۆرج تەنها کەسێك کەشك بەرێ نەبیلەی پوورییەتی و بەسام دوای نەمانی دایك و باوکی وەك کەسێکی تەنها دەژی و سەرئەنجام بۆ فەرەنسا هەڵدێت، ئەم رۆمانە چیرۆکی شەڕ و هەڵهاتنی مرۆڤی لوبنانییە بەرەو مەنفا، هاوکات باسی چێژەکانی ژیان دەکات، باسی ماڵی ژنانی سێکسی دەکات و باسی نۆشینی مەی و جگەرە و گوێ گرتن لەگۆرانی دەکات، چیرۆکی هەڵهاتنی دووکچە خوێنکاری موسڵمان باس دەکات و لە شوێنێکدا چیرۆکی هێرشی مەسیحییەکان دەکات بۆ سەر کوردەکانی ئەو وڵاتە، کە چۆن هەڵدەکوتنە سەر کوردەکان و کوخەکانیان دەڕووخێنن و داگیری دەکەن، ئەم رۆمانە چیرۆکی شەڕی عەرەبەکانە لە فەلەستین و سوریا و لوبنان و رووداوی داگیرکاری و کشانەوەی هێزی عەرەبی و پێشڕەویی هێزی ئیسرائیل دەگێڕێتەوە، وێنەی ئەو ساتەوەختانە



دەکێشێت کە بە هەزاران کەس دەکوژرێن و چیرۆکی شەڕی ناوخۆی شوعییەکان و مەسیحی و ئیسلام باس دەکات و ژیانی مەسیحییەکانی رۆژئاوای لوبنان باس دەکات، چیرۆکی کوشتنی پیاوێك باس دەکات لەشوقەکەی خۆیدا کە ناوی لۆرانە، لە دێری یەکەمەوە تا دواهەمین دێر ئەم رۆمانە چیرۆکی هەڵهاتن و کوشت و بڕ و تیرۆرکردنی سیاسییە، ئەگەر پێناسەی ئەم رۆمانە بکەین دەبێت وەك بەرهەمی جەنگ ناوی ببەین، نووسەر راوی حاج بەجۆرێك لە جۆرەکان ژیانی خۆی باس دەکات، گێڕەرەوە وەك نووسەر فۆتۆگرافەرە و بەهۆی شەڕەوە بەرەو رۆژئاوا هەڵدێت، حاج لە زاری بەسامەوە ژیانی خۆی  واقعی سیاسی و سەربازی و جەنگی لوبنانی باس دەکات و لە شەقامەکانی بەیرووتەوە کە نیگاری مەرگ و کوشت و بڕ دەکێشێ و لەوێوە چیرۆکی شەڕێکی سیاسی و سەربازی و کەلتووری و ئاینی و نەتەوەییمان بۆ باس دەکات، پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکە بەسام و جۆرجە و رەنا و نەبیلە و لۆران و جۆزیف پاڵەوانە لاوەکییەکانی رۆمانەکەن، حاج وەك زۆرێك لە رۆشنبیرەکانی عەرەب گرینگی بەکێشەی فەلەستین دەدات و بەرۆحێکی نەتەوەییەوە باسی داگیرکاری و کاولکاری لوبنان دەکات، جەنگی ناوخۆی لوبنان بۆ زۆر هونەرمەند و ئەدیبی عەرەبی بووە بە خامەی نووسین، سەدان پرۆژی رۆشنبیریی لەسەر کراوە، لوبنان وڵاتێکی پێشکەوتووی عەرەبییە و رۆشنبیرییەکی رۆژئاوایی هەیە و لەرووی جوگرافیشەوە دەکەوێتە نزیك ئیسرائیل و هەمیشە پشکی شەڕ بەر لوبنان و سوریا دەکەوێت و تەواوی رۆشنبیرانی عەرەبیش بەگۆرانی و بەتابلۆ و بەرۆمان و. . . کارلەسەر کێشەی عەرەب ئیسرائیل دەکەن، بێدەنگ نین لە ئاستی ئەو داگیرکارییەی ئیسرائیل، ئەم بەرهەمەش چیرۆکی ئەو داگیرکاری و شەڕەیە لەنێوان

عەرەب و ئیسرئیل، هاوکات چیرۆکی جەنگی ناوخۆی لوبنان و بزووتەنەوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەیە، چیرۆکی دەرکەوتنی پارتی شوعییە لە لوبناندا، چیرۆکی هەڵهاتنی تاکی لوبنانی و فەلەستینی و سورییە بەرەو رۆژئاوا، نووسەر لەلاپەڕە ٩٨ی ئەم رۆمانەدا دەڵێت (لەم خاکە هەڵدێن و بۆ شەیتانەکانی جێدەهێڵین) ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم شەڕە چەند شەڕی نەتەوە و خاکە ئەوەندەش شەڕی ئاینە، شەڕی نێوان جوولەکە و ئیسلام و تەورات و قورئان، شەڕێك لەسەر خاکێکی پیرۆزکراو (قدس) ئەوشارەی، کە عەرەب وەك سیمبولێك سەیری دەکات، هەرچی جوولەکەشە بە سیمبوولی خۆیانی دەزانن، ئەم شەڕە تەشەنە دەسێنێ و دێتە خاکی لوبنان و سورییەوە و هەرچی ئیسرائیلە داوای ئەو زەوییانە دەکات، کە دەکەونە سەر رووباری نیلەوە، عەرەبەکانیش داوای خاکی فەلەستین دەکەن و ئیدی ئەم کێشەیە لە ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئەمڕۆ هەزاران مرۆڤی کردووە بەقوربانی و خوێنی هەزاران مرۆڤی رشتووە، رۆمانی (مصائر الغبار) چارەنووسەکانی تۆز یەکێکە لەو رۆمانانەی،کە چیرۆکی ئەو رووداوە خوێناوییانە دەگێڕێتەوە بەتەکنیك و زمانی ئەدەبی و گوزارشتی شیعری، رۆمانێکە لەمەڕ مێژووی سیاسی و سەربازی و خوێناوی لوبنان، حاج وێنەی بەیرووتی کۆست کەوتوو دەکێشێ، وێنەیەکی راستەقینە، وێنەی شەڕێك لە پێناوی ئازادیی مرۆڤی لوبنانیدا، شەڕێکی فیکری و کەلتووری و ئاینی و سیاسی و مرۆڤایەتی.

راوی حاج نووسەرو فۆتۆگرافەری کەنەدی بە رەچەڵەك لوبنانی، لە لوبنان لەدایك بووە، لەنێوان لوبنان و قوبرسدا گەورە بوو، پاشان لەساڵی ١٩٨٢دا چووەتە نیۆیۆرك و پاش خوێندنی هونەری فۆتۆگرافی لە پەیمانگا چووەتە مۆنتریال، حاج چەندین خەڵاتی وەرگرتووە، لە بوارەکەی خۆیدا لەسەر



ئاستی وڵاتانی عەرەبی و دونیا ناوناوبانگی هەیە و بەیەکێ لە رۆماننووسە باشەکان ناودەبرێ، بەرهەمەکانی بۆ زمانە زیندووەکانی دونیا وەرگێڕدراون. رۆمانی مصائر الغبار یەکێکە لە رۆمانەکانی و بۆ سەر زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و چەندین زمانی دونیا وەرگێڕدراوە.

## رۆمانی الرحیل   چیرۆکی ململانێ کەلتوورییەکان

بابەتی تاراوگە و ژیان لە غوربەت یەکێك لەو کێشانەیە کە کاری زۆری لەسەر کراوە، لە بواری هونەری سینەما و شیوەکاری و ئەدەبدا کاری لەسەر کراوە، تاراوگە کێشەیەکی گەورەیە و زۆری لەسەر گوتراوە، لە نێوەندی ئەدەب و رۆشنبیریی کوردیدا چەندین لێکۆڵینەوە و بەرهەمی ئەدەبی هەیە لەبارەی تاراوگەوە، رۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵەی نووسەر عەتای نەهایی یەکێکە لەو بەرهەمانەی لەسەر تاراوگەیە، ئەم رۆمانە باس لە ژیانی بنەماڵەیەکی کورد دەکات لە سوید، چیرۆکی بەریەك کەوتنی کەلتووری سویدی و مرۆڤی کوردی و کەلتووری کوردییە، مەریوانی وریا قانیعیش لێکۆڵینەوەیەکی هەیە بەناوی ناسیۆنالیزم و سەفەر، ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکە لەبارەی ژیانی مرۆڤی کوردی لە تاراوگە و ململانێ کەلتوورییەکانە، لە کەناڵی کوردسات یەکێ لە بەرنامەکانی لەبارەی ژیانی کوردانی تاراوگەوەیە بەناوی کوردێك لە ئەوروپا، لە نێوەندی عەرەبیشدا گرینگی زۆری پێدەدرێ و کەناڵی جەزیرەی عەرەبی یەکێ لە بەرنامەکانی بەناوی موعید فی مهجرة وەیە، کەچاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو رۆشنبیر و خوێندەوارە عەرەبانەدا دەکات لە تاراوگە دەژین، هاوکات چەندین رۆمان و شیعر لێکۆڵینەوە هەن لەبارەی ژیانی غەریبی و تاراوگە، رۆمانی شارع بریك لین یەکێك لەو رۆمانانەیە کە باسی تاراوگە دەکات و باس لە ژیانی



مرۆڤە بەنگلادیشییەکانی بەریتانیا دەکات، باس لە بەریەك کەوتنی کەلتووری ئەورووپی و کەلتووری بەنگۆلی دەکات و ئەم رۆمانە بەرهەمی رۆماننووسی بەنگۆلی مۆنیکا عەلیە. رۆمانی (الرحیل)ی تاهر بن جلونیش یەکێکە لەو بەرهەمانەی باس لە ژیانی مرۆڤی مەغریبی دەکات لە تاراوگەدا، ئەم رۆمانە حیکایەتی ململانێیەکی کەلتووری و ئاینی و نەتەوەیییە، ململانێی مرۆڤی عەرەبی موسڵمان و مرۆڤی مەسیحی ئیسپانی، چیرۆکی ئەو عەرەب مەغریبیانەی کە لە تاراوگەدا سۆزیان بۆ نیشتیمان هەیە و غوربەت ئازاریان دەدات، ململانێی ئاینی و نەتەوەیی کێشەیان بۆ دروست دەکات، پاڵەوانی رۆمانەکە عزو یە مرۆڤێکی مەغریبیە و لە ئیسپانیا دەژی و هەر لەو وڵاتە کۆلێژی یاسا تەواو دەکات، بەڵام ئەو بڕوانامەیە پارچەیەك کاغەز و هیچی تر، عزو ناوێکی خوازراوەو لەعز العرب ەوە هاتووە، لە پشتی ئەم ناوەوە عەقڵی عەرەبی ناسیۆنالیزمی هەیە، چیرۆکی سۆز و خۆشەویستیی مرۆڤی عەرەبیە بۆ خاك و وڵاتی عەرەبی لە مەنفا، عزو لەپۆلیسی ئیسپانی هەڵهاتووە، پاڵەوانێکی تری رۆمانەکە نورەدینە کە ئامۆزای عزو یە و دەزگیرانی کنزای خوشکێتی، نورەدین دەکوژرێت، رووداوێکی گرینگی ئەم رۆمانە کوشتنی ئەو پیاوەیە، رۆمانی رحیل چیرۆکی ئەو مرۆڤە غەمگینانەیە کە ژیانی غەمگین و میحنەتی مرۆڤی عەرەبیە، شەڕی شوناس لە غوربەتدا، هاوکات چیرۆکی عەشقی عزو و سوهامە لە تاراوگەدا، ئەم عەشقە بەرەو رووداوی سێکسی دەڕوات و هاوکات چیرۆکی لادەرە سێکسییەکان باس دەکات و چیرۆکی ململانێی ئیسلامی و عەقڵی ئەورووپی باس دەکات، ململانێیەك لە نێوان ژنانی سەرپۆش بەسەر و ئەورووپی مۆدێرن و تیرۆریستە و ئیسلامی سیاسی و هەموو ئەو چیرۆکانەی کە باس لەشەڕی کەلتوورەکان دەکەن، ئەو شەڕەی

که لەنێوان دوو عەقڵییەتدایە، عەقڵێکی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە بەرانبەر عەقڵێکی مۆدێرنی ئەوروپی، مرۆڤە مەغریبیەکان لە وڵاتی خۆیان کێشەیان هەیە و ژیانیان پڕە لە نەهامەتی و عەزاب هەر بۆیە بەرەو تاراوگەیەك هەڵدێن جیاوازە و ژیان تێیدا بەجۆرێك لەجۆرەکان مافی مرۆڤ و مافی کارکردن وکامەرانییان هەیە و هاوکات ژیانیان لە تاراوگەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشەی دیکە دەبنەوە، کێشەی بەریەك کەوتنی عەقڵی عەرەبی ئیسلامی و کەلتووری ئەوروپی و ژیانی تازەی ئەوروپا، واتا هەڵهاتنی مرۆڤی عەرەبیە لە مەغریبی دۆزەخییەوە بۆ ئیسپانیایەکی بەهەشت ئاسا، بەڵام ئەو بەهەشتە کێشەی گەورە بۆ عزو و هاونیشتیمانییەکانی دروست دەکات، نووسەر لەم ڕۆمانەدا لەباسی کۆچبەری عەرەبی دەردەچێ و دەچێتە سەر باسی کۆچبەری میللەتانی دیکە، وەك باس لە بوونی کەبابخانەیەك دەکات کە خاوەنەکەی کوردە، وێنەیەکی دیکە لەم ڕۆمانەدا هەیە پەرینەوەی مرۆڤی مەغریبیە بەڕێگا قاچاغەکاندا، ڕێگا قاچاغەکان لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا سەدان چیرۆکی سەیریان هەیە لە نێوان مەغریب و ئیسپانیادا، لەنێوان تورکیا و یۆناندا، لەنێوان فەرەنسا و جەزایردا، سنوورەکان هەمیشە پڕن لە حیکایەتی تراژیدی و هەڵهاتنی مرۆڤەکان بەقاچاغ، عزو پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە گرێدەری هەموو ڕووداوەکانە و هاوڕێی کەسێکە بەناوی "الحاج"ەوە کە لە تەمەندا زۆر لە ئەو گەورەترە و ئەو هاوڕێیەتیە سەرسوڕهێنەرە و لەڕووی تەمەنەوە جیاوازیان زۆرە، حاج لە ژێر کاریگەریی سیحری عزو دایە و عزو کەسێکی ڕاکێشەرە و سەرنجی هەموو کەسێك بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، هەر بەهۆی ئەم ڕوخسارە سەرنج ڕاکێشەوەیە کچان لێی نزیك دەبنەوە و سۆزدارییان بۆی هەیە، لێرەوە تێکەڵ بەدونیای مەستبوون و عەشق و سێکس دەبێت،



چیرۆکێکی دیکە کۆبوونەوەی مرۆڤی عەرەبیە لە دەوری بزووتنەوەیەکی ئیسلامی لە ئیسپانیا، هۆکاری ئەمەش ململانێی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتیە و ململانێ کەلتوورییەکانە.

## رۆمانی رمادها من نهدات الحريق
## بەیرووت وەك دۆزەخ دەسووتێ

رۆمانی (رمادها من نهدات الحريق) باس لە شەڕی ناوخۆی لوبنان دەکات و هاوکات چیرۆکی ژیانی لوبنانی باس دەکات و پاڵەوانی رۆمانەکە ژنێکە ژیانی لە عەزاب و قەهردایە، زەمەنی ڕووداوەکان ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، چیرۆك جەنگی کاولکاری شەڕی ناوخۆی لوبنانە، نیگاری بەیروتە لە نێو جەنگێکی وێرانکەردا، بەیروت شێوەی لەبەهەشتەوە بۆ دۆزەخ دەگۆڕێت، پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکە هبەیە کچێك، کەژیانی پڕە لە نامورادی و عەزاب و ئازاری کچێتی، هبە مێردەکەی خۆشناوێت و واقیعێکی تاڵ وای لێ دەکات شوو بەکەسێك بکات، کە هەرگیز خۆشی ناوێت، نووسەر باس لە ژیان دەکات لە بەیروتدا کە مرۆڤەکانی تووشی رارایی کردووە، رارایی و عەزاب بەیروت دەکاتە دۆزەخ و شەڕ هۆکاری ئەو کاولکاری و ئەو رەوشە دژوارەیە، کە لوبنانییەکان تووشی نەهامەتی و کابووس بوون، ژیانی هبە بەدۆخێکی سەختدا دەروات و بەهۆی کێشەکانی خۆیەوە و شەڕو کاولکاری لوبنان بریاری سەفەر دەدات و بەرەو لەندەن دەچێت، لە لەندەن لەگەڵ ئەکرەمی برایدا دەژی، ژیانی هبە لە دوو دۆزەخدایە، ژیان لەبەیروت بۆ ئەو دۆزەخە، هبە مرۆڤێکی بەدبەختە و بێزارەلە مێردەکەی و هەرچی بەیروتیشە جەنگ کاولی کردووە، بۆیە بەرەو تاراوگە هەڵدێت، ژیانی ئەو لە لەندەن تا



ئەوکاتەی، کە ئەکرەمی برای لەنزیکییەتی حاڵی باشە، ژیانی بریتیە لە کارکردن و گەڕانەوە بۆ شوقەکەی خۆی، ئەو شوقەیەی کە وەك گۆڕ وایە و لەپاش ئەوەی ئەکرەمی برای ژنێکی ئینگلیز دەهێنێ و بەهۆی ژیانی تایبەتی خۆیەوە لە هبەی خوشکی دووردەکەوێتەوە، لێرەوە ژیانی هبە دەچێتە قۆناغێکی سەختەوە، تەنهایی هەموو ژیانی داگیر دەکات، کەسێك سەردانی ناکات و غەریبی رۆحی داگیر دەکات، لە بەیرووت قازیفەکان ژیانیان شێواند و ماڵە دۆزەخییەکەی بێزاری کرد، هەرچی تاراوگەشە بۆ ئەو بێزاری و تەنهاییە، ئەم رۆمانە چیرۆکی ژیانی تاکی لوبنانییە لەنێو کارەساتی جەنگدا، زەمەن لەم رۆمانەدا نەوەدەکانی سەدەی رابردووە، دوو شوێن هەن، بەیروت شوێنی یەکەم، کە ڕووداوەکانی شەڕ و کاولکارییە و شوێنی دووەم تاراوگەیە.

هبە کەسایەتییەکە تاراوگە ولوبنان لە رۆمانەکەدا بەیەکەوە گرێ دەدات، بەیروت لەم رۆمانەدا لە دۆخێکی سەختدایەو شەڕ هەمووشتێکی کاول کردووە و ئەو بەیروتەی ئەستێرەیەکی درەوشاوە بوو، لە رۆژگاری جەنگدا تاریکستانە و قازیفەکان هەمووشتێکیان وێران کرد و کێبڵەکانی کارەبایان قرتاند و رووناکی لە بەیروت بڕا، قازیفەکان خانووەکانیان کاولکرد، خوێنکارەکان لە ترسی قازیفەکان پۆلەکان بەجێ دەهێڵن و لە ژێر زەمینەکاندا خۆیان حەشاردەدەن، ڕووداوەکان وێنەی ململانێی مان و نەمانی مرۆڤە، بەیروت نیگارێکی وێران و هەمووشتێك راوەستاوە و تەنها شەڕ بەردەوامە، قازیفە و ترومبێلی بۆمبڕێژکراو ترس دەخەنە دڵی مرۆڤەکانەوە، گوتارێکی دیکەی رۆمانەکە چیرۆکی ململانێی ژن و پیاوە، لەپاڵ گێڕانەوەی ڕووداوەکانی جەنگ نووسەر لە زاری گێڕەرەوەی رۆمانەکەوە باس لە خۆپەرستیی پیاوانی رۆژهەڵات دەکات، کە ئارەزوو

دەکەن ژنەکانیان لە خۆیان مندالّتر بێت، ئەو عەقلّییەتە رۆژهەلاّتییە جۆرێك لە خۆپەرستی و توندڕەویی پیاوانە لە پشتیەوەیەتی، پیاوی رۆژهەلاّتی پیری خۆی نابینیٚ، پیریی ژنەکەی دەبینیٚ، پالّەوانی سەرەکی رۆمانەکە هبەیەو هەموو ڕووداوەکان لە دەوری هبە دەسووڕێنەوە، هبە مرۆڤێکی بەدبەختە و خۆشی نەلەژیان و نەلە مێرد دیوە و نەلە ولاّتەکەی بینیوە، سەرئەنجام بڕیاری هەلّهاتن دەدات بەرەو لەندەن و لەوێش ناحەسێتەوە و ژیانی تەنهایی و تاراوگە ئازاری دەدات، مالّەکەی گۆڕێکی تەنگە، چیرۆکێکی دیکەی ئەم رۆمانە چیرۆکی عەشقی کچێکە بەناوی ماجیدەوە، ئەم کچە موسلّمانە و عاشقی کوڕێکی مەسیحیەو هەرچی خێزانەکەیەتی رێگا نادات ئەو عەشقە درێژەبکێشیٚ، نووسەر لە چیرۆکی ماجیدەوە دەچێتە نێو باسێکی زۆر گرینگەوە، ئەویش ململانێی ئاینی لە لوبناندا، ئەو هەموو شەڕ و مالّوێرانی و کاولکارییەی لە لوبناندا رووی دا هۆکاری ململانێی ئاینییە، ململانێیەك لە نێوان مەسیحیەت و موسلّماناندا، ئەم ململانێیە شەڕێکی ترسناکی دروست کرد، هۆکاری ئەو شەڕ و مالّ وێرانییە بوو بۆ لوبنانییەکان و سەرئەنجام بەیروتی درەوشاوە کاول وتاریك بوو، بەیروت بەجۆرێك کاول بوو، کە مرۆڤەکانی لێی هەلّهاتن و ئەو شەڕە ترسناکە بوو بەئیلهامی چەندین چیرۆك و رۆمان و شیعر، لەوانە رۆمانی مصائر الغباری راوی الحاج ورۆمانی الست ماری روز ی ئیتیل عەدنان و هەروەها ئەم رۆمانەی کەئێستا ئێمەلەبارەیەوە دەدوێن، لە رۆژگاری دروستبوونی دەولّەتێك بۆ جوولەکەکانەوە ژیان لە لوبنان و فەلّەستین و ئەو ناوچە کێشەلەسەرانە لە دۆخێکی ترسناکدایە و مرۆڤەکان دەبن بەقوربانی، مرۆڤەکان بە مەسیحی و موسلّمان و جوولەکەوە داڕووخانی لوبنان بوو، چیرۆکی خۆشەویستیی کچان و کوڕانی موسلّمان و



مەسیحییەکان و دابڕانیان هۆکاری دروستکردنی ئەو دیوارە بەرزەی نەریت و تەقالید بوو، ئاین و عادەت و تەقالید مرۆڤ دروستی دەکات و دواجار مرۆڤ دەبێت بەقوربانی ئەو بتەی کە خۆی دروستی دەکات، بەر لەوەی ئەو دەستنووسانە هەبن مرۆڤ هەبووە، عەشقی کردووە و ژیاوە، مرۆڤ قوربانی ئایدۆلۆژیا  و ئاین و سیاسەتە، کە خۆی خەلّقی کردووە و خۆی دەبێت بەقوربانی، ئاین چییە؟ داب و نەریت چیە؟ مرۆڤ پیرۆزترین شتێکە لەسەر زەمین، کوشتنی مرۆڤ دەست بردنە بۆ پیرۆزترین شت، ئایدۆلۆژیا و ئاین و نەریت بکوژی مرۆڤەکان، مەسیحیەك و موسلّمانێك و جوولەکەیەك هەرسێکیان مرۆڤن و ئامانج لەبوونیان ژیانی پڕلەبەختەوەریەو ئەوەی، کە مرۆڤێك دەکات بەموسلّمان و یەکێکی دیکە دەکات بەمەسیحی، گوتەیەکە، چەند رستەیەك، پشتی ئەو گوتارە و دروستکردنی کۆمەلّێکە، کە دەیانەوێت دەسەلاّتێك رەها کەن و لە پالّیدا مومارەسی هێز و دەسەلاّتی خۆیان بکەن و زەمین و مرۆڤەکان بکەن بەکۆیلە، کۆبوونەوەی کوڕ و کچێك، کە سۆز و ویستی ژیان لەیەکتریان نزیك دەکاتەوە و کەلتوورێك، ئاینێك لە یەکتریان دوور دەکاتەوە، سەرئەنجام ماجیدەی عاشق بەکوڕە مەسیحی هەلّدێت، کاتێك، کەئاین و کەلتوور و نەریتەکان رێگا لەو عەشقەی دەگرن ئیدی هەلّدێت و لوبنانی تاریك و خوێناوی بەجیٚ دەهێلّیٚ، سەرباری ئەو شەڕە و بێزاربوونی مرۆڤەکان لە لوبنان هێشتا عاشقی لوبنان و بیریان لە لای شەقامەکانی بەیروتە و خەون بە ئارامی و گەڕانەوەی رۆژگاری ئاسوودەیی بۆ بەیروت دەخوازن و گوتاری ناسیۆنالیزمی ئەوەیە، کە پالّەوانەکان لە هەر کوێیەکن عەشق و سۆزیان بۆ لوبنان هەیە و خەیالّیان لای لوبنانێکی ئاسوودە و ئارامە، هبە لەتاراوگەدا ژیانێکی زۆرسەخت بەسەردەبات و هەمووکاتی ئەو بەکارکردن و نانخواردن و خەو تەواو

دەبێت، میوانی و هاودەمی و سەردانی دۆست لەتاراوگەدا چ مانایەکی هەیە! شەڕ کۆتایی دێت و لە لوبنانەوە لە سەریەکە نامە بۆ هبە دێت، مزگێنی کۆتایی هاتنی جەنگ دێت، بەڵام هبە هێشتا لە جەنگ رزگاری نەبووە، ئەو لە دوو جەنگی کوشندەدا دەژیا، بۆیە هەڵهات و لوبنانی بەجێ هێشت، هبە ئەگەر لە کۆتایی هاتنی شەڕی لوبنانیش دڵنیا بووایە، هەرگیز لە کۆتایی هاتنی شەڕی کەلتوور و داب و نەریت دڵنیا نەدەبوو، هەر بۆیە بڕیاری هەڵهاتنی دا  تا لە کەلتوور و نەریت رزگاری ببێت، ئەو کەلتوورەی کە پیاوێکی تووشی ئەوکردووە، هەرگیز حەزی لێ نەبووە و خۆشیناوێت، نووسەر لەم رۆمانەدا بەجۆرێك باس لە ژیانی ژنان دەکات، کە پڕە لە عەزاب و ئازار و ئەشکەنجە، وەك دەڵێت (بنات ممات) ژینی ژن لەم رۆمانەدا پڕەلەعەزاب و ئازاردان و بەکەم زانینیان لەلای پیاوانەوە، گوتارێکی دیکەی ئەم رۆمانە بابەتی شۆڕشی فەلەستین و کێشەی فەڵەستین و شەڕێکی ترسناك لەسەر (قودس)و چیرۆکی موسادی ئیسرائیل و شەڕی جوولەکە و عەرەب، لە کاتی شەڕی ناوخۆی لوبناندا دەنگی گۆرانییەکانی فەیروز دێت، لە رۆمانی مصائر الغبار دا راوی الحاج باسی گۆرانییەکانی فەیروز دەکات لە رۆژگاری جەنگدا، گۆرانییەکانی فەیروز ئازاری بولبولێکە لەدەردی جەنگ  و ماڵوێرانی، ئاوازێکە بۆ ئازارەکانی مرۆڤ، رۆمانی رمادها من نهدات الحریق بەهەمان شێوەی ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی دیکە چیرۆکی جەنگی لوبنان دەگێڕێتەوە، لە ساڵەکانی ١٩٩٠ی سەدەی رابردوو، ڕووداوەکان وێنەی جەنگ و کاولکاریی لوبنانە لە شەڕی ناوخۆدا.

اقبال شایب غانم ژنە رۆماننووس و شاعیری لوبنانی کۆلێژی ئەدەبی ئینگلیزی تەواوکردووە و ماجستێری لە زمانی ئەدەبی عەرەب



ئەمریکییەکان هێناوە و ئەندامی یانەی قەڵەمی نێودەوڵەتییەو ئەندامەی یەکێتی نووسەرانی لوبنان و عەرەبیە، بەرهەمەکانی بۆ سەر چەندین زمان وەرگێڕدراون لەوانە ئیتاڵی و روسی، بەرهەمە شیعرییەکانی بریتن لە للنای لحن اخر،  رحلة شفق، مع الریح، کۆمەڵە چیرۆکی الحاسة السابعة،عبور، رجال والعالم، رۆمانەکانی رمادها من نهدات الحریق، قید الطبع، وتارەکانی افکار وخواطر، شانۆگەری مخطوطات. سیانزە ساڵ لە رۆژنامەی الانواری لوبنانی کاری کردووە، ئێستا لە کۆمەڵە چیرۆکی رۆژنامە عەرەبییەکاندا دەنووسێ .

## رانانێك بۆ چیرۆكی هاوچەرخی عێراقی
## حیكایەتەكانی جەنگ لە بەرهەمەكانی نەجم والیدا

جەنگ و داگیركاری لە كۆتایی (١٨٠٠) كان و سەرەتای (١٩٠٠) كان كاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ئەدەبی عێراقی، داگیركاریی عوسمانییەكان و پاشان ئینگلیز كاریگەریی لەسەر عێراق و خەڵكی عێراق هەبوو، پاشان شەڕی یەكەم و دووەمی جیهانی و شەڕی دەسەڵات و كۆدێتاكان و شەڕی ئێران عێراق و شەڕی كەنەداو، هەموو ئەم شەڕانە كاریگەرییان لەسەر خەڵكی عێراق هەبووەو كاریگەرییان لەسەر چیرۆكی عێراقیش داناوە، عێراق بەهۆی شەڕو ماڵوێرانی و كاولكاری تووشی دەیان دەردبوو بوو تائێستاش عێراق لەو كابووس و دەردو ماڵوێرانییەدا دەژی عەلی وەردی لە كتێبی مێژووی هاوچەرخی عێراقدا باسی شەڕی داگیركاری عێراق دەكات و باسی ئەو دەردو پەتاو تاعون و برسێتی و قەیرانی ئابوورییە دەكات، كە لەو رۆژگارەدا عێراقیان وێران كردبوو ، ئەو نەخۆشی و برسێتی و داگیركارییە خەڵكی عێراقی تووشی خەمۆكی و كابووس كرد، جەنگی ئێران عێراق بەهەمان شێوە خەڵكی تووشی كابووس كرد، دزی و تاڵانی و مۆراڵی ناتەندروستی لەناو گەلانی عیراقدا دروست كرد، ئەم غەم و كابووسە لای زۆرێك لە ئەدیبە عێراقییەكان بوو بەسەرچاوەی نووسین و سەرئەنجام تێكستی غەمگینی لێهاتە بەرهەم، عەلی بەدرو نەجم والی دوو رۆماننووسی عێراقین و لەژێر كاریگەریی كارەسات و رووداوە مێژووییەكانی عێراقدا ئەدەبیاتی خۆیان نووسیوە، رۆمانی بابا سارتەری عەلی بەدر باسی



رۆژگاری داگیركاری عوسمانی دەكات لە عێراق و رۆمانی (حرب في حی الطرب) ی نەجم والی باسی شەڕ دەكات لە عێراق شەڕی ئێران عێراق و شەڕی شوعییەكان و شۆڕشی كورد. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەدەی رابردووو و سەردەمی جەنگی یەكەم و دووەمی جیهانی كاریگەریی جەنگ و قەیرانی ئابووری و كۆمەڵایەتی درك پێ دەكەین لە چیرۆك و رۆمانی عیراقیدا. چیرۆك و رۆمانی عێراقی لەسەردەمی جەنگی جیهانیدا ئەنجامێكی لاوازی هەبوو، ئەنجامێك پەرش و بڵاو و لەدەست چوو، چیرۆكی عێراقی لەوادەی خۆی دواكەوت و یەكێ لە هۆكارەكان نەبوونی پەیوەندی عێراق و وڵاتانی دونیاو لاوازیی پەیوەندی عێراق بەوڵاتانی عەرەبییەوە لەو رۆژگارەدا وەك سوریاو میسرو لوبنان. یەكێك لە هۆكارەكانی سەركەوتنی نەجم والی سەفەركردن و پەیوەندی دروست كردنە لەگەڵ دونیای دەرەوەی عێراق و وڵاتانی عەرەبی و وڵاتانی ئەوروپا بەرهەمەكانی هەر ئەو پەیوەندییە وای كرد كە نەجم والی بۆ سەر چەندین زمانی زیندووی دونیا وەربگێڕدرێ.

سەرەتای چیرۆكی عێراقی بەحیكایەتە كۆمەڵایەتی و عاشقانەكان دەست پێدەكات، بەرۆمانسییەت و حیكایەتەكانی نێو بەغداو كێشە كۆمەڵایەتییەكان، یەكەم هەوڵی چیرۆكی عێراقی لەئەبو سەنا ئالوسییەوە دەست پێدەكات لەدونیای چیرۆكی تازەدا، چیرۆكەكان زیاتر چیرۆكی بەریەككەوتنی ژیان و رووداوە كۆمەڵایەتییەكانن، میر بەسری نووسەری (رجال و ضلال) و سلێمان فەیزی نووسەری رۆمانی (الایقاظیة) كە لەساڵێ (١٩١٩) لە چاپخانەی حكوومی لە بەسرا چاپ كرا، ئەم رۆمانە بەیەكەم بەرهەمی رۆمانی تازەگەری عێراقی دادەنرێ. هاوكات هەندێك لە بۆچوونەكان تازەگەری لە چیرۆك و رۆمانی عێراقی دەگێڕنەوە بۆ دوای

جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەزموونەکانی چیرۆکنووس و رۆماننووس (مەحمود ئەحمەد سەید) بەدەست پێکی چیرۆکی تازەی عێراقی دادەنرێ، مەحمود ئەحمەد سەید لەساڵی (١٩٢١)دا رۆمانی (في سبيل الزواج)ی بڵاوکردەوە کە وەك رۆمانێکی خۆشەوستی، کۆمەڵایەتی ناسرا، رۆمانی (مصير الضعفا ء) و رۆمانی (فتاة بغداد) ئەمانە کۆمەڵێك رۆمانی عێراقین لەو رۆژگارەدا چاپ و بڵاوکراونەتەوەو زۆربەی ئەم رۆمانانە کاریان لەسەر بابەتی عەشق و قەیرانی کۆمەڵایەتی کردووەو کاریان لەسەر چاکسازی کۆمەڵایەتی کردووەو رۆمانی (سلمى و نديم)ی رۆماننووس (سامی خوندة) بەهەمان شێوە رۆمانێکی کۆمەڵایەتییە. سەرەتای ئەدەبی عێراقی ئەدەبیاتی تازەگەر بەرۆمانی خۆشەویستی و کۆمەڵایەتی دەستی پێکرد نەك چیرۆك، موراد میخائیل لەساڵی (١٩٢٢) لە رۆژنامەی (المفيد)دا چیرۆکی (شهيد الوطن وشهيدة الحب)ی بڵاوکردەوە. کە بۆ دونیای عەشق و غەرامیات دەمانبات و هەروەها مەحمود ئەحمەد سەید لەساڵی (١٩٢٢)دا کۆمەڵە چیرۆکی (النكبات)ی بڵاوکردەوە.

چیرۆکی عێراقی لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەچیرۆکی تەقلیدی یاخود چیرۆکی لۆکاڵی ناودەبرێت. بەڵام لەدوای داگیرکاری رۆژئاواو گرینگی دان بەپرۆسەی وەرگێڕان چیرۆکی عێراقی چووە پلەیەکی تر، لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ئەنوەر شاول و سەلیم بستی و عەبدولوەهاب ئەمین و مەحمود ئەحمەد سەیدو. . هتد ئەمانە هەموو دەوری گرینگ و کاریگەریان هەبوو، لە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی رۆژئاواو وەرگێڕانی بەرهەمەکانی مۆپاسان و دۆستۆیڤسکی و بەلزاك و مەکسیم گۆرکی و. . هتد زۆربەی ئەم وەرگێڕانانە لە زمانی ئینگلیزی و تورکییەوە ئەکران، کەمتر لە زمانی فەرەنسییەوە، وەرگێڕان و دونیای تازە، رۆمان و چیرۆکی عێراقی بۆ



سەردەمێکی تازە بردو، رۆمانی (من بنات الناس) لە ساڵی ١٩٣٩دا بڵاوکرایەوە، کە نووسەرەکەی عەرەبی عێراقیە بەیەکێ لە رۆمانە تازەکانی سەدرەمی جەنگ ناودەبرێ و چیرۆکی (ترنيمة الوداع)ی عەبدولوەهاب ئەمین و چیرۆکی (العاشق الغادر)ی ئەنوەر شاول و رۆمانی (مجنونان)ی عەبدولحەق فازیل، هەروەها خەلیل عەزمی و جەرجیس یوسف و کازم مەکی و حەسەن جواهیری و شالومە درویش و یوسف متی و ئەبو ئەنیس زەکی یوسف یەعقوب و یەحیا جوادو موسا کرێدی و لەتیف دلێمی و عەتا ئەمین مەحمود جنداری و جەلیل قەیسی و غازی عبادی و عەبدوستار ناسر. . هتد. هەموو ئەمانە چیرۆکنووس و رۆماننووسی عێراقی سەردەمی تازەگەرو رۆژگاری جەنگی جیهانین لەگەڵ جەنگ و کاولکاری و کرانەوەی دونیای تازەو ئاشنابوون بەکلتووری خۆرئاواو ئەدەبیاتی خۆرئاوا ئەدەبی تازەی عێراقی گەشەی سەند.

بابەتی رۆمانی عێراقی لەو رۆژگارەدا حیکایەتی جەنگ و کابووس و رووداوە کۆمەڵایەتییەکان بووە، رۆمانی (فتاة بغداد) و (مجنونات) و (من بنات الناس) و چیرۆکی (سخرية الموت) و (العاشق الغادر) و (ثورة على ابيه) و (الشبح) و (شهامة) و (حطام) و (اولجا). . هتد هەموو ئەم بەرهەمانە گوزارشتن لەو سەردەمەی عێراق و بۆ نێو کابووس و مەرگ و کوشتن و غەم و غەمگینیی عەشق و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەمانبەن، کێشەی کۆمەڵایەتی و ئازادی مرۆڤ بۆ عەشق و سێکس و فرێدانی پەچەو سەرپۆش و ئازادی ژن. . هەموو ئەمانە کێشەی زۆریان بۆ خەڵکی دروست کرد، لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم و رۆژگاری داگیرکاری ئینگلیز، بەدەر لەسەرچاوە ئەدەبی و بەرهەمی ئەدەبیات، سەرچاوە مێژووییەکان زۆر بەوردی ئەو کێشانەمان بۆ دەگێڕنەوە، کە لەو رۆژگارەدا هەبوو ون و

کێشەی هاتنی ئینگلیزو کرانەوەی عێراق بەڕووی خۆرئاواداو فرێدانی پەچەو سەرپۆش و ئازادیی ژن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و دەردە تاعون و برسێتی و تاڵانی و. . هەموو ئەو کێشانە هۆکاری ئەو کابووسە بوون کە لە چیرۆکی عێراقی ئەو رۆژگارەدا رەنگی داوەتەوە، چیرۆکەکان زیاتر چیرۆکی عەشق و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانن و گوزارشتن لە کابووس و غەم و کێشەی کۆمەڵایەتی.

بەشێکی مێژووی چیرۆکی عێراقی ئەو چیرۆکانەن کە لەمەڕ گوندو شار نووسراون و گوزارشتن لەژیانی گوندو بەتایبەت چیرۆکنووسانی سەردەمی جەنگی جیهانی و پاش جەنگ بەشێکی چیرۆکی عێراقی لەمەڕ کۆچی مرۆڤەکانە لە گوندەوە بۆ شارو باسی عادەت و تەقالیدی گوند دەکات لە شاردا و ئەو چیرۆکانەی کە باس لە ژیانی ئەوانە دەکات لەبەر زوولم و زۆری دەرەبەگەکان گوند بەجێدەهێڵن و روو لەشار دەکەن و چیرۆکی کاریگەریی شار لە گوند، هۆکاری کۆچی گوند بۆ شار ژیان تاڵی جوتیاران و زۆرداری ئاغاو بەگەکان و سەردەمی فیکری ئیشتراکیەت و بەشێکی چیرۆکی عێراقی باسی ژیانی شارو رووداوە سیاسییەکان و چیرۆکی مێژووی سیاسی و ململانێی سیاسی و حیزبی دەکات لە شاردا ، چیرۆکی کۆچی گوند بۆ شارو ململانێی سیاسی لە شاردا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردو لە سەردەمی جەنگی جیهانیدا برەوی زیاتری سەند. بەڵام چیرۆك و رۆمانی حەفتاکان لە عێراقدا حیکایەتی کێشەکانی جەنگ و کاولکارین، ئێمە لەم باسەدا لەمەڕ چیرۆکنووس و رۆماننووسی عێراقی نەجم والی دەدوێین کە بەرهەمەکانی گوزارشتن لە جەنگ وماڵوێرانی و غەمگینیی مرۆڤەکان بەهۆی جەنگەوە. ئەوەشمان لە بیرنەچێ نەجم والی ئەگەر نەچووایەتە دەرەوەی عێراق و لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا



بوایە هەرگیز نەیدەتوانی بەئازادی و بەویستی خۆی لەسەر بەعس و دەسەڵات و جەنگ بنووسێ و هەرگیز بەو ناوبانگ و ئاستەی ئێستای نەدەگەیشت.

نەجم والی لەساڵی ١٩٥٦ لە شاری بەسرا لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٨٠ عێراق بەجێ دەهێڵێ و لە مەنفا دەژی لە ئەڵمانیا، هەر لەوێ بەردەوامی دەدات بەخوێندن لە هامبۆرگ، لە عێراق لە زانکۆی بەغدا ئەدەبی ئەڵمانی دەخوێنێ و پاشان بۆ تەواوکردنی خوێندن لە ئەڵمانیا درێژە بەخوێندن دەدات بەو ئامانجەی ماستەر و دکتۆرا تەواو بکات.

ئەوەندەی لە عێراق ژیاوە وەك عێراقییەك سەربازی کردووەو جەنگی دیوەو عەزاب و غەمی جەنگ ئازاری داوەو کاریگەریی لەسەر ژیان و نووسینی هەبووە، بەهۆی ئەوەی خۆی نەداوەتە دەست بیری بەعسیزم و مرۆڤانە ژیاوە، ژیانی بەرۆژگارێکی سەختدا گوزەری کردووەو سەرئەنجام عێراقی بەجێهێشتووە بۆ رۆژئاوا هەڵهاتووە.

ئەوەندەی لە عێراقدا ژیاوە. لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو کاتەدا بابەتەکانی بڵاکردووەتەوە، لەمەنفاشدا دەوری گرینگی هەبووەو بەیەکێ لە چیرۆکنووسە باشەکان ناوی دەرکردووەو رۆمانی (الحرب في حي الطرب)ی سەرەتا بەزمانی ئەڵمانی بلاوبووەتەوە یورگن پاول وەریگێڕاوەو لەدەزگای پیرسبول فیرلاگ چاپ کراوە لەساڵی ١٩٨٩ و کۆمەڵە چیرۆکی (هنا، في تلك المدينة البعيدة)ي راستەوخۆ بەئەڵمانی نووسیوەو دەزگای (فير لاط) چاپی کردووەو جگە لەم بەرهەمانە خاوەنی کۆمەڵە چیرۆکی (ليلة ماری) و (فالس مع ماتيلدا) و رۆمانی (تل اللحم) و رۆمانی (صورة يوسف) و . . چەند بەرهەمێکی دیکەیە. جگە لە زمانی ئەڵمانی کۆمەڵێك لە

بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی ئیسپانی و فەرەنسی و سویدی وەرگێڕدراون، هەروەها بۆ سەر زمانی عیبری بەتایبەت لەدوای سەفەرەکەی ئیسرائیلی.
نەجم والی نووسەری ئاشتی خوازو مرۆڤدۆست سەفەری ئیسرائیلی کردووە، سەفەرێکی رۆشنبیریی کردووەو نەترساوە لە قسەی خەڵکانی بیر ناسیۆنالیزمی عەرەبی و یاخود فەرامۆشکردنی لە دونیای عەرەبی لەسەر ئەو سەفەرە. ئەو سەفەرەی والی سەفەرێکی سیاسی نەبووە، سەفەرێکی رۆشنبیری، ئەدەبی بووە کە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا بۆ پێشانگای کتێب لە قودس چووە. نەجم والی مرۆڤێکی ئاشتی خوازەو باوەڕی بەوە نییە کە بەشەڕو بەهێز کێشەکان چارەسەر بکرێت، بەبۆچوونی ئەو زمانی ئەدیب و زاناو رۆشنبیران یەك زمانە ئیدی ئەمریکی بن یاخود عەرەب یان فەڕەنسی، بۆیە بەبێ ترسی قسەو قسەلۆکی ئەوەی کە سەردانی وڵاتێکی دوژمنی کردووەو وەك ئەدیبێك سەردانی ئیسرائیلی کردووە، ئەو ئیسرائیلەی لای زۆرێك لە رۆشنبیرانی عەرەبی بەوڵاتی دوژمن ناودەبرێت و نەجم والی وەك ئەدیبێك سەردانی کردووەو پاشان لەمەڕ ئەو سەفەرە دەدوێت و باسی ململانێ و کێشەکانی جوولەکە و عەرەب دەکات و باسی ململانێی عیبری و فەڵەستینی دەکات لەسەر خاك، ئەمانباتەوە بۆ شەڕی ناوخۆی لوبنان و ململانێی عەرەب و ئیسرائیل بەملامنێی دوو بیرکردنەوە، دوو فیکری جیا دادەنێ. نەجم والی لە بەرهەمەکانیدا ئیش لەسەر ئەو کابووس و غەمگینی و جەنگ و ماڵ ویرانییە دەکات کە لە عێراقدا هەن بەزمانێکی سەردی چیرۆکەکان دەگێڕێتەوەو بەسادەیی دەچێتە ناو جەنگەکانەوەو باسی کارەساتەکانی جەنگ دەکات و چارەنووسی روحی مرۆڤ دەکاتە چیرۆك و چیرۆکی بەریەك کەوتنی جەنگ و توندوتیژیی ژیان دەگێڕێتەوە.



نەجم والی جگە لە (الحیاة والمستقبل) لەبڵاوکراوە بیانییەکانی وەك نیۆرك تایمز، دی تزایت، دێرشپیگل. . ریپۆرتاژو ستوون و بابەتی ئەدەبی دەنووسێت و بەزمانی عەرەبی و ئەڵمانی و ئیسپانی و ئینگلیزی دەنووسێ، رووداوی رۆمانەکانی زوڵم و زۆری دەسەڵات و جەنگی ئێران عێراق و جەنگی کوێت و زۆرداریی دەسەڵاتی سەدام و بەعسییەکان.
رووداوی سەرەکی بەرهەمی ئەدەبی نەجم والییەو هەر بۆیە زۆر زوو عێراق بەجێدەهێڵێ وەك ئەدیبێکی هەڵهاتوو لەمەنفا دەژی و لە ساڵی (٢٠٠٢) دا بەر لە رووخانی دەسەڵاتی بەعسیزم بەنهێنی سەردانی کوردستانی کردووە، وەك لە چاوپێکەوتنێکدا ئیشارەت بەو سەفەرەی کوردستان دەکات و باسی ئەوە دەکات کە بۆ لای هاوڕێ کوردەکانی هاتووە، هەر لەو چاوپێکەوتنەدا لە وەڵامی پرسیارێکدا لەمەڕ ئاگاداربوونی لە ئەدەبی کوردی نەجم والی دەڵێت بەداخەوە بەهۆی سیاسەتی جیاوازی و دوورخستنەوە لە عێراق و لەکوردستان ئێمە نەمانتوانی ئەدەبی کوردی بخوێنینەوە و هاوکات نەبوونی وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ سەر زمانی عەرەبی هۆکارێکی دیکەی بێ ئاگایی ئێمە بووە لە ئەدەبی کوردی و ئەوەی من خوێندبێتمەوە کۆمەڵێك لە بەرهەمەکانی سەلیم بەرەکات و شێرکۆ بێکەس کە بەزمانی عەرەبی هەبوون.
رۆمانی (الحرب في حي الطرب) (جەنگ لە حەی تەرەب) نموونەیەکی ئەدەبی مەنفایە، رۆمانی جەنگە و پڕاوپڕە لە برین و عەزاب و مەرگ و مەرگدۆستی و بەیەکێ لە باشترین رۆمانەکانی عەرەب دادەنرێ و بەزمانێکی سادە رووداوەکان دەگێڕێتەوە، ئەم رۆمانە خاوەن تەکنیکی هونەری تایبەتەو نووسەر لەم رۆمانەدا سوودی زۆری لەتەکنیکی رۆمانی ئەورووپی وەرگرتووە و لەڕووی تەکنیك و گێڕانەوەدا وەك رۆمانی مەنفا

شێوەیەك لە ڕۆمانی ئەورووپی هەیە، بەڵام بەحیکایەتی جەنگ و کاولکاری لە عێراقدا.

نووسەر باسی ترس و ڕاڕایی مرۆڤەکان دەکات لە بەرەکانی جەنگدا، لە بەشی یەکەمی ڕۆمانی جەنگ لە حەی تەرەبدا نووسەر بەناوی پاڵەوانێك دەست پێدەکات، ئەو پاڵەوانە (عەلی محەمەد)ە، بەشی یەکەم لەمەڕ (عەلی) و (جەلالە) وەك دوو پاڵەوان لەناو جەنگدا، بەزمانێکی سادە ئەچێتە ناو چیرۆکەکەوەو هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە باسی بەرەی جەنگ و تۆپباران کردن دەکات، باسی شەڕی ئێران عیراق دەکات و لەچەند شوێنێك لەڕێگای ژیانی پاڵەوانەکانەوە بەفلاشباك دەگەڕێتەوە بۆ پێش جەنگی ئێران عێراق و بۆ سەردەمی شۆڕشی کوردی و بۆ شۆڕشی شوعیەکان. تەواوی پاڵەوانەکان عەلی، جەلال، عەدنان. . نایانەوێت بمرن و حەزیان لە ژیانەو بەردەوام ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە نایانەوێت بمرن و مردنیش لە ڕێگایانەو پاڵەوانەکان نائومێدن لە ژیان، جەنگ نائومێدی کردوون و بەردەوام مەی دەخۆنەوە بۆئەوەی مەست بن و بۆماوەیەکی کورت لەو ژیانە ترسناك و پڕ کارەساتە ڕزگاریان ببێت و مەست بن و لەغەم دووربکەونەوە. لەم ڕۆمانەدا جگەرەو عەرەق وەك دوو خۆراك بۆ کەمکردنەوەی خەم و عەزاب بەکارهاتوون و پاڵەوانەکان بەرەو رووی مەرگ دەڕۆن، پاڵەوانەکان نائومێدانە دەژین لایان وایە ئەگەر ئەمرۆ نەمرن بەیانی هەر دەمرن دواجار هەر دەمرن، دەکوژرێن. نووسەر لەزاری پاڵەوانێکەوە بەراوردی جەنگی ڕاستەقینەو جەنگی ناو کتێبەکان دەکات ئەو جەنگەی کە لەکتێبەکانی قوتابخانەدا دەخوێنرێ و باسی جیاوازی ئەو دوو جەنگە دەکات. ئەم ڕۆمانە پڕاوپڕە لەجەنگ، حیکایەتی مەرگەو پاڵەوانەکان نائومێدانە لەژیان دەڕوانن و لەپێشی خۆیاندا مەرگ دەبینن و



وا هەست دەکەت زەمەنی مەرگ نزیکەو لەهەموو شوێنێك مەرگ ئامادەیی هەیەو بەردەوام ئەو ڕستەیە دووبارە دەبێتەوە کە پاڵەوانەکان دەڵێن نامانەوێ بمرن دەمانەوێت، بژین، پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە قوربانی جەنگن و لەگەڵ ئەوەی نائومێدن بەهۆی ئەو جەنگە ترسناکەوە هێشتا تروسکایی یەك لەڕوناکی بۆ ژیان شك دەبەن و هیواو ئاواتیان کۆتایی هاتنی جەنگ و تەواوکردنی خزمەتی سەربازییە تا لەدوای سەربازی بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان و بچنەوە سەر کارو گرینگی بەپیشەو هیوایەتەکانیان بدەن.

پاڵەوانەکان بۆ جەنگ دەچن و جەنگ عەزابی مرۆڤەکان دەدات و نائومێدیان دەکات لە دیداری ئازیزانیان و بیر لە ڕۆژگاری پێش جەنگ دەکەنەوە. زمانی کابووس و حوزن و غەم بەسەر ئەم ڕۆمانەدا زاڵە، دیالۆگەکانی ئەم ڕۆمانە دیالۆگی مەرگ و عەزاب و ژانە لەنێوان پاڵەوانەکاندا، ڕۆمانی (الحرب في حي الطرب) سێ بەشە بەسەر دیالۆگ و گێڕانەوەدا دابەش دەبێت. لە هەر بەشەو چەند پاڵەوانێك دەردەکەون.

لە بەشی یەکەمدا (عەلی، جەلال) لەبەشی دووەمدا عەدنان وەك پاڵەوانێکی ماندوو، غەمگین دێتە ناو چیرۆکەکەوە. لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا ڕووداوەکان ئەچنە ناو حەی تەرەبەوەو عەبدولحەسەن و ڕەزییەو سەلیمەو نەعیمە وەك چوار پاڵەوان دەردەکەون کە ژیانیان لە گەڕەکێکە جەنگ غەمگینی کردووە.

تەواوی پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە قوربانیی جەنگن، عەلی و جەلال و عەدنان و مەحمود جەنگ ماندووی کردوون و جەنگ نائومێدی کردوون. هەرچی عەبدولحەسەن و نەعیمەیە عەشق کۆی کردوونەتەوە لەوێدا لە چەقی شەڕدا گۆرانی دەڵێن. ڕەزییەو سەلیمە قوربانی جەنگ و هەژاری و قەیرانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە فڕێیداونەتە ئەو ماڵەوە کە سەربازانی ماندو و

نائومێدی بەرەکانی جەنگ رووی تێدەکەن، سەربازەکان نائومێدانە گۆرانی دەڵێن لەنێو کابوسدا دەژین و ئەفسەرانی سوپاش شانازی بەو شەڕەوە دەکەن و خەون بەسەرکەوتنی بەعسەوە دەبینن، ئەم رۆمانە حیکایەتی مەرگ و بەریەککەوتنی جەنگە، پاڵەوانەکان لە ماندوویی دا پرسیار دەکەن ئایا خودا ئەم جەنگەی دەوێت؟ خودا لەگەڵ جەنگ و کوشت و بڕدایە، شەڕی ئێران عێراق ئەو شەڕەیە، کە هەردوو دەوڵەتەکە بانگەشەیان بۆ دەکرد کە ئەم شەڕە بۆ خودایەو سەرکەوتن لای خودایە، شەڕی دوو دەوڵەتی موسڵمان کوشتنی مرۆڤە بێگوناهەکان لە پێناوی زەوی و خاک دا بەشێکی زۆری ئەم رۆمانە گێڕانەوەی رووداوە لەناو جەنگدا، بەشێکی گفتوگۆی سەربازەکان و ئەفسەرانی ناو جەنگە لەمەڕ جەنگ و مەرگ و گەڕانەوە بۆ ژیانی ئاسایی و سەرکەوتنی شۆڕش. بەردەوام پاڵەوانەکان داوای ژیان دەکەن و نایانەوێت بکوژرێن. نووسەر وێنەی جەنگ دەکێشێ و باسی ژیانی بریندارەکان دەکات لەناو جەنگداو دکتۆر ئەنوەر عەبدولمەجید کە دکتۆری بەرەکانی جەنگەو چارەسەری بریندارەکان دەکات، نووسەر باسی سنوورەکان دەکات و باسی بازرگانی و فرۆشتنی کەر دەکات و کوشتنی کەر، شاری بەسرا لە کوێتەوە نزیکەو ئەو بازرگانییە لەنێوان بەسراو کوێتدایەو نووسەر نیگاری ئەو کەللەسەرانەمان بۆ دەکێشێ، کە جەنگ لە جەستەی مرۆڤەکانی جیاکردووەتەوە، گۆڕەپانی جەنگ و کەللەسەری مرۆڤ.

لە بەشی دووەمی رۆمانەکەدا حیکایەت ئەچێتە سەر عەدنان و گێڕەرەوە کەسی سێیەمەو ئاگادارمان دەکاتەوە کە لە بەشەکەی دیکەدا لەمەڕ عەدنان و عەبدولحەسەن بەدر دەدوێت و چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتیان



دەگێڕێتەوە، بەڵام لەبەشی دووەمدا نووسەر، بەگێڕانەوەی ژیانی عەدنان دەست پێدەکات و لە شێوە ژیانی عەدنان و خانەوادەکەیدا ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ژیانی عەدنان و براکانی لەگەڵ باوکیاندا شێوە ژیانی برایانی کارامازۆڤە.

عەدنان قاسم ئەو پاڵەوانەی لە جەنگ و لە سەربازی یاخی بوو، کوڕی پیاوێکی بەعسییەو دوو برای دیکەی هەن، دوای مردنی دایکیان باوکیان ژن دەهێنێتەوە. باوکیان فەرمانبەرێکی گەورەیە لەفەرمانگەی تاپۆ، عەدنان کوڕی دووەمی ئەو پیاوەیە، کە بێ رەحمانە کوڕەکانی لە پێناوی بەعس و لە پێناوی سەرکەوتنی خۆی بۆ دەسەڵات بەکوشت دەدات، ژن هێنانەوەی قاسم زیانی زۆری بەعەدنان و براکانی گەیاند، سەلیم کوڕی گەورەی ئەو ماڵە لە گیان فیداکانی ئەردەنەو کەس نازانێ لەکوێیەو ماوەیەکی زۆرە هەواڵی نییە، لەدوای سەفەری بۆ لوبنان لەگەڵ فیدائییەکاندا. هەرچی نەدیمە برا بچووکی عەدنانەو بەهۆی گوشاری باوکی بۆ ئەوەی پەیوەندی بەحیزبەوە بکات لەتەمەنی شانزە ساڵیدا خۆی دەسووتێنێ. هەرچی عەدنانە پاڵەوانی عەزاب و غەمی ئەم رۆمانەیە بەکۆمەڵێك رووداودا گوزەر دەکات و عەدنان بۆ نێو حیکایەتی شۆڕشی گەلانی عێراق دەمانبات و لە بەسراوە بۆ هەولێرو بۆ پەیوەندی کردن بەشۆڕشی کوردەوەو بۆ شۆڕشی شوعییەکان و سەرئەنجام گەڕانەوە بۆ سەربازی لەژێر دەستی دەسەڵاتدا.

ژیانی بنەماڵەی عەدنان بەجۆرێك لە جۆرەکان شێوە ژیانی بنەماڵەی برایانی کارامازۆڤە وەردەگرێت یان باشتر بڵێم بیری کوشتنی باوك کە فیکرو بابەتی زۆر رۆمانی دونیایە. باوکی عەدنان (قاسم) پیاوێکی توندڕەوی بێ رەحمەو باوکێکە بۆ سەرکەوتنی خۆی لە حیزبدا خوێنی کوڕەکانی دەڕێژێت. قاسم شێوەیەکی سەدامی تێدایە، تایبەتمەندی و

مامەڵەی ناو ماڵ و خۆپەرستییەکەی کاریگەریی کەسایەتی سەدامی لەسەرە، پیاوێکە تەمەنی پەنجا ساڵەو ژنێکی سی ساڵانی هێناوە، لەدوای مردنی دایکی عەدنان و براکانی بێ رەحمانە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێ و خۆپەرستانە ژیان لە خێزانەکەی دەشێوێنێ و مومارەسەی سێکس لە نێوان ژنەکەی و کورە بچووکەکەی دروست دەبێت (نەدیم) ئیدی لێرەوە ئەو خێزانە تووشی قەیرانی کۆمەڵایەتی دەبێت و وردە وردە هەڵدەوەشێتەوە.

عەدنان لەژێر کاریگەریی هاورێییەکیدا کە ناوی کازمە مەیلی بۆ لای شوعییەت دەچێت و دژایەتی دەسەڵات دەکات. بەر لەوەی ببێت بەسەرباز کاری دارتاشی دەکات و هەموو ئاواتی ئەوەیە بتوانێ پارە کۆبکاتەوە تا سەفەر بکات و عێراق بەجێ بهێڵێ، وەلێ سەربازی بەرۆکی بەرنادات و باوکی گوشاری لێدەکات بۆ کارێك کە ئەو حەزی لێنییە، عەدنان لەدوای مردنی دایکییەوە ژیانی دەشێوێت. ئەو رستەیەی باوکی ژیانی شێواند (باوك دەوری خودا ببینێ و پارەش دایك) عەدنان وردە وردە بۆچوونەکانی باوکی فەرامۆش دەکات و لەژێر کاریگەریی کازمدا بۆ ناو سیاسەت و ئەدەب هەنگاو دەنێ، کازم یارمەتی دەدات بۆ خوێندنەوەی دۆستۆیڤسکی و چیخۆف و. . ئیدی لێرەوە بەگژداچوونەوەی عەدنان بۆ دەسەڵات و بۆ باوك دەست پێدەکات. عەدنان کاتێك دەبێت بەسەرباز لە یەکەیەکی سەربازی لە شاری هەولێر لەگەڵ حەوت سەربازی دیکەدا لە سەربازگە هەڵدێن و پەیوەندی بەشۆڕشی کوردییەوە دەکات و تا رۆژگاری حوکمی زاتی پاشان عەدنان وەك سەربازێکی هەڵهاتوو ئەگەڕێتەوە بۆ باشورو ئەچێتە ناسرییەو پاشان فەرمانی گرتنی دەردەچێت، بەهۆی ئەوەی کە پەیوەندی بەشۆڕشی کوردییەوە کردووەو کازمی هاورێی رێگای بۆ دائەنێ،



تا وەك پەنابەرێکی سیاسی بچێتە سعودییەو تا کاتی لێبوردنی گشتی دەگەڕێتەوە عێراق و دواجار لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگدا عەدنان بەناچاری بەرەو بەرەکانی جەنگ هەنگاو دەنێ، ئیتر هیچ چارەیەکی نەماوەو ناتوانێ لە باوکی و لە حیزب یاخی ببێت و لە بەرەکانی جەنگدا عەلی و جەلال دەناسێ، ژیانی پڕاوپڕ دەبێت لەنائومێدی و مەرگ و ئەوەی خۆشبەختی دەکات دەنگی فەیروزە لەرادیۆی کوێتەوەو لەنێو جەنگدا چاوەڕوانی رۆژی چوارشەممەیە بۆ گوێ گرتن لەفەیروز، عەدنان مامەڵە لەگەڵ مەرگدا دەکات، مەرگ ژیانی خۆی و هاورێکانی غەمگین کردووەو چاوەڕوانی ئەوەن لە ئاسمانەوە پەیامی رزگاربوونیان بۆ بێت و هەموو خۆشی و لەزەتی ژیان لای ئەو لە جەنگدا گوێگرتنە لە فەیروز، ئەوەی دڵی پێخۆشە ئەو رادیۆ بچووکەیە، کە چەند ساتێك بەختەوەری دەکات و لە کابووس و غەمی جەنگ دووری دەکاتەوە. کابووس جەنگ و مەرگ ناهێڵێ پشوو بدات و خەوی دەزڕێنێ و بیر لە هەڵهاتن و شکاندنی (رادارەکە) دەکاتەوە لەگەڵ (مەحمود) کە سەربازێکی هاورێیەتی گفتوگۆی هەڵهاتن دەکات، بەڵام مەحمود ئەو کارە بەکارێکی شێتانە دەزانێت و ئەو ماوەیەکی کەمی ماوە لە سەربازی ئومێدی بۆ ژیان هەیەو دوای تەواوکردنی سەربازی بۆ تەواوکردنی خوێندن بچێت بۆ رۆمانیا، بۆیە نایەوێت هەڵبێت.

وەلێ عەدنان مرۆڤێکی تێکشکاوەو ئومێدی نییە بۆ رزگاربوون و جەنگ وەك گۆڕستانێکی گەورە دەبینێ، کە روحی هەموویان دەخوات و عەدنان لەگەڵ ئەفسەری جەنگدا گفتوگۆی جەنگ و قوربانیدانی گەل دەکات و کابووسی مەرگ و بەکوشتدانی خەڵکی عێراق ماندووی دەکات و هەرچی ئەفسەری سەربازییە وەك شوعیەکی ناپاك لە عەدنان دەڕوانێت و سزای

دەدات و عەدنان ناتوانێ شەڕ بکات و ناتوانێ دەستی بچێتە خوێنی مرۆڤ و ترسی خودا لە دڵیدایە.

بەشێکی زۆری ئەم ڕۆمانە گفتوگۆو پرسیارکردنە لەمەڕ جەنگ، بۆ جەنگ؟ ئێمە لە جەنگداین؟ جەنگ یارییەکە ئەیبەینەوە یان ئەیدۆڕێنین؟. . چەندین پرسیاری دیکە کەسەربازانی بەرەی جەنگ ڕووبەڕووی یەکی دەکەنەوە. نەجم والی لەم ڕۆمانەدا بۆ نێو کێشەی مرۆڤە بچووکەکان دەمانبات، بۆ ئامانجی سەربازەکان و بۆ کێشەی خوێندن و پەیوەندیی حیزب (بەعس) کە ئەم مۆدیلێکی بەعس بوو هەرچی نەهاتایەتە ناو حیزبەوە لە خوێندن و ژیانی کامەرانی و پێداویستی ژیان بێبەش دەکرا، هەموو ئەمانەو عەشقی پاڵەوانەکان بۆ شاری (بەسرا) کاریگەریی خودی نووسەرە لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگی داوەتەوە.

بەشی سێیەمی ڕۆمانی (الحرب في حي الطرب) بەریەک کەوتنی سەربازەکانی جەنگە (عەدنان، مەحمود، جەلال، عەلی) لەگەڵ خەڵکی (حي الطرب)دا.

سەربازە ماندووەکانی جەنگ دەچنە کۆڵانی گۆرانییەوە لێرەدا نووسەر لەمەڕ گەڕەکی کاولی و گۆرانی کاولی عەرەبی دەدوێت و باسی گەشتیاری کوێتی دەکات و لە کاولی عەرەبی دەدوێت، باسی گەشتیاری کوێتی دەکات لەو گەڕەکەدا ئەمە یەکێکە لەو کێشانەی کە لە ڕۆژگاری هەشتاکاندا کۆمەڵێك لە خەڵکی عێراقی قەڵس کردو بەتایبەت بەعسییەکان توڕەبوون لە داگیرکاری عێراق لەلایەن کوێتییەکان بەپارەو بەسامان دەرئەنجام داگیرکاری کوێتی لێکەوتەوە لەلایەن عێراقەوە، داگیرکاری سەربازی نووسەر لەسەرەتای ئەم بەشەدا بەم دێڕە دەچێتە ناوەوە (ئایا پارەی کوێتییەکان باشە).



(حي الطرب) کۆڵانێك لە گۆرانی و سۆزانی و مۆسیقای کاولی عەرەبی.

لە سەردەمی جەنگی ئێران عێراقدا بەهەمان شێوە جەنگ کۆمەڵگەی وێران کردو کوشتنی پیاوان لە جەنگدا ژیانی ژنانی تاڵ کردو قەیرانی کۆمەڵایەتی دروستکرد، (حي الطرب) یەکێکە لەو کۆڵانانەی کە قوربانییەکانی جەنگ لێی کۆبوونەوە. ڕەزییەو سەلیمەو چەندین ژنی دیکە بەفرۆشتنی جەستەی خۆیان ژیانێکی سادەیان گوزەراندو لە (حي الطرب)دا ژیانی ئەو ژنە هەژارانە لەسەر لەشفرۆشییەو کڕیارەکانیش گەشتیارەکانی کوێتی و خەڵکانی خەلیجین. (عەدنان و جەلال و عەلی و مەحمود) سەربازانی بەرەی جەنگن وەك چوار سەربازی هەڵهاتوو دەچنە ناو گەڕەکەکەوەو لەگەڵ عەبدولحەسەندا یەکتری دەناسن و لەگەڵ ژنانی لەشفرۆشدا جووت دەبن و سێکس دەکەن لێرەدا گفتوگۆ لە نێوان سەربازان و لەشفرۆشان دروست دەبێت گفتوگۆ لەمەڕ سێکس و کڕیارەکانی دەرەوەی وڵات و نووسەر وێنەی هەستی ئەو سەربازانە دەکێشێت کە لە جەنگەوە وەك ڕوحێکی ماندوو بۆ باوەشی ژنان دەچن و چێژ لە ژنان وەردەگرن، باسی سیحری خەوی عەبدولحەسەن دەکات لەگەڵ نەعیمەدا، عەبدولحەسەن کە بەهۆی خۆشەویستیی نەعیمەوە خزاوەتە حەی تەرەبیەوە. نووسەر لە ژیانی ئەو ژنە هەژارانەی کە لەشی خۆیان دەفرۆشن دەدوێت و دەچێتە ناو حیکایەتەکانی ژیانیان و بۆ ڕابردوویان دەگەڕێت و لە گفتوگۆکاندا پاڵەوانەکان باسی عەشقی خۆیان و ژیان و بەسەرهاتی خۆیان دەکەن، سەربازەکان لە بەرەی جەنگ هەڵدێن و لەگەڵ ژنانی لەشفرۆشدا ژیان بەسەر دەبەن و وەك هەڵهاتوو لە حەی تەرەبدا عەلی و عەدنان و. . هاوڕێکانیان دەژین و عەبدولحەسەن لە زاری خۆیەوە هاتنی خۆی بۆ ئەو گەڕەکە باس دەکات کە بە ڕێکەوت ڕێی تێدەکەوێت و عاشقی نەعیمە

دەبێت و بڕیار دەدات لەوێ لەگەڵ نەعیمەدا بژی و ماڵێك لە سەماو گۆرانی و سێکس دروست دەکەن لە چەقی جەنگدا، عەبدولحەسەن ناتوانێ لەگەڵ نەعیمەدا بڕوات و ئەو جێگایە بەجێبهێڵێ، چونکە عادەتی قەرەج ڕێگایان پێنادات هەروەکو سەلیمە نەیتوانی لەگەڵ سلێمانی عاشقیدا بڕوات، نەجم والی لەم ڕۆمانەدا بۆ ڕۆژگاری شەڕی عێراق ئێران دەمانباتەوەو ڕووداوە تراژیدییەکانی ئەو ڕۆژگارەمان بۆ دەکات و نیگاری دەسەڵاتدارێکی خوێنمژ دەکێشێ کە شەڕی هەڵگیرسان و خەڵکی وڵات باجەکەیان دا. عەدنان و عەلی و نەعیمەو سەلیمە. . بوون بەقوربانی ئەو جەنگە. دواجار ئەم ڕۆمانە حیکایەتی کاولبوونی قەیرانی کۆمەڵایەتییەو بنەماڵەی عەدنان لەم ڕۆمانەدا نموونەیەکە بۆ تراژیدیاو هەڵوەشاندنەوەی خێزانی عێراقی بەهۆی جەنگ و عەقڵی بەعسیزم، کە مێشکی هەزاران مرۆڤی داگیرکردووە وەك (قاسم) باوکی عەدنان کە بیروباوەڕی بەعسیزم وەها مەستی دەکات، کە خێزانەکەی خۆی بۆ پارەو سامان و دەسەڵات دەکات بەقوربانی. لە ڕووی تەکنیکەوە ئەم ڕۆمانە تەکنیکێکی ئەورووپی هەیە، بەشێکی زۆری گێڕانەوەیە (سرد) ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو زمانی وەسفی لەم ڕۆمانە زمانی مەرگ و کابووسەو پاڵەوانەکان بەغەمگینییەوە دەڵێن نامانەوێت بمرین، نامانەوێت بکوژرێین، دەمانەوێت بژین. بەشێکی ڕۆمانەکەش گفتوگۆیە لەمەڕ جەنگ و هەڵهاتن لە بەرەکانی جەنگ و گەڕانەوە بۆ ژیان و کۆتایی هاتن بەجەنگ و گفتوگۆی عەشق و ژیان لە حەی تەرەبدا.

کۆمەڵە چیرۆکی (فالس مع ماتیلدا). نەجم والی کاری لەسەر جەنگ و کابووس و غەمگینی مرۆڤەکان کردووەو حیکایەتی جەنگی ئێران عێراق دەگێڕێتەوە. لە چیرۆکی یەکەمدا (زهرة سوق الشیوخ) باسی پیاوێك دەکات کە ژنەکەی مردووەو پێنج کچی هەیەو لەپاش مردنی ژنەکەی ناوی



بۆ سەربازی و بەرەی جەنگ دێتەوە لەم چیرۆکەدا نووسەر باسی بازاڕی گوڵ دەکات (زهرة سوق الشیوخ) حیکایەتی گوڵەکان و جەنگ و قەدەری مرۆڤەکان دەگێڕێتەوەو قەدەری پاڵەوان و دەنگ دەگێڕێتەوە، جەنگ و دابڕانی مرۆڤەکان لە یەك و شوێنی ئەم چیرۆکە شاری بەسرایە، پاڵەوان مرۆڤێکەو شار بەجێ دەهێڵێ بۆ بەرەی جەنگ دەڕوات و سەرئەنجام کاتێك دەگەڕێتەوە گوڵی قەدەرو ڕەفقەی کچە بچووکی نادیارە. ئەم چیرۆکە باسی جەنگ دەکات کە چۆن ژیانی مرۆڤەکان دەشێوێنێ. لە چیرۆکی دووەمدا بەهەمان شێوە باسی جەنگ دەکات و پاڵەوان کەسێکی کتێب فرۆشەو شوێنی ڕوودانی چیرۆکەکە شاری بەسرایە، نووسەر وێنەی پیاوێکی کتێب فرۆش دروست دەکات، کە کتێبی کۆمیدی دەفرۆشێ و لە شاری جەنگدا دەژی و ئەم چیرۆکە باسی ماندوویی و بێزاری مرۆڤەکان دەکات، لە جەنگ، بینینی سەربازەکان و قافڵەی سەربازی لە شارەوە بۆ بەرەی جەنگ و بێزاری مرۆڤەکان لەو دیمەنە، دیمەنی جەنگ و سەربازان کە مرۆڤەکانیان دڵتەنگ و حەزین کردووە، حوزن ڕوخساری شاری تاریك کردووە، شار ڕەنگی غەم و کابووسی گرتووە، فڕۆکەکانی مەرگ مرۆڤەکان دەترسێنن، نەجم والی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا گوزارشت لە کابووس و عەزابی مرۆڤ دەکات و باسی جەنگ و ژیانی مرۆڤەکان دەکات، نەجم والی بەزمانی غەم و کابووس چیرۆکەکانی جەنگ دەگێڕێتەوە.

نەجم والی لە چیرۆکی فالس مع ماتیلداو الحکواتی الاسود والبرتقالی الحزین . . باسی جەنگ و کاولکاری دەکات، بێزاریی مرۆڤی عێراقی لە جەنگ و خۆشەویستیی پاڵەوانەکان بۆ وڵات و بۆ شارەکەیان، نەجم والی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا شوێنی چیرۆکەکانی شاری بەسرایە، ئەو شارەی کە

خۆی تێیدا لەدایك بووەو تێیدا ژیاوەو پاشان بەجێی هێشتووەو بەرەو ئەوروپا كۆچی كردووە، پاڵەوانەكان لەم كۆمەڵە چیرۆكەدا عەشقیان بۆ (بەسرا) دەردەبڕن، لە تەواوی چیرۆكەكاندا نووسەر بەكاریگەریی دووری خۆی لەبەسرا باسی خۆشەویستی شاری بەسرا دەكات لە دڵی پاڵەوانەكان و بەسرا بەتەواوی جیهانەوە گرێ دەداتەوە، بەسرا لای نووسەر واتە دونیا، خۆشەویستیی پاڵەوانەكان بۆ شارەكەیان و نەجم والی بۆ بەسرا لەم كۆمەڵە چیرۆكەدا بەرجەستە دەبێت، هاوكات لەگەڵ ئەو خۆشەویستییە بۆ بەسرا نووسەر باسی حیكایەتەكانی جەنگ دەكات كە چۆن شاری بەسرا عەزاب دەچێژێ بەدەست برینەكانی جەنگەوە، لەم كۆمەڵە چیرۆكەدا جەنگ ئامادەیی هەیە، زمانی حوزن و كابووس و عەزاب بەسەر ئەم كۆمەڵە چیرۆكەدا زاڵە، رووداوەكان رووداوی جەنگ و هەڵهاتن لەجەنگ و دیارنەمانی مرۆڤەكان لە جەنگ و دیلەكان، ئەوەی كە پاڵەوانەكان لەو حوزن و عەزاب و غەمگینییەی جەنگ رزگار دەكات خواردنەوەی مەشروبی (عەرەقە) بەڵام عەرەق بەجۆرێك لەجۆرەكان كوشتنی مرۆڤەكانە، كاری خۆكوژییە وەك نەجم والی لەم كۆمەڵە چیرۆكەدا دەڵێت عەرەق ئەو مەشروبەیە كە عێراقییەكان خۆیانی پێدەكوژن. خواردنەوەی عەرەق بۆ رزگاربوونی مرۆڤەكانە لەو خەم و عەزاب و ئازارەی جەنگ رزگاربوون بەو مانایەی، كە مرۆڤەكان مەست بن و بۆ تاوێكیش بێت لەو غەم و عەزابانەی جەنگ رزگاریان بێت و سەرئەنجام عەرەق دایاندەڕزێنێ و دڵ و جەرگیان هەلا هەلا دەكات. جەنگ بەردەوامەو ئازارەكانیش هەرگیز بەرۆكی مرۆڤەكان بەرنادەن و تەنها چارەسەریش بۆ مرۆڤەكانی نێو جەنگ مەست بوونە بەعەرەق.



## لەنێوان ژیان و مردندا...
## چیرۆكەكانی عەشق و جەنگ و مۆسیقا

**خوێندنەوەیەك بۆ چوار رۆمانی ( هارۆكی مۆراكامی )**

## سبوتنيك الحبيبة

سبوتنیك الحبیبە رۆمانی سیمبول و دەلالەتەكانە، رووداوەكانی بەكۆمەڵێك دەوڵەتی دونیادا گوزەر دەكەن، بەهەمان شێوەی رۆمانەكانی دیكەی، بەشێكی رۆمانەكە باس لە مۆسیقا دەكات و مۆسیقا كاریگەریی هەیە لەسەر پاڵەوانەكان، لە چیرۆكی سادەی ژیانی ژاپۆنییەكانەوە بۆ دونیای ئاڵۆزی ئەدەب دەچێت، ناونیشانی رۆمانەكەش پەیوەندیی هەیە بەرووداوێكەوە كە لە ساڵی ١٩٥٧دا لە رووسیا لە سەنتەری بیكانۆر لە كازاخستان كەشتییەكی ئاسمانی وەك ئەزموونێك رەوانەی ئاسمان دەكرێت، ئەو كەشتییە ناگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی ونبوونی ئەو (سبوتنیك)ە وەك ونبوونی سومایر وایە، سومایر كچێك كە سەرسامە بە رۆمانەكانی جاك كیرواك، لەو سەرسامییەوە دەچێتە دونیای رۆمانەوە، ئەم رۆمانە باسی چەند كچێكی گەنجی ژاپۆنی دەكات، لەسەر پەیوەندی نێوان یان دەدوێت، پاڵەوانەكانی ئەم رۆمانە گێڕەرەوە، سومایر، میو، ئەم سێ كەسایەتییە دەوردەبینن.

چیرۆکی ئەم کچە گەنجانە چیرۆکی دونیای گەنج و ژیانی ژاپۆن و پەیوەندیی ژاپۆنییەکانە، مۆراکامی لەم کارەشیدا گرینگی بەپاڵەوانی زیرەك و خاوەن مەعریفە داوە، هەروەك چۆن کافکا تامورای خزاندۆتە ناو دونیای ئەدەب و مەعریفەوە، هەر بەو شێوەیە سومایر پاڵەوانێکی زیرەکەو بەردەوام دەخوێنێتەوەو دەیەوێت ببێت بەرۆماننووس، میو لە فەرەنسا مۆسیقای خوێندووەو خولیای مۆسیقایە، مۆراکامی لەم رۆمانەدا دونیای واقیع بەدونیای سیحرەوە گرێدەدا. نووسەر بەجۆرێك کاری کردووە کە رووداوەکان لەنێوان خەیاڵ و واقیعدان، یاخود بەجۆرێکی تر رووداوەکان لەنێوان مەئلوف و نامەئلوفدان، لەم رۆمانەشدا بەهەمان شێوە دونیای واقیع بەدونیای خەیاڵ و سیحری رۆمانەوە گرێ دەدا، زەمەن لەم رۆمانەدا لەنێوان ئێستا و رابردوودایە، گێڕەرەوە لە زەمەنی گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ رابردوو، ئەم رۆمانە دەچێتە جیهانی پەیوەندییە قوڵەکانی ژیانی هاوچەرخەوە، ئەم رۆمانە لە دەرگای خەیالات و سیحرەوە باسی رووداوەکان دەکات، چیرۆکی سەرەکی ئەم رۆمانە پەیوەندیی نێوان (سومایر و میو)ە، سومایر کچێکی بیست و دوو ساڵانەو عاشقی (میو)ە، کە ژنێکی کامڵەو حەڤدە ساڵ لەخۆی گەورەترە، ئەم پەیوەندیی خۆشەویستییەی لە نێوان سومایرو میودایە پەیوەندییەکی قوڵەو لە حاڵەتی سێکسیدا دەچێتە خانەی لادانە سێکسییەکانەوە (شذوذ الجنسی). رووداوی سەرەکی ئەم رۆمانە چیرۆکی پەیوەندیی سومایرو میو یە کە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندایە، دواجار بۆ کارکردن سەفەرێکی ئەوروپا دەکەن و لە یۆنان سومایر لە دۆخێکی ئاڵۆزدا ون دەبێت، سومایر گرفتی دەروونی هەیەو لەنێو عەشقێکی ئاڵۆزو قوڵدا دەژی. مۆراکامی لەم رۆمانەشدا بەهەمان شێوەی رۆمانەکانی دیکەی لە



چیرۆکە سادەکانەوە بۆ پرسیارە فیکری و فەلسەفییەکان دەچێت و باسی خۆشەویستییەکی درێژخایەن دەکات، سومایر کچێکی سەرقاڵە بەوەڵامدانەوەی پرسیارەکان و کەسێکە دەخوێنێتەوە، مۆراکامی هەمیشە گرینگی بەو پاڵەوانانە دەدات کە رۆشنبیر و هۆشیارن، لەیەکەم دێری رۆمانەکەدا گێڕەرەوە باسی خۆشەویستی سومایر دەکات و بۆ کەشێکی عاشقانەو دواجار بۆ کەشێکی سێکسی دەمانبات، مۆراکامی گرینگییەکی زۆری بەناو داوە هەروەك لەم رۆمانەشدا دەبینین ناوی رۆمانەکە پەیوەندیی بەرووداوێکی زانستییەوە هەیەو هەروەها ناوی سومایر بەمانای وەنەوشەیی دێت و پەیوەندیی بەگوڵێکی وەنەوشەوە هەیە. هاوکات ئەو ناوە پەیوەندی بەناوی گۆرانییەکەوە هەیە، کە دایکی لە رۆژگاری خۆیدا حەزی لەو گۆرانییە بووە، سومایر لە ناوچەی کاناجاوا خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات و دەچێتە بەشی ئەدەبی لە زانکۆی تایبەتدا لە تۆکیۆ، لێرەوە دەچێتە کەشێکی ئەدەبییەوەو هەر لەو زەمەنەدا بەرۆمانی (کیرواك) ئاشنا دەبێت، شێتانە عاشقی رۆمانەکانی دەبێت، لێرەوە عەشقی کتێب دەبێت و بەردەوام دەخوێنێتەوە، بیر لە نووسینی رۆمان دەکاتەوە، عاشقی مۆسیقای کلاسیك دەبێت و نووسەر لە رێگای ئەو عەشقەوە لەمەڕ مۆسیقای بتهۆڤن و شۆمان و مندیلسۆن دەدوێت و باس لە مۆسیقای جاز دەکات، گرفتە دەروونییەکان سومایر بۆ دونیایەکی دی دەبەن و لە رێگای خوێندنەوەوە دەچێتە دونیای رۆشنبیرییەوە، عەشقی میو وەك گەردەلوولێك راپێچی دونیای سۆزو پەیوەندی قوڵی دەکات، کەسایەتی میو کە عاشقی سومایرە کەسێکە بەرەگەز کۆرییەو بەڵام لە ژاپۆن لەدایك بووەو، زمانی کۆری نازانێ و مۆسیقای لە فەرەنسا خوێندووەو حەڤدە ساڵ لە سومایر گەورەترە، هەروەها ئینگلیزییەکی باش دەزانێ، یەکەم

دیالۆگی میو و سومایر لەمەڕ ڕۆمانی جاك كیرواكەو یەكەم ساتی هەستكردنی عەشق و سۆزی هەستەوەری لەنێوان ئەو دوانەدا لە ئاهەنگی هاوسەرگیریی كچی مامی سومایردایە، هەرچی گێڕەرەوەی ڕۆمانەكەیە كەسایەتییەكە هاوڕێی سومایرەو بەگێڕانەوەی ئەم چیرۆكە دەگەڕێتەوە بۆ رابردووی سومایر، گێڕەرەوە لە بەشی پێنجەمی ڕۆمانەكەدا باسی ژیانی خۆی و پێناسەی كەسایەتیی خۆی دەكات، كەسایەتی گێڕەرەوە بەوە دەستپێدەكات كە دەپرسێ من كێم؟ لێرەوە دەربارەی ژیانی خۆی لە ماڵ و لە نێو زانكۆدا باس دەكات، باس لەپەیوەندی خۆی و سومایر دەكات، لەمەڕ دایك و باوكی و پەیوەندی خیزانی خۆی دەدوێت، قسە لەسەر خولیای خۆی دەكات بۆ ڕۆمان و بۆ پەیوەندیی سێكسی لەگەڵ ژناندا، دواهەمین ئەزموونی سێكسی خۆی باس دەكات لەگەڵ ژنێكدا كە مێردی هەبووەو ئەم مانگی دووجار لەگەڵیدا خەوتووە، چیرۆكی سێكسی و عەشقی خۆی دەگێڕێتەوە لە گەشتە ئەوروپی و جیهانییەكانیدا، زەمەنی ئەم ڕۆمانە لەنێوان رابردووو و ئێستادایە ئێستای گێڕانەوەكان، شوێن لەم ڕۆمانەدا دیاریكراو نییە، لە ژاپۆنەوە بۆ ڕۆماو یۆنان و ئەوروپا، ئەو شوێنانەی، كە دەكەونە دەرەوەی ژاپۆن بەهۆی گەشتەكانی سومایرو میو و گێڕەرەوە. ئەو عەشقەی كە لەنێوان میو  و سومایردایە بە جۆرێك لە جۆرەكان دەكرێت بەعەشقێك ناوبرێ لەنێوان ڕۆمان و مۆسیقادا، مۆراكامی لەم ڕۆمانەدا باسی پەیوەندیی تاكی ژاپۆنی دەكات، گرفتەكانی ژیانی خەڵكی ژاپۆن باس دەكات و بۆ نێو گرفتەكانی نەست و هەست دەمانبات، گرفتی سێكس و هاوڕێیەتی مرۆڤی ژاپۆنی شیدەكاتەوەو وێنەیەكی ژاپۆنمان نیشان دەدات، لەهەمان كاتدا دونیای ڕۆشنبیریی ژاپۆنییەكانمان پێ دەناسێنێ، ئێمە ژاپۆنمان وەك وڵاتێكی پیشەسازی



ناسیوە، بەڵام بوونی مۆراكامی و چەند ئەدیبێكی دیكە بەڵگەن بۆ پێشكەوتنی ئەدەبی ژاپۆنی.

لەم ڕۆمانەدا وەك ڕۆمانی كافكا علی الشاطی مۆراكامی باس لەكەلتوور وژیان ومامەڵەی خەڵكی ژاپۆن دەكات و باسی ئیمپراتۆر دەكات لە ژاپۆندا وەك ئیشارەتی پێداوە، كە ئیمپراتۆر سیمبولی ژاپۆنە نەك ژاپۆن سیمبولی ئیمپراتۆر بێت، لێرەوە گفتوگۆكان دەچنە نێو ژیان وشتە تایبەتەكانی ژاپۆن وچیرۆكی ڕووداوە كۆمەڵایەتی ومامەڵەی سێكسی دەگێڕێتەوە لەنێوان تاكی ژاپۆنیدا، باس لە جلوبەرگ و خواردنی ژاپۆنی دەكات، لەم ڕۆمانەشدا نووسەر لەسەر پەیوەندیی مرۆڤ و پشیلە دەدوێت، باسی پیاوێكی پیر دەكات، كە ژنی مردووەو بە تەنها لە شوقەیەكدا دەژی و هاودەمی پشیلەیە، گوتارێكی دیكەی ئەم ڕۆمانە لەسەر گرفتی شوناسە، ئەم ڕۆمانە حیكایەتی گرێدانەوەی واقیعە بەدونیای خەیاڵ و سیحری ڕۆمان.

## رۆمانی الغابة النرويجية

ئەم رۆمانە چیرۆکی مردن و مۆسیقایە بەشێوەیەکی سادە، نووسەر بەشێوەیەك ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە چێژی لێ وەردەگرین و، بەشێکی رۆمانەکە گفتوگۆیەو بەشێکی گێڕانەوەیەو گوتاری فیکرییە، ناوی رۆمانەکە دارستانی نەرویجی ناوی گۆرانییەکی گرووپی (بیتلز)ە و پەیوەندی بەکەشی باکوری ئەوروپاوە هەیە. هەروەها یەکێك لە پاڵەوانەکانی رۆمانەکە (ناوکو) بەبیستنی ئەو گۆرانییە هەست بەحوزن و غەمگینی دەکات، (ناوکو) کەسێکە لەدارستانێکی چڕدا دەژی، ئەم رۆمانەش دەچێتە دونیای رۆشنبیری و فەلسەفە و مۆسیقاوە، نووسەر چیرۆکی ژیانی ئەوانە دەگێڕێتەوە کە لە پەراوێزدا دەژین، هەروەها باسی مردنی مرۆڤ دەکات، چیرۆکی سەرەکی رۆمانەکە رووداوی مردنی کەسێکە، هاوڕێی (واتانابی یە)، کە گێڕەرەوەی رۆمانەکەیە، ئەم رۆمانە لەوەوە دەستپێدەکات، کەتورو واتانابی گێڕەرەوە موسافیرێکە لە فرۆکەدایەو لەوکاتەدا گوێی لە ئاوازی دارستانی نەرویجی دەبێت و خۆشەویستەکەی بیردەکەوێتەوە واتانابی گێڕەرەوە لە ساتی گێڕانەوەی رووداوەکاندا تەمەنی سی و حەوت ساڵەو ژیانی بووە بەگەشتکردن، ئەوەی دەیگێڕێتەوە رووداوی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردووە، کە هاوڕێکەی لەو رۆژگارەدا خۆی دەکوژێت، مۆراکامی چیرۆکی ژیانی کۆمەڵێك خوێندکاری زانکۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی پەیوەندیی خۆشەویستی و ژیانی گەنجەکان و دونیای خوێندنەوەو گەڕان بەدوای مەعریفە



دەگێڕێتەوە، پاڵەوان ناوکۆ خوێندکاری زانکۆیەو خۆشەویستەکەی کاریگەریی لەسەری هەیەو ناوکۆ متمانەی بەخودی خۆی هەیەو گەشتی مەعریفی دەکات، بەردەوام دەخوێنێتەوە، بەتایبەت خوێندنەوەی ئەدەبی، کە پرۆگرامی زانکۆیەتی و ناوکۆ پەیوەندییەکی توندوتۆڵی بەزانکۆوە هەیە، کەسایەتییەکە لەگەڕاندایەو دیالۆگ لەگەڵ خەڵکدا دەکات، هەرچی واتانابی یە کەسێکە رۆژانە کار دەکات تا بژێوی ژیانی پەیدا بکات، پارەی کارکردنەکەی لە خواردن و گەڕان و خواردنەوەدا خەرج دەکات، بەهەمان شێوەی رۆمانەکانی دیکە نووسەر لەم رۆمانەشدا گرینگی بەرۆشنبیری و مەعریفەی پاڵەوانەکان دەدات و بەشێکی رۆمانەکە مۆسیقا داگیری کردووە، ژیانی راستەقینەی ژاپۆنییەکان بەشێوەی سوریالی دەگێڕێتەوە، بەزمانی سیحرو خەیاڵ چیرۆکی گەنجەکانی زانکۆ دەگێڕێتەوە، واتانابی گێڕەرەوەی رۆمانەکە کەسێکی غەمگینەو دوای ساڵانێك، لە فرۆکەیەکدا بەهۆی گۆرانییەکەوە چیرۆکی بەسەرهاتی خۆی بیردەکەوێتەوە، ئەم رۆمانە چیرۆکی مردنی مرۆڤێکە دوای ساڵانێك لە زاکیرەی پاڵەوانێکدا دەکەوێتە جووڵە، رووداوەکانی ئەم رۆمانە لە نێو ژاپۆندایەو پاڵەوانەکان هەست بەنامۆبوون دەکەن، نووسەر بۆ دونیای سەرمایەداری و ئابووری و تەکنەلۆژیی ژاپۆن دەمانبات و باسی سیستەمی سەرمایە دەکات لە ژاپۆندا، هاوکات شتە سادەکانی لەبیرنەکردووە، عەشق و وەرزش و دانیشتنی کافتریاکان و جل و بەرگی خوێندکاری زانکۆ. . . نووسەر لە شتە سادەکانەوە بۆ بابەتە فیکرییەکان دەچێ، باسی شۆڕشی گەنجان دەکات لەدوای هێرۆشیماو ناکازاکی، گرینگترین رووداو، خۆکوشتنی کەسێکە لەم رۆمانەدا بۆ دونیای فیکرو فەلسەفە دەمانبات و دیاردەی خۆکوژی باس دەکات لە ژاپۆندا، واتانابی چیرۆکی مردنی

هاوڕێکەی باس دەکات مەرگی خۆشەویستەکەی، تەواوی ئەم ڕۆمانە لە دەوری ئەو ڕووداوە دەسووڕێتەوە، واتانابی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ڕووداوێك، کەمەرگی هاودەمەکەیەتی، هەرچی نووسەرە دەیەوێت نیگاری مەرگ بکێشێ، لە مردنەوە بۆ بابەتی فیکری و فەلسەفی دەڕوات. بەهەمان شێوەی دوو ڕۆمانەکەی دیکە ئەم ڕۆمانە لەسەر پەیوەندی دوو کەسایەتی گەنجە کە خوێنکارن و پەیوەندییەکی تۆکمەو پڕ لە سۆز هەیە لە نێوانیاندا، نووسەر هەمیشە گرینگی بەپەیوەندی نێوان تاکی ژاپۆنی دەدات، واتانابی لەدوای مردنی هاوڕێکەی جلەکانی لەبەردەکات، دەیەوێت لەدوای مەرگیشەوە هێشتا لەگەڵ عەشقی ئەوهاودەمەیدا بژی،ئەم ڕۆمانە بەزمانێکی سادە لەمەڕ ژیان ومردن دەدوێت وبەجۆرێك لە جۆرەکان لە مردن وژیان تێکەڵ دەبێت، نووسەر ئیش لەسەر دونیاو ژیانی تازە دەکات، پاڵەوانەکان کەسایەتی گەنج و خاوەن ڕۆشنبیری و مەعریفەن و لە قووڵایی دونیای ڕۆشنبیری و کتێبدان، ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە مردن و عەشق و مۆسیقاو کتێبە، گەشتە بەنێو دونیای مەعریفەدا.



## ڕۆمانی جنوب الحدود غرب الشمس

ناونیشانی ئەم ڕۆمانە گۆرانییەکی (لنات کنیج کول)ە، هاوکات ناوی نەخۆشییەکە (هستریا) پەیوەندیی بەجووتیارانی سیبریاوە هەیە، مۆراکامی لە ناونیشانی ڕۆماندا گرینگی بەمۆسیقاو گۆرانی و تابلۆی هونەری دەدات و هەمیشە ناوی ڕۆمان و پاڵەوانەکان پەیوەندییان لەگەڵ فیکرو هونەردا هەیە، وەك ناوی ئەم ڕۆمانە ناوی ڕۆمانی سبوتنیك الحبیبە، کافکا علی الشاطئ، سومایر. . . بە هەمان شێوەی بەرهەمەکانی دیکەی نووسەر لەم ڕۆمانەشدا گرینگی بەمۆسیقا داوەو باسی مۆسیقای جاز دەکات و باسی مۆسیقای بتهۆڤن و ڕوسینی دەکات، لەگەڵ ئەوەی مۆسیقا بوونی هەیە لەم ڕۆمانەدا جەنگیش بوونی هەیە، نووسەر چیرۆکی جەنگی جیهانی دەگێڕێتەوەو ژیانی ژاپۆنی سەردەمی جەنگ باس دەکات، ڕووداوەکان لە کێڵگەیەکدایەو دەچێتە ناو شەڕی جیهانییەوە، لەگەڵ چیرۆکی شەڕدا ژیانی نوێی ژاپۆن باس دەکات. باس لە پاڵەوانێك دەکات، لە سەردەمی منداڵی و هەرزەکاری و پاشان سەردەمی دروستکردنی خێزان، چیرۆکی خۆشەویستی لای تاکی ژاپۆنی، لەمەڕ سەفەری پاڵەوان هاجیمی و خێزانەکەی دەدوێت، باسی پەیوەندی شیماماتو دەکات لەگەڵ ئەیزومیدا، ئەم پەیوەندییە ناچێتە نێو کردەی سێکسییەوە، لێرەوە مانای سێکس ئاشکرا دەبێت و نووسەر دەربارەی سێکس دەدوێت لای ژاپۆنییەکان، ئەم ڕۆمانە چیرۆکی جەنگی جیهانی و کاولکارییەکان و ئێش

و ئازاری جەنگی جیهانییە لە ژاپۆندا، هاوکات چیرۆکی تاکی ژاپۆنییە لە رۆژگاری تازەدا. نووسەر باسی مۆسیقا دەکات لای تاکی ژاپۆنی، شیماماتو کەسایەتییەکە شەیدای مۆسیقایە، گوێ بۆ مۆسیقای رووسینی و فرانزلیست و . . . دەگرێ، چیرۆکی پەیوەندیی خۆشەویستی مرۆڤی ژاپۆنییە لە رێگای مۆسیقاو کتێبەوە،بەهەمان شێوەی رۆمانەکانی دیکەی نووسەر لە هونەرو فەلسەفەو ئەدەبەوە دەچێتە نێو چیرۆکی مرۆڤی ژاپۆنەوە، ئەم رۆمانە چیرۆکی عەشق و سێکس و ناپاکی عەشقە، وێنەکانی ئەم رۆمانە سروشت و کەلتووری ژاپۆن نیشان دەدەن، ئەزومی نەوەی پیاوێکە پزیشکی ددانەو ئەندام بووە لە پارتی شیوعی ژاپۆنیدا، نووسەر لەم چیرۆکەوە باسی ئایدۆلۆژیای مارکسیزم دەکات لە ژاپۆندا، بەڵام ئەزومی گرینگی بەسیاسەت نادات و ئارەزووی خۆی هەیەو نووسەر باسی خوێندکاری زانکۆ دەکات لە رێپێوانەکاندا، هاجیمی وەك گەنجێکی زانکۆ بەشداریی ئەو رێپێوانە سیاسییانە دەکات، ئەم رۆمانە چیرۆکی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەو مۆسیقاو سیاسەت و سێکس و عەشق تێکەڵ دەبن و کەلتووری ژاپۆن نیشان دەدات. لە چیرۆکە عاشقانەکانی شیماماتووەوە باسی کۆمەڵگەی ژاپۆنی دەکات، پاڵەوانەکانی ئەم رۆمانە شیماماتو و هاجیمی و یکیکۆو ئەیزومی نوقمی دونیای عەشق و مومارەسەی سێکسن. گێڕەرەوەی ئەم رۆمانە هاجیمی کەسێکە عاشقەو چیرۆکی عەشقی خۆی دەگێڕێتەوەو چیرۆکی عەشقی تاکی ژاپۆنییەکان باس دەکات و باس لە خۆشەویستیی شیماماتو دەکات، هاجیمی وەك لە رۆمانەکەدا هاتووە بەژاپۆنی بە مانای (سەرەتا) دێت و لە ساڵی ١٩٥١ لەدایك بووە ئەمەش سیمبولێکە بۆ سەرەتی ژیانێکی خۆشتر یاخود سەرەتایەکە کە باوکی هاجیمی ئومێدی هەیە بەژیان و دوای جەنگی



جیهانی ١٩٤٤ لەساڵی ١٩٥١دا کاتێك هاجیمی لەدایك دەبێت ژاپۆن تازە لە جەنگێکی کاولکاری و ترسناك رزگاری بووە. هاجیمی واتە سەرەتاو دەستپێکی ژیانێکی جیاوازترو هەربۆیە نووسەر باس لەژیانی تازەی ژاپۆن دەکات و باسی یاری تێنس دەکات وەك خولیایەك لای تاکی ژاپۆنی و چیرۆکی عەشق و سێکس و گەشت بەنێو ژاپۆندا، حیکایەتی عەشقی گەنجەکانی قوتابخانەو زانکۆ، هاجیمی ئەزموونی عەشقی خۆی و شیماماتو و ئەیزوومی ویکیکۆ دەگێڕێتەوەو هاوکات بە فلاش باك دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری جەنگ و ماڵوێرانی و کوشت و بڕو ململانێی سەر سنووری چین و ڤێتنام، گەڕانەوە بۆ رووداوە سیاسییەکان و رێپێوانەکانی سەدەی بیست لە ژاپۆندا، چیرۆکی سەرەکی ئەم رۆمانە عەشقی شیماماتوو ئەیزومی و ناپاکی ئەیزومی هەڵهاتن لەو عەشقەو بریاردان لەسەر ژیانی تەنهایی، خولاسە ئەم رۆمانە چیرۆکی تاکی ژاپۆنییە لەمەڕ عەشق و ناپاکی و مومارەسەی سێکس، چیرۆکی سێکس و مۆسیقاو مەعریفەو عەشقە.

لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا زۆر بەکەمی قسە لە سەر ئەدەبی ژاپۆنی کراوەو لای زۆرێك لە خوێنەری کوردی ژاپۆن بەوڵاتێکی پیشەسازو خاوەن تەکنەلۆژیا ناوی دەرکردووە، بەهۆی کەمیی وەرگێڕانی ئەدەبی ژاپۆنییەوە ئێمە تا ئەندازەیەك بێئاگاین لە ئەدەبی ژاپۆن، زۆر بەکەمی قسەی لە سەرکراوەو نووسەرە ژاپۆنییەکان لای زۆرێك لە خوێنەرانی ئێمە نەناسراون، ژاپۆن جگە لەوەی وڵاتی پیشەسازی و تەکنەلۆژیایە وڵاتی نووسەرە گەورەکانیشە لەوانە یاسۆناری کاواباتا، یۆکیۆمیشیما، رایو مۆراکامی، ئۆزاما دازایە، چیرۆ ئاکاجاوا، هاروکی مۆراکامی. . . . و چەندین ئەدیب و رۆماننووسی ناودار. ئێمە لێرەدا، خوێندنەوە بۆ چوار رۆمانی هاروکی مۆراکامی دەکەین.

هاروکی مۆراکامی رۆماننووس و چیرۆکنووس و وەرگێری ناوداری ژاپۆنی، لە ساڵی ١٩٤٩ لە شاری کیوتو لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩٥ لە پاش گەشتێکی ئەوروپا روو لە ئەمریکا دەکات، بۆ ژیان، لە زانکۆی برنستون و زانکۆی تافتی ئەمریکی مامۆستای ئەدەب بووە، رۆمانەکانی بۆ زیاتر لە سی و پێنج زمانی جیهانی وەرگێڕدراون، لە ساڵی ١٩٩٥ دوای ئەوەی ژاپۆن تووشی دوو کارەسات دەبێت، بوومەلەرزە لە شاری کوبیە دەدا، رووداوی تەقینەوەی میترۆیەکی شاری تۆکیۆ، مۆراکامی بریاری هاتنەوە دەدات بۆ ژاپۆن، لە تەمەنی چوارده ساڵیدا عاشقی مۆسیقای جازی رۆژئاوایی دەبێت. مۆراکامی خوێنەرێکی باشی ئەدەبی ئەوروپی و روسی و ئەمریکیە لەوانە دۆستۆیڤسکی و فلۆبیرو دیکنزو شاندلرو. . رۆمانەکانی مۆراکامی بریتین لە: (جنوب حدود. . غرب الشمس، کافکا علی الشاطئ، الغابة النرویجیة، سبوتنیك الحبیبة، خاتمة الازمنة، بعدالضلام، طوکیوالغامضة، انشودة المستحیل. . . ) جگە لە رۆمان، چەندین چیرۆکی نووسیوە. هاروکی مۆراکامی لە رۆمانەکانیدا گرینگی زۆر بە فەلسەفەو مۆسیقاو رۆشنبیری دەدات، لە چیرۆکە سادەکانەوە بۆ نێو گفتوگۆیەکی چڕو ئاڵۆز دەمانبات و کێشە سەرەکییەکانی تاکی ژاپۆنی باس دەکات و پاڵەوانەکانی هەمیشە مرۆڤی ژیرو زیرەکن و خاوەن کەسایەتییەکی رۆشنبیرو بەهێزن، وەك کافکا کە پاڵەوانی رۆمانی کافکا علی الشاطئ گەنجێکی پانزە ساڵانە وەك مرۆڤێکی زۆر بەهێز لە خۆی دەڕوانێ. پاڵەوانی رۆمانی دارستانی نەرویجی ( واتانابی) کەسێکی زیرەکە هەمیشە سەرقاڵی خوێندنەوەیەو لە ئەدەبدا قوڵ بووەتەوە. رۆمانەکانی مۆراکامی گێڕانەوەی شتە سادەکانی تاکی ژاپۆنییە، حیکایەتی ئەوانەیە کە لە پەراوێزدا دەژین و، چیرۆکی کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی خێزان و ململانێی



فیکرو فەلسەفەو حیکایەتی جەنگ و مۆسیقا، چیرۆکی مردن و عەشق و گەنجەکانی زانکۆو بەتایبەت گرفتە دەروونییەکانە، لە رۆمانەکانی ئەم نووسەرە یابانییە دەردەکەون. . مۆراکامی بەگێڕانەوەیەکی سادە چیرۆکی پڕ گرێ و رووداوە پۆلیسییەکان دەگێڕێتەوە، ژیانی هاوچەرخی ژاپۆنییەکان باس دەکات، وێنەی ناخی تاکی ژاپۆنی نیگار دەکات و چیرۆکی شۆڕشی خوێنکارانی شەستەکانی وڵات باس دەکات، لەوێوەوە خوێنەر بۆ نێو رووداوەکانی هێرۆشیماو ناگازاکی دەبات، چیرۆکەکانی هەمیشە پڕن لە گفتوگۆی فیکرو ئەدەب و هونەر، مۆسیقا بەشێکی زۆری رۆمانی مۆراکامی داگیرکردووە، بەشێکی گفتوگۆکان لەسەر مۆسیقای باخ و فرانز لیست و بتهۆڤن و هەروەها مۆسیقای جازە. مۆراکامی نەوەی شەڕە گەورەکان و کارەساتە ترسناکەکانە. بەکاریگەریی ئەدەبی ئەمریکاو روسیاو ئەوروپا توانی ئەدەبی ژاپۆنی بگەیێنێتە ئاستێك، کە لە ئەدەبی تەقلیدی رزگاری کرد، بەزمانی فانتازیاو واقیعی سیحری و خەیاڵات فیکری پێشکەش بە ئێمە کرد، خوێنەر دەباتە نێو ژاپۆنێکەوە، کە پڕە لە رۆشنبیری و مەعریفە، تەنانەت لە ناونیشانی رۆمانەکانیشدا گرینگی بەهونەری داڕشتنی ناونیشان دەدا، ناوی زۆرێك لە رۆمانەکانی پەیوەندی بەموسیقاو بەگۆرانی و تابلۆ هونەرییەکانەوە هەیە.

## رۆمانی کافکا علی الشاطئ

ئـەم رۆمانـە باسـکردنی ژیـانی ژاپۆنییەکانـە. لـە دوو چـیرۆك پێـك دێـت: چـیرۆکی کافکـا تـامورا، کـە گێـڕەرەوەی رۆمانەکەیـە، کـوڕێکی گـەنجی هەڵهاتووە لەماڵی باوکی، گەنجێکی پانزە ساڵە، لە شـەوی جـەژنی لـەدایك بوونیـدا هەڵـدێت. چـیرۆکی دووەم چـیرۆکی (ناکاتـای پـیرە) کـە لەگـەڵ پـشیلەدا گفتوگـۆ دەکـات، ناکاتـا دوای ئـەزموونێکی دڵ رەقانـەی عەشـق دونیایەکی دیکە هەڵدەبژێرێ، دونیایەك کە گفتوگۆ لەگەڵ پشیلەدا دەکـات و هــاودەمی لەگــەڵ پــشیلەدا دەکــات. ئــەم دوو چــیرۆکە بــەجۆرێك پەیوەنـدییان بەیەکـەوە هەیـە کـە کاریگـەرییان لەسـەر یـەك هەیـە. رووداوەکانی دیکـەی نێـو ئـەم رۆمانـە پەیوەنـدییان بـەم دوو کەسایەتییە سەرەکییەوە هەیە. نووسەر لەگەڵ گێڕانەوەی ژیانی کافکادا بۆ نێو دونیای مۆسیقا دەمانبات و باسی کارەساتی جەنگی ئـەمریکاو ژاپـۆن دەکـات. لـە فـایلی سـیخوڕیی ئـەمریکاوە دەچـێتە نێـو چـیرۆکی شـەڕی جیهـانی و کارەسـاتی هێرۆشـیماو ناگـازاکی. لـەپاڵ ئـەم چـیرۆکانەدا رووداوی ژیـانی تاکی ژاپۆنی باس دەکات، لـە بـارەی کوشـتنی پـشیلەوە دەدوێـت. کافکـا گەنجێکی هەڵهاتووە لە ماڵ و لە دوای هەڵهاتنی لـە ماڵەکـەی ئـەو نـاوەی لێنراوە، ئەم گەنجە تەمەنی پانزە ساڵەو لە هەوڵی ئەوەدایە وەك کەسێکی بـەهێز خـۆی بناسـێنێ. بـەردەوام لـە هـەوڵی خۆبەهێزکردندایـە تـا وەك بـەهێزترین گـەنجی دونیـا خـۆی بناسـێنێ. لـە چـیرۆکی هـەڵهاتنی کافکـاو



بەجێهێـشتنی مـاڵ. خوێنـەر وێنـەی بـاوکێکی تـووڕە دەبینێـت، باوکێـك، هۆکارە بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان. کافکا هەڵـدێت و ئامـادە نییـە جـارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ماڵ تا ئەوکاتەی باوکی دەمرێـت. پـاش مردنـی بـاوکی کافکـا دەگەڕێتـەوە بـۆ نێـو ماڵەکـەی و بەتـەنها لـەو ماڵـەدا دەژی. ئیـدی لێرەوە کەشی پەروەردەی خێزان و کێشەکانی نێـو ئـەو ماڵـەمان بـۆ روون دەبێتــەوە، لێــرەوە حیکایــەتی خێزانێکــی لەیــەك تــرازاو دەبیــنین. لــە هەڵسوکەوتی کافکادا گرێی ئۆدیـب بـەدی دەکـەین، ئـەم رووداوە لـە رووی شـیکاری دەروونییــەوە وێنــەی حیکایــەتێکی دەروونــی دەدات بەخوێنــەر، گرێی چیرۆکەکە کوشتنی باوکی کافکایە، کە پەیکەرسازە. کوشتنی باوکی کافکا لە لێکۆڵینەوەدایە لای پۆلیس. کافکا ماڵێـك بەجێـدەهێڵێ، کـە تێـدا هەسـت بـە نائـارامی دەکـات و هیواخـوازە لـە دەرەوەی مـاڵ دایکـی و خوشکەکەی بدۆزێتەوە، لە پاڵ ئەم چیرۆکەدا نووسەر بۆ زەمـەنی جـەنگ دەڕوات و بـۆ حیکایـەتی جـەنگی جیهـانی دەمانگێڕێتـەوە، چـیرۆکی ئـەو منداڵانــەمان بــۆ بــاس دەکــات، کــە بــەهۆی بۆمبــای کیمیــاویی فڕۆکــە ئەمریکییەکانەوە تووشـی نەخۆشـی بورانـەوەی بـەردەوام بـوون. هاوکـات لەسەر خەواندنی موگناتیسی دەدوێت، گفتوگۆی فیکـرو فەلـسەفی تێکـەڵ بـەرووداوەکان دەبێـت. نووسـەر بـەزمانێکی روون لـە بـارەی شـتە ئـاڵۆزو چڕەکان دەدوێت، لەم رۆمانەدا خوێنەر هەست بەفرە ئاراستەیی دەکات لە گێڕانەوەی رووداوەکان، کەشێکی فیکـری و میتـافیزیکی دەبینـرێ، لـەپاڵ چیرۆکە سەرەکییەکاندا زانیاری لەسەر ژیان و کلتووری ژاپۆن وەردەگـرین وەك باسی خواردنە ژاپۆنییەکان و سروشتی ژاپۆن و مۆسیقاو کافتریاکان، باســی مردنــی خــەڵك دەکــات بــەهۆی خــواردنی ژەهراوییــەوە، وێنــەی شەمەندەفەرو ماڵ و خانووی ژاپۆنیمان نیشان دەدات، کەلەپورو ئاینەکانی

ژاپۆن باس دەکات، واتا دەرخستنی کلتووری ژاپۆنێکانیش بەشێك لە بوونیادی ئەم ڕۆمانە دروستدەکەن. تەواوی ڕووداوی ژیانی کافکاو خێزانەکەی لە ڕێگای وێنەیەکەوە دەگێڕدرێتەوە، وێنەی کافکا کە لەرابردوووودا لە کەناری دەریا گرتوویانە. وێنەیەك، کە هۆکاری گێڕانەوەی چیرۆکەکەیە، هاوکات ناوی ڕۆمانەکە پەیوەندی بەو وێنەیەوە هەیە، (کافکا لە کەنار) ناوی وێنەیەکەو هاوکات ناوی گۆڕانییەکە. بەشێکی دیکە لەم ڕۆمانە وەکو ئاماژەمان پێدا حیکایەتی (ناکاتای پیرە)کە لەگەڵ پشیلەدا دەدوێت، نووسەر بەشێکی ئەم ڕۆمانەی بۆ جیهانی ئاژەڵ تەرخان کردووە، باسی سەگ و پشیلەدەکات. لەسەر کوشتنی پشیلە دەدوێت کە پێستەکەی بۆ ئامێرێکی مۆسیقا بەکاردێت، چیرۆکی هاودەمی مرۆڤ و پشیلە لەم ڕۆمانەدا بۆ نێو حیکایەتی منداڵانە دەمانبات، هەمیشە لە چیرۆکی منداڵاندا مرۆڤ و ئاژەڵ بەیەکەوە هاودەمی دەکەن و گفتوگۆ لەنێوانیاندا دروست دەبێت، ئەمە دیوی سیحر نووسی لە ئەدەبی مۆراکامی. لێرەدا جۆرێك لە واقعی سیحری و دەبینین و لە حیکایەتی پشیلەو ناکاتادا حیکایەتە سیحر ئامێزەکانی هەزارو یەك شەوەمان بیردێتەوە، لە کوشتنی پشیلەکانیشدا نیگاری کوشتنی ڕۆحەکانی نێو ڕۆمانی عەتری پاتریك زۆسکیندمان بەبیردێتەوە. کوشتنی پشیلەو کوشتنی مرۆڤ، لەگەڵ گێڕانەوەی ڕۆژگاری جەنگدا، ڕۆژگاری تازەی تۆکیۆو ژیانی نێو قاوەخانەکان و بازاڕەکان باس دەکات. لە لایەکی دیکە باسی خێزانی کامیورا دەکات وەك خێزانێك کە سەرقاڵی دروستکردنی شەرابن و نووسەر باسی رابردوووی ئەو خێزانە دەکات کە پێشتر عاشقی کتێب و مەعریفە بوون. یەکێك لە و لایەنانەی ئەم ڕۆمانە دەچێتە نێو باسکردنێوە مەسەلەی ژن و پیاوە، لەسەر جیاوازییە جەندەرێکان دەدوێت.



دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری ئادەم و حەوا، کتێبێکی (ئەبوحەسەن خوراسانی) دەهێنێتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەوە. مۆراکامی هەمیشە لە ڕۆمانەکانیدا گرینگی زۆر دەدات بە بواری ڕۆشنبیری و فیکرو مەعریفەو سێکس، پاڵەوانەکانی هەمیشە کەسایەتییەکی زیرەکن و بەدوای زانست و مەعریفەدا وێڵن. لەم ڕۆمانەشدا کاری لەسەر ڕۆشنبیریی پاڵەوانەکان کردووە. هاوکات کافکا تامورا کەسێکە تەمەنی پانزە ساڵە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە وەك کەسێکی بەهێز دەربکەوێت. (کافکا دەیەوێت بەهێزترین هەرزەکاری جیهان بێت). چوونە دەرەوەی کافکا لە ماڵ بۆ دونیایەکی دیکەی دەبات و خەڵکانی دەرەوەی پێ دەناسێنێ ئەوشیما دەناسێ، دەچێتە کتێبخانەکەی ئەو شیماوەو ماوەیەك لە کوخێکی ناو دارستانێك دەژی، کافکا گەنجێکی نائومێدو شڵەژاوەو لەپاش هەڵهاتن چیرۆکی خێزانەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، هەر زوو عاشقی خوێندنەوە دەبێت و لە کتێبخانەکەی ئەوشیمادا لەگەڵ کچێکدا هاودمی دەکات و ئەو کچە سۆزێکی بۆ کافکا هەیە، بەهۆی ئەو سۆزەوە یارمەتی دەدات. کافکا بەهەمان شێوەی پاڵەوانەکانی دیکەی مۆراکامی گەنجێکی ڕۆشنبیرە و ئەخوێنێتەوەو دەیەوێت لەهەموو شتێك شتێك بزانێ، بەشێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە خۆی لە، چیرۆکی کوشتنی باوکی کافکا تامورا (کیۆتشی تامورا) دەبینێتەوە. ئەم پیاوە پەیکەرتاشەو بەچەقۆ کوژراوە، دوای کوشتنی کویتشی پۆلیس بەدوای کافکادا دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی بکوژەکە، پۆلیس گومانی لەکافکایە،گومانی کوشتنی باوکی، لێرەوە چیرۆکەکە دەچێتە خانەی گرێی ئۆدیبەوە، ململانێی کافکاو باوکی چیرۆکەکە بەو جێگایە دەگەیەنێ کە کوشتنی باوکی لێدەکەوێتەوە. لێرەوە خێزانی کافکا ئومێدی کۆبوونەوەی نامێنێ و، دواجار کافکا وەك کەسێکی تەنها دەژی.

بەشێکی دیکەی ئەم ڕۆمانە دیالۆگی سەرمایەداری و شۆڕشی زانیاری تەکنەلۆژییە لە ژاپۆنداو بەتایبەت باسی ژیانی نوێی تۆکیۆ دەکات، وێنەی دونیای سەرمایە دەکێشێو باس لە شەڕی ناوخۆ دەکات و لە زەمەنی تازەدا بۆ شەڕی ناوخۆ و شەڕی جیهانی و ساڵی ١٩٤٤ دەگەڕێتەوە. ئەم ڕۆمانە ئاوێتەیەکە لە نێوان ڕووداوی بچووک و گەورە، ڕووداوەکان لە حیکایەتی جەنگی گەورەو چیرۆکی کۆمەڵایەتی خەڵکی ژاپۆن و ژیانی خەڵك، چیرۆکی ئەو پاڵەوانە ژیرانەی کە گفتوگۆی فیکرو ئەدەب و مۆسیقا دەکەن، لەێیوە ڕووداوەکان دەپەڕێنەوە بۆ ناو دونیای فیکر و فەلسەفەو نووقمی سیمبوولی فەلسەفین  و لە چیرۆکە سادەکانەوە بۆ فیکرێکی ئاڵۆزو گریباوی دەمانبات. پڕە لەو پرسیارانەی،کە لەبارەی شتە ئاڵۆزەکان و قەدەرەوە، ئەم ڕۆمانە بەشێوازی واقیعی سیحری نووسراوەو بەزمانی سیحرو خەیاڵ ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو بەفانتازیا ڕووداوی کافکا، کە گێڕەرەوەی چیرۆکەکەیە لە شوێنێکدا باس لەتوڕەیی باوك دەکات، کە هەرگیز ناگری و هاوکات باس لە گریانی بەردەوامی دایك دەکات، ئەمەش دەلالات لەوە دەکات باوك هەمیشە کارئەکتەرێکی توڕەیەو بێبەزەییەو ناگری  و دایکیش کەسایەتییەکی بەبەزەییەو هەمیشە بۆ ڕووداوە ناخۆشەکان  و ئازارەکان جگە لەگریان هیچی دیکەی پێناکرێ.

زەمەن لەم ڕۆمانەدا ڕۆژگاری تازەی ژاپۆنەو سەردەمی تازەگەری و تەکنەلۆژیایە، هاوکات بەفلاش باك دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، بۆ ڕووداوی جەنگی جیهانی ژاپۆن  و کارەساتە خوێناوییەکان، ئەم ڕۆمانە دوو چیرۆکی سەرەکی تێدان، کە کاریگەرییان لەسەر یەك هەیە و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، چیرۆکی ناکاتاو کافکا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو دوو کەسایەتییە، کافکاو ناکاتا لەدوو زەمەن  و دوو شوێنی جیاواز دەژین،



ئەم ڕۆمانە بەسەر دیالۆگ و گێڕانەوەو وەسف و گوتاری فیکری و ئەدەبیدا دابەش دەبێت، چیرۆکی جەنگ و مۆسیقا و پەیوەندییان بە تاکی ژاپۆنییەوە دەگێڕێتەوە. واتا ئەم ڕۆمانە ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵێ ڕووداوی جیاواز، بەڵام دواجار هەموو ڕووداوەکان لە چەقێکی پێکەوەیدا کۆدەکرێنەوە، کە ناوی ڕۆمانی کافکا لەسەر ڕۆخی دەریایە.

## هەڵهاتن لە مرۆڤ، گەڕانەوە بۆ نێو خود

زۆرن ئەوانەی شیعر دەنووسن و کەمن ئەوانـەی پێیـان دەگوترێـت شـاعیر، شـیعر قورســترین جـۆری نووسـینە و کەچـی لای ئێمــە هێنـد بەئاسـان وەرگیراوە، زۆرترین کەس پەنایان بۆ بردووە، بەڵام شـاعیری راسـتەقینە و شیعری راستەقینە کامانەن؟ شیعر پەیوەنـدی بەهەسـتی مرۆڤـەوە هەیـە، پەیوەندیی بە ڕووداوەکانەوە هەیە، کە لەدەوروبـەری مرۆڤـی شـاعیردا روو دەدەن، ڕووداوەکانی دەرەوە و ناخی مرۆڤی شاعیر دەستنیشانی چۆنێتی و شێوازی شیعرەکە دەکەن، لە سەردەمی شۆڕشـدا شـیعرەکان گوزارشـت لە کۆمەڵێك وێنە دەکەن و لە ساتگەلی ڕووداوی کۆمەڵایەتیدا شیعر رەنگ و رووی سۆزداری و رۆمانسیەت وەردەگـرن، غـەمگینی رۆحـی شـاعیر شـیعر بەکەشێکی رۆمانسیدا دەبات، ژیانی نێو سروشت شیعر دەکات بە تابلۆیەك هاوشێوەی سروشت وەك لەئەزموونی شیعری شاعیری ئەمریکی (میرویـن ) دا سروشت پەرستی دەبینرێت، لەگەڵ بوونی چەندین شێوازی ئـەدەبی بـۆ شیعر نووسین. شیعر بەم ئاستەی ئەمڕۆ گەیشتووە، لە ئێستادا تازەگـەری لەشیعردا یاسـاکانی رابـردووی تێکشکاندووە و لـە دۆخێکـی مۆدێرندایـە و هەندێك لە شیعرەکان گوزارشتن لە فیکر و مەعریفە و بەشێوازی ماناسـازی دەنووسرێن، لەم شێوازەدا هەموو شتێك دەخرێتە پەراوێزەوە، لـە پێنـاوی دروستکردنی فیکر لە شعردا، ئەم جـۆرە شـیعرانە هەنـدێك جـار بەتـەواوی رەنـگ و رووی شـیعر لـە دەسـت دەدەن و دەبـن بەحیکمـەت، دەبـن بـە



گوتارێکی فیکری، هەندێکی دیکە بـەجۆرێك شـیعر دەنووسـن وەك ئـەوەی تابلۆیەك بکێشن، بەوشە وێنەیەك دەکێشن، ئەم وێنانە نیگـاری سروشـت و ڕووداوە جۆرا و جۆرەکانن، شیعر هەستی مرۆڤە بەرانبەر بـە ڕووداوەکـانی دەرەوە و ناوەوەی خۆی.

لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم لەبارەی شێوازی شیعرنووسین لە ئەزموونێکی شیعری تەیب جەبارەوە بدوێم، ئـەو رۆژەی مـن دەمـرم دیوانـە شـیعرێکی شـاعیر تـەیب جـەبارە، شـاعیر لـەم ئەزموونەیـدا وێنـەی کۆمـەڵێك رووداو دەکێشێ، وێنەسازی گوزارشت لـە ڕووداوەکـان، لـە شـیعری یەکەمـدا ئـەو رۆژەی مـن دەمـرم، بـاس لـە ئەگـەری مردنـی خـۆی دەکـات، لـە رۆژێکـی نادیـاردا، مردنـی کەسـی یەکـەمی تـاك (مـن) پێـشبینی رووداوی مـردن بەکۆمەڵێك رووداوەوە گرێ دەدات، بەگشتی کەشێکی غەمگین بەسـەر ئـەم شیعرەدا زاڵە و شاعیر لە کەشێکی غەمگین و نائومێدانەدا دەژی، نائومێدی لـە مرۆڤـەکان و هەسـت کـردن بەتـەنهایی، مردنـی کەسایەتی شـاعیر بـە ڕووداوگەلێکـەوە گـرێ دەدرێـت، بـە ڕووداوی سروشـتی، لـەم شـیعرەدا بەرانبەر بەمردنی کەسایەتییەك شتە بێ رۆحەکان رۆحیان دەخرێتـە بـەر و قاپ و کەوچك و لێفە و. . . . لە مرۆڤەکان پتر هەست بـەو ڕووداوی مردنـە دەکـەن و شـاعیر بـەجۆرێك نائومێـدە لـە مرۆڤـەکان، پـەنا بـۆ شـتە بـێ رۆحەکان دەبات، مردنی کەسایەتی شاعیرو خلبوونەوەی خـۆر بـۆ زەوی و فـشبوونەوەی مـانگ و ئەسـتێرەکان دێنـەخوار و. . . بـەو ڕووداوی مردنـە گۆڕانکـاری لـە سروشـتدا دروسـت دەبێـت، گرێدانـەوەی هەسـتی شـیعری بەسروشـت لای زۆر شـاعیر گرینگـی پێـدەدرێت لەوانـە میرویـن بـەجۆرێك عاشقی سروشتە، کە شـیعرەکانی خزمەتـە بەسروشـت و بـاس لـە عەشـقی سروشت دەکات، لە ئەزموونی شیعری تەیبدا وێنەسازی سروشت دەبینرێت

و یاخیبوون و بێزاری شاعیر لە مرۆڤ وا دەکات، کە پەنا بۆ سروشت بەرێت، نەخشەکێشی بۆ مەرگی خۆی و قورپێوانی خۆڵ و هەڵلەرزینی ئاگر لەسەرما دەکێشێ، بەڕووداوی مەرگی ئەو سروشت شیرازەی تێك دەچێت، خولاسە ئەم شیعر حیکایەتی گریمانەی مردنی کەسایەتیی شاعیر و شیوەنی سروشت وشتە بێ رۆحەکان و بێخەمی مرۆڤەکانە، لەم ڕووداوەدا وێنەگەلێك هەن کە گوزارشتن لە مردنی شاعیر، شاعیر لە مرۆڤەکان نائومێدە و دەگەڕێتەوە بۆ نێو خۆی و لە نائومێدیدا دەگەڕێتەوە بۆ لای کەرەستە بێ گیانەکانی ماڵەکەی ئەو هێندە لە مرۆڤەکان نائومێدە پێشبینی ئەوەدەکات، ڕووداوی مردنی کاریگەریی لەسەر قاپ و کەوچك و. . . . کەرەستە بێ رۆحەکانی ماڵەکەی زیاترە وەك لەسەر مرۆڤەکان، لێرەوە درك بەو ململانێ ناتەندروستە دەکەین، کە لەرۆژگاری قابیل و هابیلەوە درێژەی هەیە، مرۆڤ لەم دونیا پڕوپوچەدا کە مەودایەکی کورتی هەیە لە پێناوی بەرژەوندیدا ئامادەیە مۆراڵی مرۆڤ بوون و جوانی لەدەست بدات ئەمە ئەو گوتارەیە، کەشاعیر کاری لەسەر کردووە، تەیب جەبار کۆمەڵێك وێنەمان نیشان دەدات، کە گوزارشتن لەو ڕووداوە، هاوکات مانایەك، گوزارشتێك پێشکەش بەئێمە دەکات، ئەو گوزارشتە نائومێدی شاعیر لە مرۆڤ و پەنابردنە بۆ بێ رۆحەکان و سروشتی جوان و بێزیان، شاعیر لەم شیعرەدا دەیەوێت گوزارشت لەمرۆڤ بکات وەك ئەو مەخلوقەی کە پڕە لە کینە و خراپەکاری و ململانێ لە پێناوی بەرژەوەندیەکاندا، شاعیر دەیوێت لەگەڵ کۆتایی هاتنی خۆیدا کۆتایی بەسروشت بهێنێت، مردنی ئەو تەفر و تونابوونی سروشتە، مرۆڤێك پێشهاتی مردنی خۆی دەکات و ئەوەش کە ئەو غەمە لەکۆڵ دەنێت کەرەستەکانی ماڵەکەی و کتێبەکانییەتی، تەنها کچەکانی بۆی دەگرین، لێرەدا وێنەی ناسکی ژن



نیشان دەدات، گریانی شتە بێرۆحەکان گریانی کۆتایی هاتنی وەزیفەی ئەوانە لە ماڵێکدا، لاوانەوەی شتە بێ رۆحەکان بۆ مردنی شاعیر وێنەی پەیوەندیەکی جوان نیشان دەدات لەنێوان شاعیر وشتەکاندا، بەگشتی ئەم شیعرە گوزارشتی شاعیرە لە نائومێدیەك کە مرۆڤ هۆکارێتی، ئەم شیعرە شەڕی شاعیر ومرۆڤەکانە، لەشیعری (شیعری کەمخوێ)دا دیسانەوە ئاوێزانی سروشت دەبێت، بەکۆمەڵێك وێنە عەشقی خۆی بۆ سروشت نیشان دەدات و نیگاری ئاو وگڵ وچیا و شاخ و هەنسکی بەرد و. . . دەکێشێت، شاعیر بەوەسفی سروشت بۆ شتەکان وبۆ کەسایەتییەکان هەستی خۆی بەرانبەر بەسروشت دەردەبڕێت، ئەزموونی شیعری تەیب جەبار پڕاوپڕە لە ڕەنگ، ڕەنگ گوزارشت لە غەمگینی وجوانی و سروشت دەکات، باس لە ئاشتبوونەوەی خۆی و سروشت دەکات، ئالوودەبوون بەسروشت و لەناودانی کینە و رق، هاوکات لە سروشتەوە لە وێنەگەلێکی ڕەنگاوڕەنگەوە گرینگی بە مانا دەدات، مانا بۆ جوانی و فیکر و بەرهەمهێنانی گوزارشتی شیعری، لەگەڵ هەموو ئەو وێنانەدا گوزارشتێك هەیە، کە وێنەی غەمگینی شاعیر نیشان دەدەن، دروستکردنی دونیایەك لە سروشتدا بنیاتنانەوەی پەیوەندی شاعیرە، وەلێ پەیوەندییەکی جیاواز لە پەیوەندیی مرۆڤەکان، گرێدانی دۆستایەتی لەگەڵ سروشتێکدا کە شاعیر دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێ، کە متمانەی بەسروشت زیاترە وەك لە مرۆڤ، سروشت جوانی و ئاسوودەییمان پێشکەش دەکات و مرۆڤ ململانێیەکی ناتەندروست، لەم شیعری سەردەمانێ تاریکی سپی بوو، شاعیر باس لە سەردەمێکی دیاری نەکراو دەکات و نیگاری رۆژگارێکی جوان دەکێشێ، زەمەنێك، کە هەمووشتێك ڕەنگی جوانبوونەوەی وەرگرتبوو، وەك خۆی دەڵێت تاریکی سپی بوو، لەم تێکستەدا شاعیر وێنەیەکی ئاسوودەبەخش

نیشان دەدات، لەم شیعرەدا پەیوەندییەکی جوان و دۆستانە لەنێوان هەور و خۆر و ئەستێرە و. . . دروست دەکات، هاوکات لە نێوان هەستی خۆی و سروشت گوزارشتی دۆستایەتییەکی جوان و دڵێکی ئاسوودە نیشان دەدات، گوزارشت و وێنەکان رۆحێکی ئارام و ئومێد بەخشی شاعیر نیشان دەدەن، سروشت لە خزمەتی رۆحێکی ئاسوودەدایە و گوزارشتەکان نیگارسازی زەمەنێکی خۆشبەختن لای شاعیر، لەم تێکستەدا دوو زەمەن هەیە، پتر لە دوو تابلۆ دەچێت تابلۆیەکی سپی و تابلۆیەکی رەش، دوو زەمەن و دوو ڕووداو، ڕووداوێك، کە گوزارشت لە خۆشبەختی دەکات لە رابردووودا، زەمەنی ئێستای شیعر چرکەساتی ڕووداو و ئافراندنی شیعر، لەزەمەنی یەکەمدا کە گێڕانەوەی ڕووداوی رابردوووە، گوزارشتەکان لەبارەی خۆشبەختی و ئاسوودەییەوە، لە زەمەنی دووەمدا ساتی نووسین و دەربڕینی شیعرەکەیە، ساتگەلێکی تاڵ و سەخت و پڕ لە نائومێدییە، نیگاری دابڕانی عەشق دەکێشێت، حیکایەتی تراژیدیای ئازار و غەمگینی عەشق دەگێڕێتەوە، لەم بەشەدا شاعیر نەخشی ئەوپەڕی نائومێدی دەکێشێ وەك خۆی دەڵێت جێژوان دەبێتە گۆڕستانی شیرین. نائومێدی بەجۆرێك، کە شاعیر باس لە وەزیفەی خۆی دەکات وەك وەزیفەیەکی بێ سوود، کاتێك شاعیر دەڵێت (پاسەوانی دەنگم لە دەروازەی شارێکی کەڕدا) ئەمە وەزیفەیەکی نائومێدانەی شاعیرە، هاوکات ڕستەیەکی پێچەوانەسازییە، لە چەند شوێنێکدا ڕستەی پێچەوانە سازی هەیە، بۆ نموونە لەرزی گەرمم لێدێ تای سارد دامدەگرێ، هەندێکجار پێچەوانە سازی جۆرێکە لە عەبەسیەت و هەندێکجار پەیوەندی بە گوزارشتەکانەوەیە، بۆ نموونە لەم رستەیەدا دەڵێ سەردەمانێ تاریکی سپی بوو ئەم پێچەوانە سازییە پەیوەندی بە گوزارشتێکی



خۆشبەختەوەیە، کە شاعیر بەجۆرێك گوزارشت لە خۆشبەختی دەکات، کە تاریکستانی ئەو سپیە، لە شیعری بانگەشەی هەڵبژاردندا گوزارشتەکان لەبارەی سیاسەت و هەڵبژاردنەوەیە، لەم تێکستەدا شاعیر بە نۆ پارچە شیعر لیستە سیاسییەکان دابەش دەکات، ئەم شیعرە نیگاری ململانێی سیاسەت و کێبرکێی ئاڕاستە سیاسییەکانە لە ساتەکانی هەڵبژاردندا، دیسانەوە لە سروشتەوە گوزارشت لە ڕووداوێك دەکات، کە پڕۆسەی هەڵبژاردن، ئەمە هەستی شاعیرە بە هێمنی دەبێت بە کۆمەڵێك ڕستەی شیعر لە ساتگەلی ئاڵۆزی و ململانێی هەڵبژاردندا، وێنەی سەرەکی ئەم تێکستە ململانێی نێوان لیستەکانە، لەو کەشە ئاڵۆزەدا بەو شێوەیە هەست و گوزارشتەکانی خۆی دەردەبڕێت، و سروشت لای تەیب جەبار دەروازەیەکە بۆ گوزارشتەکان وەك لای زۆرێك لە شاعیرەکان گرینگی بە سروشت دراوە، لای گۆڕان سروشت وەك وێنەیەکی جوان نیشان دراوە، شاعیری ئەمریکی میروین بەجۆرێك عاشقی سروشتە، کە پێی وایە پیسکردنی سروشت ناپاکیە لە ژینگە، لێرەوە سروشت دەبێت بەسەرچاوەیەك بۆ نووسین و بەرهەمهێنانی دەق، لە شیعری بنوو ئەی یاردا تەیب جەبار وەك زۆرێك لە شاعیرانی رۆمانسییەت سکاڵای دڵی خۆی تۆماردەکات، گوزارشتی شاعیران لەبارەی عەشقەوە تێکەڵەیەکە لە ماندووی رۆحی شاعیر سۆزی بۆ رەگەزی بەرانبەر و غەریزەی سێکسی و عەشقی رۆحی وێنەیەك بۆ نیشاندانی گرفتی کۆمەڵایەتی، شیعری عاشقان لای هەندێك شاعیر سکاڵای دڵە تەنهایی و دوورییە لە مەعشوق، لای هەندێکی تر دروستکردنی وێنەی جەستەییە، ئەم وێنەیە دەچێتە چوارچێوەی غەریزەی سێکسیەوە، لای هەندێکی تر عەشقێکی رۆحیە، ئەوەندەی گرینگی بەعەشق دەدات ئەوەندە گرینگی بەغەریزەی سێکسی

نادات و گوزارشتەکان لەبارەی جوانی و رۆچوونە نێو قووڵایی عەشقەوە، لە شیعری بنوو ئەی یاردا تەیب جەبار سکاڵا لە یار دەکات و هاوکات سۆزێکی بۆ یار هەیە، ئەو سۆز و خۆشەویستییە وا دەکات، کە شاعیر خۆی بکات بەقوربانی بۆیار وەك لە شیعرەکەدا هاتووە: بنوو بێ خەم /بێ ئاگا لەحاڵم ئەی یار.

شاعیر نیگاری خۆی بەشێوەیەکی غەمگین و ئازار بەخش دەکێشێ و هاوکات دەیەوێت دونیایەك لە بەختەوەری بۆیار دروست بکات، دەروونی شاعیر ماندووێتیە لە یار، هاوکات خۆی دەکات بەقوربانی و بیر لەوە دەکاتەوە کەشێکی جوان و ئارام بۆ یار ببەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا سکاڵا دەکات لەوەی کە یار ئەوی فەرامۆش کردووە، پیاوی کورد لەگەڵ سکاڵای عەشقدا هەمیشە پرۆسەیەکی هەیە بۆ ئاشتبوونەوە، ئەم تێکستە گوزارشتە لە رۆحی نائارامی شاعیر لەبەرانبەر یاردا، شاعیر دەیەوێت لە حەز وخولیا و ئارەزووەکانی مەعشوقەکەی تێبگات، دەیەوێت لە یارەکەی تێبگات، لەم پێناوەدا داوای سادەبوونەوەی لێ دەکات، لە کۆی ئەم دیوانەدا شاعیر دەیەوێت کەشێك لە رەنگ و شێوە دروست بکات بەسوودوەرگرتن لە سروشت، بەکاریگەریی شکلانییەت دەروازەی گوزارشتەکان واڵا دەکات، بەنیگارسازی مانا بەرهەم دەهێنێت، عەشق و نائومێدی وخۆشبەختی لە چوارچێوەی کۆمەڵێك وێنەی جیاوازدا نیشان دەدات، تەیب جەبار وێنە دەکێشێ بە وشە، هەندێك جار تابلۆکان بەجۆرێکن کە گوزارشت لە شیعرێك یاخود رووداوێك دەکەن وشیعریش زۆرجار وێنەیەکە بە وشە دەکێشرێت، لەنێوان شیعر و مۆسیقا و وێنەدا پەیوەندییەك هەیە، تەیب جەبار هەوڵی داوە ئەو پەیوەندییە بنەخشێنێ، وشە دەکات بە وێنە، مۆسیقاش لەنێو شیعرەکاندا سەما دەکات، وێنە



شیعرێکی بێدەنگە، شیعریش وێنەیەکە قسەدەکات، ئەوەی کە لە ئەزموونی تەیب جەباردا گرینگی پێدراوە وێنەسازییە، وێنەگەلێك قسەدەکەن، هاوکات گوزارشت کاری خۆی دەکات ومانا بەرهەم دەهێنێت، گوتارێك کار لەسەر نائومێدیی شاعیر لە مرۆڤەکان و دەوروبەری، هاوکات شیوەنێك هەیە بۆ مرۆڤ وەك لەو شیعرەدا بۆ حوسێن میسری نووسیوە، شاعیر گوزارشت لە دابران دەکات، لەم شیعرەدا رووداو مردن ورۆیشتنی کەسایەتییەکە شیعر بە کاریگەریی ئەو ڕووداوە تراژیدییە دەخولقێت، لە شیعری ئەو رۆژەی من دەمرم رووداو مەرگی شاعیرە، بەڵام ڕووداوێك کە هێشتا نەهاتووە، پێشبینیی هاتنی مردنێك دەکات، کە دەبێتە هۆی کۆمەڵێك ڕووداوی دیکە، ڕووداوی سروشتی و گۆڕانکاری لە کەش و هەوادا، ڕووداوی وەستانی بازاڕ و رۆح خستنەبەر کەرەستە بێ رۆحەکان .

## بەشی سێیەم

## مەحمود بریکان
## ئەفرێنەری پرسیاری فەلسەفی لە شیعردا

مەحمود بریکان ئەو شاعیر مەزنەیە کە پێش سەردەمی خۆی کەوت، بریکان بەیەکێ لە شاعیرە هاوچەرخەکانی عێراق دادەنرێ، لە نەوەی تازەگەرەکانە، شیعرەکانی رۆچوونە بەرەو قووڵایی مانا،ئەم شاعیرە هەر لە منداڵییەوە سۆز وخۆشەویستی بۆ باپیری هەبووە ولێی نزیك بووەتەوە و هەرچی باپیری بووە، بەو خەیاڵەی بریکان جیاواز لە منداڵەکانی بنەماڵەکەی بێت هەر زوو دەرگای کتێبخانەکەی بۆ دەخاتە سەر پشت و ئەمەش دەرفەتێکی باشە و بریکانیش دەیقۆزێتەوە وئیتر وردە وردە دەست بەخوێندنەوە وخۆ رۆشنبیرکردن دەکات، مەحمود بریکان لە ساڵی ١٩٣١ لە زوبێر لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی ئەهلی النجاة تەواوکردووە و لەسەر ئارەزووی خێزانەکەی دەچێتە کۆلێژی یاسا و دوو ساڵی لێ دەخوێنێ و پاشان لەبەر ئەوەی ویست و ئارەزووی خۆی نییە واز دەهێنێ، لەساڵی١٩٥٣ سەفەری کوێت دەکات، ئەوکات تەمەنی بیست و سێ ساڵ دەبێت، پێنج ساڵ لە قوتابخانەی قتیبە دەخوێنێ و لەپاش شۆڕشی چواردەی تەموزی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق، وەك زۆرێك لەو عێراقیانەی لەتاو شەڕ هەڵهاتبوون و لەپاش شۆڕش گەڕانەوە



وبریکانیش وەك زۆرێك لە خەڵکی بەهیوای ژیانێکی نوێ و کامەرانی و ئاسوودەیی گەڕایەوە، ساڵی ١٩٥٠ کۆمەڵە شیعری مطولة المجاعة الصامتة، بڵاودەکاتەوە، ١٩٥١ مطولة اعماق المدینة بڵاودەکاتەوە، ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٥٣ دوانزە قەسیدە دەنووسێت وبڵاویان دەکاتەوە، لە ١٩٥٣ تا ١٩٥٧ ساڵانی بێدەنگیی بریکانە وهیچی نەنووسیوە، لە ساڵی ١٩٥٧ تا ١٩٦١ هەشت قەسیدەی دیکە دەنووسێت، لەساڵی ١٩٦٢ تا ١٩٦٧ دەست لە بڵاوکردنەوە هەڵدەگرێت، لە ساڵی ١٩٦٨ تا ١٩٧٠ سیانزە قەسیدە دەنووسێت، ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٩٣ دیسانەوە ماوەی راوەستانی بوو لە بڵاو کردنەوە، لە ساڵی ١٩٩٣ کۆمەڵە شیعری عوالم متداخلة لە گۆڤاری اقلام بڵاو دەکاتەوە، هەرچی ئەم بەرهەمانەیەتی مەرگ مەودای بڵاوکردنەوەی نەدا (الرقص فی المدافن،اکلیل الحب،ارض العبید) دوو کتێبی هەن بەناوی موسیقا العربیة،الرازی مخطوطین، لە ساڵی ٢٠٠٢ لە ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێت بەدەستی لوئەی خەزیر باقر برازای ژنی دووەمی خۆی بووە، بریکان شاعیری تازەگەری عێراقی هاوکات نیگارکێش و خەتخۆشیش بووە، شیعرەکانی گوزارشتبوون لە ژیان و لە کارەساتەکانی سیاسەت و ژیانی مابوسخانە و زیندانیانی مابووسخانە، بریکان لە شیعرەکانیدا گرینگی بەماناسازی دەدا ، رۆشنبیری ئەو لە فەلسەفە و خوێندنەوەی بۆ فیکر شیعری بەرەو فەلسەفە و عیرفانی دەبات، گوێگری مۆسیقای کلاسیك بووە و کاریگەریی شاعیری هندی تاگوری و شاعیری ئەڵمانی ریلکە، لۆرکا، لەسەربووە، کاریگەریی ئەم شاعیرانە بریکانی بۆ نێو ئاراستەی بوونگەری و عرفانییەت و ماناسازی بردووە، هونەری شێوازەکاری و سینەما بەشێك بوون لە سەرچاوەی بریکان، زمانی ئینگلیزی زانیوە و گۆڤارە ئینگلیزییەکانی پێ

خوێندووەتەوە، شیعری بریکان وەك شاعیرانی پەنجاکانی سەدەی بیست نیگارسازی تێکەڵ بەماناسازی بووە، واتە وێنەیەك بووە بۆ گوزارشتکردن لە فیکر وئازادی و لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارە کە عێراق وڵاتی شەڕ و کاولکاری بووە و ژێردەستەی عوسمانی و پاشان ئینگلیز ودوای ئەوەش دەسەڵاتی پاشایەتی و کوودەتا و شەڕ وکاولکاری تارۆژگاری ئەمڕۆ، بەشێك لە ئەزموونی بریکان گوتارێکە لەبارەی مەرگ و کابووس و ڕووداوەتاڵەکانی سیاسەت، لە چەند شیعرێکدا بەشێوازی گێڕانەوە (سرد) کاری کردووە، لە شیعری اغنیة حب من معقل المنسین وأسطورة السائر فی نومه و چەند شیعرێکی تردا شاعیر ڕووداو دەگێڕێتەوە، لەنێو شیعرەوە چیرۆك دەخولقێنێ، عرفانییەت وئاڵوزی و قووڵبوونەوەو عەبەسیەت چەمکی سەرەکی شیعری ئەوە، دونیای ئەو کە بەرەو تازەگەری و فیکری بوونگەری هەنگاوی دەنا، دونیای بریکان گوزارشتبوو لە خەونەکان و ژیانی ڕۆژانە، گوتارێك بوو لەنێوان مردن و ژیان، ئەو لە کەشێکی سیاسی وەها سەختدا ژیا کە مرۆڤەکان لەنێو ململانێیەمی هێندە ناشیرینداببوون کە یەکتری تاوانبار دەکرا، تاوانی سیاسی بۆ خەڵك و بۆ ڕۆشنبیران دروست دەکرا، بەڵام بریکان ڕۆحێکی بێدەنگ و خامۆش بووە، هەمیشە لەنێو بێدەنگی دونیای خۆیدا پەرەی بە شیعر داوە، بریکان هەست و سۆزی بۆ پارتی ڕزگاری هەبووە و چەندین شیعریشی لە ڕۆژنامەی ئەو پارتەوە بڵاوکردووەتەوە، ئەو سۆزە بۆپارتی ڕزگاری سۆزێکی نەتەوەیی بووە، شیعرەکانی نیگاری میحنەتی زیندان و ئەشکەنجەدانی مرۆڤەکان بووە، گوزارشتەکان لە شیعری ئەودا تێکەڵەیەك بوو لە فیکر و فەلسەفەی ڕۆژئاوا و ڕۆحانییەتی ڕۆژهەڵات، شیعری بریکان نزیکبوونەوە بوو لە تازەگەری گەردونی و زەوی و بوون و دونیا و مرۆڤ، بەهۆی ئەوەی شارەکەیان لە



ناوچە بیابانییەکان بوو، گاریگەریی بیابان لە شیعرەکانیدا هەبووە، کەشی بیابان بەسەر دونیای شیعری ئەودا زاڵبووە، خەیاڵ و واقیعی تێکەڵ کردووە، خەونەکان و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەیەکەوە گرێ داوە، هاوکات واقیعی سیاسی و ئازادی سیاسی لای بریکان گرینگی پێدراوە، بریکان بەشاعیری فیکری و خالقی پرسیاری فەلسەفی ناسراوە لەشیعردا، چیرۆکی فەلسەفی وعیرفانی. مەحمود بریکان بە دروستکەری پرسیاری فەلسەفی ناسراوە لە شیعردا، پرسیاری فەلسەفی و بۆچوونەکانی فیکر پانتایی یەکی زۆریان لە شیعری ئەودا داگیرکردووە. بریکان نەوەی بوونییەوییەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستەمەو هاوزەمان و هاوەڵی شاعیری ناوداری عێراقی بەدر شاکر سەیابەو هەردووکیان لە شاعیرانی تازەگەری عێراقین. بریکان یەکێکە لەو شاعیرانەی کە زۆربەکەمی شیعرەکانی بڵاوکردووەتەوە و بە زۆری هاوڕێیەکانی شیعرەکانی بڵاو دەکردەوە، بریکان شاعیرێکە لەنێو بێ هۆشی لە بیردا، یاخود مردن لە بێ هۆشی بیردا، پێشنیاری مردن و ژیان لە میتافیزیکدا، خولیای مردنی خود لە شیعری بریکاندا دەبینرێ، بریکان شاعیری مەرگدۆستیە و مەرگ پانتایی شیعرەکانی داگیرکردووە، ئەزموونی بریکان شێوازێکی بێهاوتایە و گرینگی بە ئیقاعی گێڕانەوە دەدات لە پەخشانداو کێش فەرامۆش دەکات، شیعری ئەو خوێندنەوەیەکی بینیاریە، گرینگی بە گێڕانەوە و وێنەگری و هەروەها ئێستایی و نائامادەیی و مردن دەدات، خۆشەویستی تێکەڵ بە ترس و سیحر و سەرکەشی دەکات، بریکان شاعیرێك لە بێ هۆشی بیردا.

سەرچاوەکان:

١- التموية فی قصیدة محمود بریکان - رشید هارون _ جریدة طریق الشعب

٢– شاعر الفكرة والسوال الفلسفى –على حسن فواز – انترنيت

٣– سـرديات الفلـسفى فـى عواصـف البريكـان الـشعرية–رۆذنامـةى الزمـان پاشكۆی الف يا ء

٤– محمود البريكان –العزلة. . النحر. . الريادة. . ناظم السعود– انترنيت

٥– صانع اسئلةرؤيا فى شعربريكان–رياز اسدى – انترنيت

٦– فى غيبوبة ذاكرة –دراسات قصيدة الحداثة – حاتم الصكر




## یەشار کەمال. .
## کوردێك ئەدەبی تورکی دەوڵەمەند کرد

نەبوونی کیانێکی سەربەخۆ بـۆ ئێمـەی کـورد زەرەری زۆری پێگەیانـدووین بەشێك لەو زیانە، زیانی سامانی ئەدەبییە، سیاسەتی دەوڵەتانی داگیرکەرو دوژمنـانی ئێمـە چـەندین ئـەدیبی مـەزن و خـاوەن ئـەزموونی لـێ داگـیر کردووین.

یەکێك لەوانـە یەشـار کەمالـە. نـەبوونی دەوڵـەتی سـەربەخۆو داگیرکردنـی سامانی سروشتی و زمانی کوردی هۆکاری بچووك کردنەوەی کـورد بـووە. لەرابردوووشدا ئێمەی کورد خاوەنی سەدان ئەدیب و رۆشنبیری بەئەزموون و مەزن بووین، لەئێستاشدا چەندین ئەدیب و رۆشنبیری مەزن و بەتوانامان هەیە، بەڵام بەداخەوە ناوبانگی ئەو ئەدیبانەی ئێمە بەگوێی خـەڵکی دونیـا نەگەیـشتووەو لـەنێو خۆمانـدا بەگـەورەیی ژیـاوەو لەسـەر ئاسـتی دونیـا نەناسراو، تاهیر بن جەلون و محەمـەد شـوکری ئەگـەر بـەزمانی فەرەنـسی نەیاننووسـی بایـەو بەعـەرەبی بیانووسـی بایـە هـەرگیز ئـەو ناوبانگـەی ئێستایان نەدەبوو. ئەم دوانە عەرەبن، بەڵام نووسینەکانیان موڵکی عەرەب نین، لە نموونەی ئەمانە ئێمە یەشار کەمالمان هەیە، یەشار کەمال رەگەزی کوردو وەلـێ تورکی نووسین کردوویـەتی بـەتورك، گەرچـی بـۆ دونیـا روون بووەتەوە یەشار کوردە وەلـێ ئەدەبەکەی بەئەدەبیاتی تورکی دادەنـرێ و تورکەکان حەقی شانازی کردنیان بـە یەشـارەوە هەیـە. لەمـەش ناخۆشـتر

ئەوەیە تائێستا زۆرێك لە بەرهەمەكانی بەئێمە غەریبەو بەكوردی نەكراون. حەقی ئەوەمان لێ زەوت كرا كە بەئەدەبیاتی كوردی ئەژماری بكەین و هەرچی وەرگێڕەكانیشە لە ئاستی بەرهەمەكانی یەشار كەمالدا سستن، من نالێم كاری بۆ نەكراون و بەرهەمەكانی نەكراون بەكوردی، حەمەدۆك و دەریا تۆراو تەنەكەو ئەگەر مارەكەیان بكوشتایەو. . هتد لەلایەن وەرگێڕەكانەوە كراون بەكوردی، وەلێ دەبوایە كاری زیاتری بۆ بكرایەو زۆرترو زیاتر بەخوێنەری كورد بناسرایەو تەواوی بەرهەمەكانی بەكوردی بكرانایەو لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكرایە، ئەمە لەبەرئەوەی كوردەو هاوكات بەرهەمەكانی لە ئاستێكی مەزندایەو هیچی كەمتر نییە لە بەرهەمی ئەدیبە ناودارەكانی دونیا، بەرهەمەكانی ماركیزو سادقی هیدایەت و ئۆرهان پاموك. . چۆن بۆ ئێمەی كورد پێویستە ئاوەهاش بەرهەمەكانی یەشار كەمال بۆ نووسەرو خوێنەری ئێمەی كورد پێویستە، كاری زۆر كراوە لەمەڕ ئەدەبی یەشار، وەلێ پێویستە زۆرتری لەسەر بكەین و زیاتر بیناسین و زیاتر بەئاگابین لەم مرۆڤە یاخی و بلیمەتەی كە بەدەشتەكانی ئاناوارزدا دا لە هاتوچۆدایە، یەشار لە زۆربەی بەرهەمەكانیدا كار لەسەر ژیانی گوندنشینی توركی و خەڵكی كورد دەكات لە توركیادا و حیكایەتەكانی ژیانی خەڵكانی پەراوێز خراومان بۆ دەگێڕنەوە و بەسەرهاتەكانی ژیانی خۆمان بۆ باس دەكەن و لە زۆربەی بەرهەمەكانیشدا لەپاڵ گێڕانەوەی (سرد) ڕووداوەكاندا وەسفی سروشتی ئاناوارزا و سروشتی دەشت و چیاو رووبارەكانی توركیا دەكات. لە حەمەدۆكدا باسی یاخیبوون و ئاغاو مسكێن دەكات و باسی ژیانی خەڵكی گوند دەكات، كە چۆن ئاغاكان دەیانچەوسێننەوە و حەمەدۆك ئەو زوڵمە دەهەژێنێ. مێژووی ئەم رووداوە بۆ سەردەمی ئاغایەتی دەمانگێڕێتەوەو جۆرێك لە شۆڕشی چەپڕەوی و



فیكری كۆمۆنیستی تێیدا بەدی دەكەین، لە رۆمانی ئەگەر مارەكەیان بكوشتایە یەشار كەمال باسی كێشەیەكی كۆمەڵایەتیمان بۆ دەكات و باسی كوشتنی پیاوێك دەكات كە ژنەكەی و عاشقی ژنەكەی تۆمەتبار كراون بەكوشتنی، ئەم رۆمانە حیكایەتی كۆمەڵایەتیی گوندی توركییایە، لەگەمییەكەی نوحدا باسی ژیانی كۆمەڵێك خەڵك دەكات لە ئەشكەوتەكاندا دەژین و لە سەدەی بیستەمدا خەڵكانێك هەن لە توركیاداو لەئەشكەوتەكانی توركیادا دەژین، ژیانێك وەك ژیانی خەڵكانی چاخی بەردین لە زۆربەی بەرهەمەكانیدا یەشار كەمال باسی ژیانی گوندنشین و هەژاران و خەڵكی كورد دەكات. لە رۆمانی بڕوانە فورات خوێناوییە نووسەر باسی چەوساندنەوەی خەڵكانی غەیری تورك دەكات لە توركیادا، باسی زوڵم و زۆری تورك دەكات لە كورد و ئەرمەن و ئەوانەی كە بەرەگەز یۆنانین. لە دەریا تۆرادا نووسەر باسی دەریا و روحلەبەرەكانی نێو دەریا دەكات و باسی ئەو زوڵمە دەكات، كە لە روح لە بەرەكانی ناو دەریا دەكرێت و باسی راوكردنی دۆلفین و ماسییەكان دەكات و باسی ئەو زوڵم و زۆرە دەكات، كە لە كورد دەكرێت و حیكایەتی رەگەزپەرستی و زوڵم كردنە لە كورد.

یەشار كەمال لەسەر ئاستی جیهان بەیەكێ لە ئەدیبە مەزنەكان ناودەبرێت، لە چاپخانەكانی ئەوروپادا گرینگی بە بەرهەمەكانی دەدرێت و بەتیراژێكی زۆر بۆی چاپ دەكرێت، بەداخەوە ئێمە ناتوانین شانازی بە بەرهەمەكانییەوە بكەین وەك بەرهەمی ئەدەبی كوردی مەگەر شانازی بەوەوە بكەین بڵێین كوردە، ئەو حەقە لە ئێمە و لە خودی یەشار كەمالیش سەندراوەتەوە. بارودۆخی سیاسی نەیهێشت یەشار بە كوردی بنووسێ، وەلێ ئەگەر رێگای پێبدرایە بەكوردی بنووسێ بەم ناوبانگەی

ئێستا دەگەیشت، بەم شێوەیەی ئێستا گرینگی پێ دەردا؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر بەم جۆرە گرینگی پێنەدەدرا. لە ئێستادا لە کوردستانی عێراق ئەو هەلە رەخساوە کە ئەدیبەکانمان بەکوردی بنووسن و ئەدیبی زۆرباشمان هەن لەسەر ئاستی رۆژئاوا، بەڵام لەبەرئەوەی بەکوردی دەنووسن و زمانی کوردیش بەرۆژئاوا نامۆیەو گرینگی پێ نادرێت باشتر بڵێم وەك زمانی نەتەوەیەکی زۆر دواکەوتوو تەماشا دەکرێت و لەلای خەڵکی رۆژئاوا زمانی کوردی زمانێکی ئەوەندە گرینگ نییە تا کاتی خۆیان بەفێربوونی کوردییەوە بکوژن و یاخود بەوەرگێڕانی نووسینی کوردییەوە کاتی خۆیان بکوژن و ئێمە تائێستاش لەدەرەوەی ئەو هاوکێشەیەداین و زمان و ئەدەبمان لای گەلانی رۆژئاوا مایەی گاڵتەپێکردنە. ئێمە خاوەنی کۆمەڵێك نووسەرو ئەدیبی زۆرباشین و وەلێ هەژاریی زمانەکەمان و سیاسەت و زوڵم و زۆری دوژمنانمان تا ئەمڕۆ هۆکاری ئەوەن کە بەرهەمە ئەدەبییەکانمان لە سنووری سێ شار دەرناچن. نووسەرێکی وەك یەشار کەمال تەنانەت لە ئەمڕۆدا و لەدوای ئەو هەموو ئەزموونە ئەگەر بەرهەمێکی خۆی بەکوردی بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە ئەو دەورەی نابێت لەسەر ئاستی دونیادا بەئەندازەی بەرهەمەکانی دیکەی کە بەتورکی نووسیونی و بڵاوی کردوونەتەوە، لەمەش ناخۆشتر ئەوەیە کە ئێمە وەك کورد هێشتا بەتەواوی بە بەرهەمەکانی یەشار کەمال ئاشنا نەبووین هەڵبەت کۆمەڵێك لە بەرهەمەکانی بەئازایەتی وەرگێڕەکان کراون بەکوردی، بەڵام هێشتا چەندین بەرهەمی دیکەی هەن کە حەقە بکرێن بەکوردی و حەقە گرینگی زیاتری پێبدەین و لێکۆڵینەوە لەمەڕ بەرهەمەکانی بکەین و خوێندنەوەمان بۆ بەرهەمەکانی هەبێت. ئەگەر وەکو زمان مافی ئەوەمان نەبێت شانازی بەیەشار کەمالەوە بکەین دەبێت دان بەوەدا بنێین، کە یەشار لە ڕێگای



ئەدەب و لە ڕێگای وتارەکانییەوە بەپێی توانای خۆی مەسەلەی کوردی وروژاند ووە و دەنگی کوردی بەدونیا گەیاند و ئازارەکانی کوردستانی تورکیای کرد بەچیرۆك و بۆ دونیای گێڕایەوە.

## ئیتیل عەدنان
## شیعرێك لە شەقامەكانی بەیرووتدا

لوبنان نیشتیمانێك پڕ لە ململانێی ئاینی و كێشە، وڵاتێك وەك بەهەشت و شەڕ دەیكات بەدۆزەخ، لە لوبناندا مەسیحی و موسڵمانی شیعە و سونە هەیە و هەروەها كۆمەڵێك پارتی عیلمانی و پارتی ئیسلامی هەیە، بە وڵاتی تایفەگەری و وڵاتی فرە رۆشنبیری و فرە نەتەوەیی ناسراوە، جگە لە هێزی یاسایی هێزی میلیشیای تێدایە لەوانە هێزی حیزبوڵڵا، وڵاتێكی فرە شارستانییە، بەیرووتی پایتەختی بەپاریسی رۆژهەڵات ناسراوە، شارستانییەتی ئەم وڵاتە بۆ پێنج هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، لەبارەی ناوی لوبنانەوە چەند بۆچوونێك هەیە، بۆچوونی یەكەم دەڵێت ناوێكی ئاشوورییە و لە( **ل ب ن** ) پێكدێت و بەمانای سپی دێت و بۆچوونێكی دیكە دەڵێت بە مانای دڵی خودا دێت الب =انان بۆچوونی سێیەم دەڵێت بە مانای اللبنی دێت، كە ناوی درەختێكە، جگە لە زمانی عەرەبی بەشێكی زۆری خەڵكەكەی زمانی ئینگلیزی و فەرەنسی دەزانێ، خولاسە كانگای رۆشنبیریی و داهێنانە، خاوەنی چەندین ئەدیب و هونەرمەندی وەك فەیروز و مارسیل خەلیفەو ماجیدە روومی و ودیع سافی و جوبران خەلیل جوبران و ئەمین مەعلوف و جۆرج شحادە و راوی حاج و اقبال شایب غانم و ئیتیل عەدنان و. . . . رۆشنبیرەكانی سەردەمی تازە لە ژێر كاریگەریی شەڕی ناوخۆی لوبنان دەنووسن، شەڕو كاولكاری لوبنان شەڕی خۆخۆری بۆیەكەم جار لەساڵی ١٩٥٨ دەستی پێكرد، لەساڵی ١٩٧٥ئەم شەڕ



تەشەنەی سەند، بەجۆرێك كە مەسیحی و موسڵمان و فەڵەستینی و چەپەكان بەشدارییان تێدا كرد، هەر بۆیە ترسناكی و تراژیدیای ئەم شەڕ لە بەرهەمی نووسەر و رۆشبیری لوبنانی رەنگی داوەتەوە، ئیتیل عەدنان یەكێكە لەو ئەدیبانەی، كە بەرهەمەكانی گوزارشتە لە لوبنانێك، كە جەنگ لە بەهەشتەوە گۆڕیویێتی بۆ دۆزەخ، ئیتیل عەدنان ژنە رۆماننووس و شاعیرو شێوەكاری لوبنانی لە ساڵی ١٩٢٥لە بەیرووت لەدایك بووە، باوكی موسڵمانێكی سووری بووە و ئەفسەر بووە لە سوپای عوسمانی و لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانی توركیا بەجێ دەهێڵێ و لە سوریا نیشتەجێ دەبێت و دایكی مەسیحیی یۆنان بووە، ئیتیلیش لە بەیرووت لەدایك دەبێت و تا خوێندنی ناوەندی لەبەیرووت دەبێت و بەهۆی خوێندنی لە قوتابخانەی كاسۆلیكی فێری زمانی فەرەنسی دەبێت و پاشان سەفەر دەكات بۆ پاریس و لەزانكۆی سۆربۆن فەلسەفە دەخوێنێ، پاشان سەفەری ئەمریكا دەكات و لە فرانسیسكۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان دەخوێنێ، لە ساڵی ١٩٧٢ دەگەڕێتەوە بۆ بەیرووت لە ساڵی ١٩٧٥لە دوای هەڵگیرسانی شەڕ جارێكی تر لوبنان بەجێ دەهێڵێ، هەر لەو سەردەمەدا رۆمانی (الست ماری روز)بەفەرەنسی دەنووسێ كەباس لە شەڕی لوبنان دەكات و باس لە شەڕی ناوخۆ دەكات لە شەقامەكانی بەیرووتدا، لە دوای بڵاوبوونەوەی بەفەرەنسی بۆچەندین زمان وەردەگێڕدرێ، لەساڵی ١٩٩٨ كۆمەڵە شیعری (یوم القیامةالعربیة) بە عەرەبی بڵاودەكاتەوە، لە كالیفۆرنیا هونەری شێوەكاری خوێندووە، یەكێ لە كتێبەكانی پێشكەش بە خەلیل حاوی كردووە، ئەو پیاوەی بە هۆی داگیركردنی خاكی عەرەب لەلایەن جوولەكەوە خۆی كوشت، بەرهەمەكانی ئیتیل عەدنان بریتین لە رۆمانی (الست ماری روز)، ساڵی ١٩٧٨، شعری (من الالف الی الیا ء) ساڵی ١٩٨٥،

( الهندی لیس له حصان وقصائد اخری) ساڵی ١٩٨٥، وتار ( رحلة الی جبل تامالبیس) ساڵی ١٩٨٥،( **سفر الرؤیا العربیة**) ساڵی ١٩٨٩، ( ازاهیر الربیع تعترف وتجلیات الرحلة الحریة) ساڵی ١٩٩٠، (باریس حین تکون عاریة) ساڵی ١٩٩٣، (عن مدن والنسا ء رسائل الی فوان) ساڵی ١٩٩٣، الکتابة بلغة اجنبیة ساڵی ١٩٩٦، هناك فی ضیا ء وظلام الذات والاخر ساڵی ١٩٩٧، فی قلب بلاد اخری ٢٠٠٥، ئیتیل عەدنان ژنە هونەرمەند و ئەدیبی لوبنانی زۆربەی بەرهەمەکانی لەبارەی داگیرکاری خاکی عەرەب و شەڕی ناوخۆی لوبنانە و بەو رۆحیەتەوە کار دەکات، بەرگری لە خاك و نەتەوەی عەرەبی دەکات و گەرچی ئیتیل بەعەرەبی نەینووسیوە و خزمەتی زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی کردووە و بە نووسینەکانی خزمەتێکی زۆری زمانی فەرەنسی کردووە، بەڵام ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی گوزارشتن لە ژیان و بەسەرهاتی عەرەب و باس لە شەڕی ناوخۆی لوبنان دەکات و نەخشەکێشی ڕووداوەکانی نیشتیمانی عەرەبیە و بە شیعری مناهضة لحرب فیتنام، دونیای شیعری ئینگلیزی داگیر دەکات، بەرهەمەکانی ئیتیل عەدنان دەربارەی عەشق و جوانی مەنفا و شەڕ و داگیرکارییە، کاریگەریی شەڕی ناخۆی لوبنان هانی دەدات بۆنووسینی رۆمانێك، ئیتیل وەك راوی حاج و اقبال شایب چیرۆکی شەڕ و کاولکاری بەیرووت دەگێڕێتەوە، رۆمانی الست ماری روز ڕووداوێکی راستەقینەیە و چیرۆکی ژیانی هاوڕێیەکی خۆیەتی، کە لە شەڕی ناوخۆی لوبناندا دەکوژرێت، نووسەر لەم رۆمانەدا باسی ڕووداوەکان شەڕی ناوخۆی لوبنان دەکات، ئەو شەڕەی لەنێوان مەسیحییەکان و موسوڵمانەکاندا بەرپابوو، ئەم شەڕە هێندە کاریگەربوو، لای زۆرێك لە رۆماننووس و شاعیر و سترانبێژ و دەرهێنەرە لوبنانییەکان بوو، بە خامەی نووسین و کرا بە فیلم و شیعر و رۆمان. . ململانێ نێوان



لوبنانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا درێژەی کێشا بۆ ساڵانی نەوەدەکان و لەم دواییانەشدا شەڕ و پێکدادان بەرپابوو، لوبنان ئەو وڵاتەیە، کە عەرەبەکان شانازی پێوە دەکەن و بە ئەورووپای نیشتیمانی عەرەبی دەزانن، فەرەنسی زانین بۆ لوبنانییەکان شتێکی ئاساییە و خوڵاسە لە هەموو روویەکەوە پێشکەوتوون، لە بواری ئەدەبیشدا خاوەنی چەندین ئەدیبی داهێنەرن و لە رووی بابەتی چاپخانە و بڵاوکراوەشدا لە پێشەوەن، ئیتیل عەدنانیش یەکێکە لەو ئەدیبانەی، کە لەنێوەندی ئەدەبی لوبنانیدا ناو وناوبانگی هەیە و بە بەرهەمەکانی خزمەتی زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر بەو بەرهەمانە کێشەی عەرەب و تراژیدیای لوبنانی بەدونیای ئەدەبی جیهانی گەیاندووە، چالاکانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا رۆیشتووە و لە ئەدەبدا بەسەری کردوونەتەوە و بەشێك لە نووسینەکانی بۆ ژیانی ژنانی عەرەبی و لوبنانی تەرخان کردووە، لە قووڵایی ڕووداوە غەمگین و ترسناکەکانی نیشتیمانی عەرەبیدا بووە، رۆژگاری دۆزەخی بەیرووتی کردووە بە شیعر، بەرۆمان، بەوتار، ئیتیل عەدنان مرۆڤێك لەنێوان مەسیحیەت و موسڵماندا، لە دایکێکی مەسیحی و باوکێکی موسڵمان ئەدیبێکی چالاك دێتە بەرهەم، کە مرۆڤبوونی لە رۆحیدا هەڵگرتووە، لە نێوان مەسیحیەت و موسڵمانێتیدا مرۆڤ هەڵدەبژێرێ، لوبنان هەڵدەبژێرێ، جەنگی لوبنان عەزابی دەدات و سەرئەنجام دەبێت بە ئیلهامی نووسین.

## غائیب توعمە فەرمان. .
## لە میسرەوە بۆ مۆسکۆ

مرۆڤێکی زێدە چالاك و ئەدیبێکی نێوداری عێراق بووە، هەر لە منداڵییەوە نەخۆشی ئازاری دەدا، تازە پێدەگەیشت، ئەو دەردە بوو بە چارەنووسی، بۆ چارەسەری ئەو نەخۆشییە ڕووی لە میسر کرد، غائیب توعمە فەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشی ڕووی لە میسر کرد، بەڵام ژیانی لە قاهیرە ئاراستەی ئەوی گۆڕی و بەرەو ئەدەب هەنگاوی نا، دانیشگەکانی سەلامە موسا و نەجیب مەحفووز ئاراستەی ژیانی ئەویان گۆڕی، چایخانەی ئۆپێرا لە میسر یەکەم ویستگەی ئەو دەبێت، لێرەوە دەروازەی ئەدەب بەڕوویدا کرایەوە، لە چایخانەکانی قاهیرەوە، قۆناغی ژیان و ئەزموونی ئەدەبی غائیب دابەش دەبێت بەسەر ئەزموونی کەلتووری عەرەبی، ئەزموونی شیعر، پەخشان، ڕۆمان، پاڵەوانی ڕۆمانەکانی غائیب مرۆڤە ڕاستەقینەکانی نێو کۆمەڵگەی عێراقین، بەڵام بە تەکنیك و شێواز و خەیاڵی ئەدەبی، بەرهەمەکانی گوزارشتن لە ژیانی بەغداد و پاڵەوانەکانی لەشەقامەکانی بەغدادا دەژین، عێراقی خوێناوی مەودای ژیانی نەدا و شەڕ ترسناکە یەك لە دوای یەکەکان هۆکاری هەڵهاتنی خەڵکی عێراق بوو بەرەو ڕۆژئاوا، غائیب توعمە فرمانیش وەك هەر یەکێك لەو عێراقیە هەڵهاتووانە ڕوو لە تاراوگە دەکات و لە مۆسکۆ نیشتەجێ دەبێت، یەکەم چیرۆکی بەناوی (مصرية فی العراق) لە گۆڤاری الجزیرە دا بڵاو کردەوە، سێ چیرۆکی لە گۆڤاری (الرسالة مصرية)



بڵاوکردووەتەوە، ساڵی ١٩٥٤ لە پاش گەڕانەوەی لە میسر کۆلێژی ئەدەب لە بەغدا تەواو دەکات، پاشان لە بەشی شکایەت لە ڕۆژنامەی ئەهالی دادەمەزرێت و ئەم کارە یارمەتی زۆری دەدات بۆ نووسینی چیرۆك و ڕۆمانەکانی، شکایەتی خەڵکی غائیب توعمە فرمان لە گرفتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی ئاگادار دەکاتەوە و هەر بۆیە ڕۆمانەکانی چیرۆکەکانی گوزارشتن، گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی دەبنە ڕووداوی ڕۆمانەکانی غائیب، لە پاڵ ئەم کارەدا وەك مامۆستای عەرەبی خزمەتی پەروەردە دەکات، پاش ماوەیەك دەچێتە لوبنان و لە شەستەکانیشدا دەچێت بۆ ڕووسیا، خوێنەرێکی باشی کلتوور و مێژوو و هونەر و کۆمەڵایەتی عێراق بووە، غائیب لە مۆسکۆ دەژیا و ڕۆمان وچیرۆکەکانی لە واقیعی عێراق بوو، لە مۆسکۆ وە واقیعی سەختی عێراقی دەکرد بە چیرۆك، لە تاراوگەوە ئاگای لە ڕووداوەکانی عێراق بووە، ڕووداوی چیرۆك ڕۆمانەکانی لەبارەی ژانی عێراقییەکانەوە بووە، لە سەرەتای ژیانییەوە ئەو نەخۆشییەی سییەکانی ئازاری دەدا و بەدەم ئازارەوە پەرەی بە ئەدەب دا و داهێنانی کرد، لە پاش شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە ململانێی چەپڕەو و ڕاستڕەوی نەتەوەیی لە عێراقدا دروست بوو، غائیب مەیلی بەلای چەپڕەویدا بوو، لە ژێر کاریگەریی بیری چەپدا ژیانی پڕ کێشە و تراژیدیای مەرگ و برسێتی و ترس و هەژارانی عێراق بوون بە بابەت و ڕووداوی ڕۆمانەکانی، غائیب نەوەی تازەگەری عێراقە و لە نەوەی مەحمود بریکان و حوسێن مەردان و مونیر بەشیرو. . . غائیب میراتگەری ڕۆمانی عێراقی لە تاراوگەوە عێراقی لەبیر نەکرد و عێراقی شەڕ و شۆڕش و کاولکاری بوو بە ڕووداوی ڕۆمانەکانی، گێڕەرەوەی چیرۆکەکانی شار و ژیانی خەڵکی هەژار و ڕووداوی خەڵکی هەلپەرست و شەڕە تۆقێنەرەکانی عێراق، کێشە

کۆمەڵایەتییەکانی دەکرد بە بابەتی نووسینەکانی، عێراق بە کوردستانی باشووریشەوە بەدەست کۆمەڵێ گرفتی دیاریکراوەوە دەیانناڵاند، کێشەی کۆمەڵایەتیی و ئاین و کەلتوور و نەتەوە و شووناس و شەڕی ناوخۆی نەتەوەکان و ئازادی سێکس و زمان. ئەمانە ڕووداوی ڕۆمانە عێراقییەکان بوو، سەردەمی غائیب سەردەمی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بوو، دکتۆر عەبدلئیلا ئەحمەد لە کتێبەکەیدا (نشاة القصة وتطورها فی العراق) ئاماژە بە ڕۆمان و چیرۆکی عێراقی ئەو ڕۆژگارە دەدات و دەربارەی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەدوێت لە ئەدەبی عێراقیدا، لە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزەوە کێشەکان تەشەنەیان سەند و گرفتی نەتەوەیی و سیاسیی و ململانێی چەپرەوی و ڕاسترەوی هاتە ئاراوە، غائیب وەك هاوسەردەمەکامی گوزارشتی لەو ڕووداوانە دەکرد، کە لە عێراقدا ڕوویان دەدا، بەرهەمەکانی غائیب توعمە فرمان بریتین لە (حصاد الرحی کۆمەڵە چیرۆك ١٩٥٤– (مولود آخر) کۆمەڵە چیرۆك ١٩٥٥– (النخلة والجیران) ڕۆمان ١٩٦٦– (خمسة اصوات) ڕۆمان ١٩٦٧- (المخاض) ڕۆمان ١٩٧٣– (القربان) ڕۆمان ١٩٧٥– (ظلال علی النافذة) ڕۆمان ١٩٧٩– (الام السید معروف) ڕۆمان ١٩٨٠– (المرتجی والمؤجل) ڕۆمان ١٩٨٦– ( **المركب**) ڕۆمان ١٩٨٩–ئەو بەرهەمانەی کە وەریگێڕاون بۆ سەر زمانی عەرەبی بریتین لە بەرهەمەکانی تورگنیف لە پێنج بەرگ پێکدێت، (القوزاق – تۆڵستۆی، کۆمەڵە چیرۆکێکی دۆستۆیڤسکی، کۆمەڵە چیرۆکێکی مەکسیم گۆرکی، (المعلم الاول –یتماتۆف)، بەرهەمەکانی پۆشکین، بەرهەمی لوشین کە یەکێکە لە ڕۆشنبیرە ناودار و بەتواناکانی وڵاتی چین غائیب توعمە فرمان لە شەستەکانی سەدەی بیستدا وەریگێڕاوە بۆ سەر زمانی عەرەبی.



ئەمانە کۆی ئەو بەرهەمانە بوو، کە غائیب بە نەخۆشی و لە تاراوگەوە نووسیونی و وەریگێڕاون، ئەم ڕۆماننووسە عێراقیە بە یەکێ لە باشترین و ڕۆمانووسەکانی عێراق دادەنرێت و لە تاراوگەوە ژان و عەزابی کۆمەڵگەی عێراقی کرد بە ڕۆمان و چیرۆك، پاڵەوانەکانی لە شەقامەکانی پایتەختدا دەگەڕێن، ئەو ڕۆحانەن کە لە شەقامی ڕەشید و بازاڕی شۆریجە و. . . . دەگەڕێن، ئەو مرۆڤە غەمگینانە، کە شەڕ و ماڵوێرانی و هەژاری سەری لێ شێواندوون، ئەدەبی غائیب توعمە فرمان لە میسر سەری هەڵدا و لە مۆسکۆ گیرسایەوە و نیگاری عێراقی کێشا.

## نیرۆدا لە نێوان سیاسەت و ئەدەبدا

پاپلۆ نیرۆدا شاعیری ناوداری ئەمریکای لاتین لەساڵی ١٩٠٤ دا لە چیلی لەدایك بووە، هێشتا ساوا بوو دایکی مرد و پاش مردنی دایکی باوکی بڕیاری گواستنەوەدەدات بۆ تیمۆکۆ و نیرۆدا لەوێ دەژی، لە سیانزە ساڵییەوە شیعر دەنووسێ، ساڵی ١٩١٠ دەچێتە قوتابخانەی تیمۆکۆ، ساڵی ١٩٢٠خوێندن تەواو دەکات، ساڵی ١٩١٧ یەکەم وتاری خۆی لە ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی تیمۆکۆ بڵاوکردووەتەوە، ساڵی ١٩١٨ یەکەم شیعری خۆی لە گۆڤاری (کوری فویلا) بڵاوکردووەتەوە، بۆ شیعری (لیلة قمرية)خەڵاتی ساڵی شیعری وەرگرتووە، ساڵی ١٩٢٠ ناوی خۆی لە نیفالی ریکاردۆ راییس بازاولتو وە دەگۆڕێت بۆ پاپلۆ نیرۆدا، هەمان ساڵ خەڵاتی جەژنی بەهار وەردەگرێت بۆ شیعر، ساڵی ١٩٢١ بۆ خوێندنی ئەدەب دەچێتە سانتیاگۆ، ساڵی ١٩٢٢ سەرەتای دەست بەکاربوونییەتی لەگۆڤاری (کلاریداد) و ساڵی ١٩٢٣ چل وتاری ڕەخنەیی بەناوی خوازراوەوە (ساشکا) نووسی و لە گۆڤاری کلاریداد بڵاوی کردەوەتەوە، ساڵی ١٩٢٤ یەکەم دیوانە شیعری بەناوی (عشرون قصيدة حب واغنيية يائسة ) بڵاوکردەوە، ساڵی ١٩٢٥ دەبێت بە سەرنووسەری گۆڤاری کابالو دوباستوس، لە ساڵی ١٩٢٧ دەچێتە دونیای سیاستەوە ودەبێت بە باڵیۆز لە بیرمانیا، ١٩٢٨ لە کۆلۆمبیا دەبێت بە باڵیۆز و پاشان لە سەیلان وسنگافور و بەرشەلۆنە و مەدرید و. . . چەندین وڵاتی دیکە، لە ساڵی ١٩٢٨ لەگەڵ ماری ئەنتۆانیت ئەجیناز ژیانی هاوسەری پێکدێنێت، ١٩٣٣



کۆمەڵێك لە شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە، دوای ئەوەی لە ئیسپانیا دەبێت بەباڵیۆز بە هۆی کوژرانی لۆرکای هاوڕێیەوە لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا نیرۆدا ئیسپانیا بەجێ دەهێڵێ، ساڵی ١٩٣٨ (ئیسپانیا لە دڵدا) بڵاودەکاتەوە و ساڵی ١٩٤٢سەفەری کوبا دەکات و هەر لەوێ (گۆرانییەکانی خۆشەویستی لە ستالینگراد) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٩٤٥ دەبێت بە سیناتۆر لە باکووری چیلی و هەر ئەو ساڵە خەڵاتی ئەدەبی نیشتیمانی چیلی وەردەگرێت وپاشان دەچێت بۆ بەرازیل، ساڵی ١٩٤٨ وتارێك بەناوی (اتهم) دەنووسێ کە رەخنەیە لە دەسەڵاتی چیلی و ئیتر ڕووبەڕووی مەترسییێکی کوشندە دەبێتەوە و بە ناچاری روو لە پاریس دەکات، ساڵی ١٩٥٠ دەچێتە هندستان و لەوێ نەهرۆ دەبینێ و هەر هەمان ساڵ خەڵاتی ئاشتی وەردەگرێت، ساڵی ١٩٥٤ شیعرە سیاسییەکانی بەدوو بەش بڵاودەکاتەوە و هەروەها دیوانی (کل حب ) بڵاودەکاتەوە، ساڵی ١٩٥٨ دیوانی(مئة قصيدة حب) بڵاودەکاتەوە، ١٩٦٤ کتێبی یادەوەرییەکانی لە پێنج بەرگدا بڵاودەکرێتەوە بەناوی (الجزيرة السوداء)، ئەمەش بە هۆی یادی شەست ساڵەی تەمەنییەوە، ١٩٦٥ لە زانکۆی ئۆکسفۆرد دکتۆرای پێدەبەخشرێ، ١٩٦٦ لەگەڵ ماتیدا دا ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێت، ١٩٦٩کتێبی (نهاية العالم) بڵاودەکاتەوە و هەر لەم ساڵەدا دەبێت بە پاڵێوراوی پارتی شوعیی چیلی بۆ سەرۆك کۆماری و پاشان بەهۆی رێککەوتنێك دەکشێتەوە، کاتێك سلڤادۆر ئەلەندی دەبێت بە سەرۆك کۆمار نیرۆدا دەبێت بە باڵیۆزلە پاریس و ساڵی ١٩٧١ نۆبڵ وەردەگرێت،١٩٧٣ کتێبێك لەسەر شۆڕشی چیلی بڵاو دەکاتەوە و هەرهەمان ساڵ بە نەخۆشی لە بیمارستانی سنتیاگۆ دەمرێت و پاش

مردنی کتێبێکی بڵاونەکراوەی بڵاو دەکەنەوە بەناوی ( الوردة المفصولة والبحر والأجراس).

ئەگەر تێبینیی ئەم ژیاننامەیەی پاپلۆ نیرۆدا بکەین دەبینین، کە ئەدیبێکی داهێنەر و سیاسییەکی چەند چالاك بووە، ساڵێك نییە لە تەمەنیدا خەڵاتێکی وەرنەگرتبێت و یاخود چالاکییەکی ئەنجام نەدابێت، کەسایەتی نیرۆدا مرۆڤێکی بەتوانا و چالاك بووە،لە بواری سیاسەتیشدا سیاسییەکی بلیمەت بووە وەك کەسایەتییەکی بەتوانای پارتی شوعیی چیلی لەکایەی سیاسەتدا یاریزانێکی بە ئەزموون بووە، چەندین پۆستی وەرگرتووە و زۆرینەی پۆستەکانی باڵیۆزی بووە، بەهۆی ئەم کارەوە زۆربەی وڵاتانی دونیای دیوە و چەند وڵاێکیشی بەهۆی ئاوارەیی و هەڵهاتن لە دەسەڵاتەوە دیوە، گەشتەکانی پاپلۆ نیرۆدا دوو جۆرن، جۆرێکیان گەشتی پاپلۆ نیرۆدایەکە وەك نێردراوی دەوڵەت وەك باڵیۆز چووەتە وڵاتانی دونیا و بەشێکی دیکەی گەشتەکانی بەپێچەوانەوە هەڵهاتن بووە لە دەسەڵات بەهۆی نووسینە رەخنە ئامێزەکانی وتاری (اتهم) وەك نموونەیەك کە بەهۆیەوە لە دەسەڵاتی چیلی هەڵهات ولەئەوروپا گیرسایەوە،بۆیە نیرۆدا وەك باڵندەیەك هەمیشە لە فڕیندا بووە، فرین بەدونیای سیاسەت و بەئەدبدا، ئەو سەردەمەی نیرۆدا تێدا ژیاوە سەردەمی هەڵگیرسان و شۆڕش بووە، بیری چەپڕەوی دونیای گرتبووەوە و نادادپەروەریش و ئەشکەنجە و ئازاری دەرەبەگ مرۆڤەکانی دونیای دەچەوساندەوە، نیرۆداش وەك نازم حیکمەت و یەشار کەمال و خوان رۆڵفۆ و پریڤەر و سەمەدی بەهرەنگی. . . هتد ئەدەب و سیاسەت و مرۆڤدۆستی تێکەڵ کرد، لە ئەمریکای لاتینەوە بۆ تورکیا بۆ تەواوی دونیا دەربەگ و دەسەڵات بەیەك پرۆگرام کاریان بۆ چەوسانەوەی مرۆڤ کرد و جووتیار و کرێکارانیش



وەك چینی ژێر دەستە وردە وردە لە دەوری ئایدۆلۆژیایەك کۆبوونەوە، کە سەرچاوەکەی مۆسکۆ بوو، لە مۆسکۆوە بۆ ئەوروپا و بۆ چین و بۆ تەواوی وڵاتانی دونیا، ئیدی شیعرەکانی نیرۆداش لەژێر کاریگەریی ئەدەبی سوریالی و ئەدەبی ئیشتراکیدا سنوورەکانی بڕی و بەبێ پاسپۆرت لە تەلبەندی سنوورەکانی وڵاتانی دونیاوە دەچووە ژوورەوە، شیعری پاپلۆ نیرۆدا گوزارشت بوو لە نادادپەروەری و ئازاری مرۆڤ و زۆرداریی دەرەبەگ و خەمی نان و هەژاری و هاوکات شاعیر عەشق و جوانی و فەلسەفەیە و لە شیعرەکانیدا بۆ قووڵایی مردن گلۆر دەبێتەوە و وەك هاودەمەکانی کابوس و ئەشکەنجە و ئازاری مرۆڤایەتی دەکات بە شیعر و لە شیعریشەوە شۆڕش هەڵدەگیرسێ، شیعر هەمیشە ئاگردانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکان بووە، لە ئازاری مرۆڤ هیوای خولڨاندووە، وەك خۆی دەڵێت من ئازارەکانی خەڵك دەکەم بەهیوا.

نیرۆدا شاعیری مرۆڤدۆستی گوزارشت لە چارەنووسی مرۆڤەکان دەکات لە سەردەمی دەرەبەگدا، هەر بە هۆی ئەو ڕاست گوتنەوە هەمیشە لە بۆسەدا بووە و لە ماڵی هاوڕێکانیدا خۆی گەمارۆداوە و لە تاراوگەدا ژیاوە، تا ئەو کاتانەی، کە لە چیلیدا کودەتا ڕووی داوە و چەپڕەوەکان دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست، لە پاڵ سیاسەتدا عەشقی کردووە و عەشقی کردووە بە شیعر و چیژی لە سەفەر وەرگرتووە و کلتووری وڵاتانی ناسیوە و سەرباری ئەم هەموو سەرقاڵییە لە خەمی ئەدەب و رۆشنبیریدا بووە و بۆ سوود گەیاندن بەخەڵکی وڵاتەکەی کاری وەرگێڕانی کردووە، شیعری نیرۆدا بە چەند ئاراستەیەکدا رۆیشتووە، ئاراستەیەکیان بۆ عەشقە و شیعر و غەزەلی بۆ عەشق و ئازارەکانی عەشق نووسیوە، وەك دیوانی بیست قەسیدەی خۆشەویستی کە لە ڕۆژگاری گەنجێتیدا بڵاوی کردووەتەوە، ئاراستەیەکی

دیکەی شیعری نیرۆدا ئاراستەی ماتەرییە ودیوانی (اقامة في الارض) وەك نموونە. لەم شێوازەدا نیرۆدا دەچێتە دونیای شتە شاراوەکانەوە و نیگاری حوزن و ئازار و کابوس دەکێشێت و هاوکات باس لە ئاڵۆزی شتەکان دەکات، ئاراستەیەکی دیکەی شیعری مەلحەمییە کە لەسەر شێوازی والت ویتمن دەنووسێ و شیعر بۆ ئازادی مرۆڤ و ململانێی چینەکان دەنووسێ، ئاراستەیەکی تر شیعری نیرۆدا بۆ باڵندەکان و سروشت و هەستەکانی ئەوە بۆ باڵندە، جۆرێکی تری شیعر نووسین لای ئەو شیعری مرۆڤ دۆستییە نیرۆدا هەندێك لە شیعرەکانی بۆ ئازادی مرۆڤەکانی چیلیە و گوزارشت لە ژیانی خەڵکی چیلی و چەوساندنەوەی هەژاران لەلایەن دەرەبەگەکانەوە، هەروەها شیعر بۆ شۆڕش و بۆ ڕاپەڕینی شوعییەکان، هاوکات مرۆڤدۆستی لای ئەو لە هەموو شتێك گرینگترە و بەشێك لە شیعرەکانی بۆ ئازادی مرۆڤەکانە لە سەرانسەری دونیادا بەمەش ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، کە نیرۆدا لەژێر کاریگەریی بیری چەپڕەویدا خەمی مرۆڤایەتی لە کۆڵ خۆی دەنێت، وەك لە شیعرێکدا دەڵێت (گۆڕانی گوتنی من هەموو مرۆڤایەتی تێدا کۆدەبێتەوە) لە خەمی مرۆڤایەتییەوە بۆ خەمی کوشتنی لۆرکای هاوڕێ، لە شیعری ئازارەکانی مرۆڤەوە بۆشیعری ئازارەکانی کوشتنی لۆرکا، شیعری نیرۆدا وەك کۆترێك بەئاسمانی دونیادا دەفڕێت و لە ئاسمانی ئەورووپاوە بۆ ئاسمانی مەملەکەتی عەرەبی گۆڕانییەکانی بۆ جوتیار و کرێکار و عاشقان بووە، گەشتیارێکی سیاسی و موسافیرێکی هەست ناسکی ئەدەب بووە، ساوا بوو، کە دایکی مرد و لەگەڵ گەورەبووندا هۆشیاری رووی تێکرد و هەر زوو چیلی کرد بە دایکی یەکەمی و زەویشی کرد بەدایکی دووەمی وەك هەموو رۆشنبیرانی چەپڕەو شیعری کرد بە ئامرازێك بۆ شۆڕش لە دژی دەرەبەگ و ئەوانەی کە مرۆڤ دەچەوسێننەوە،



گوزارشت کردن لە خەمی مرۆڤایەتی لە هەموو کون و کەلەبەرێکی گۆی زەویدا هۆکاری بەدنیایی بوونی نیرۆدا بوو، ئەو بۆ مرۆڤایەتی نووسی بۆ ئەو مرۆڤانەی کە دەچەوسێنەوە، نیرۆدا شاعیری نان و ئازادی و عەشق و جووتیارە هەژارەکانە.